دواهەمین شەوی سەرۆك

یاسمینە خەزرا

وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی

ئامادەکردن لۆ

PDF

Srûd Majid

لۆ دەستکەوتنی نوێترین
کتێبەکان بە PDF
سەردانمان بکەن بەم ناونیشانە

PDF LO KÛRD

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.org
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400

دواهەمین شەوی سەرۆك

دواهەمین شەوی سەرۆك

یاسمینە خەزرا
وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی

زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب

سەرپەرشتیاری زنجیرە
سیروان مەحمود

ناوی کتێب: دواهەمین شەوی سەرۆک
ناوی نووسەر: یاسمینە خەزرا
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئازاد بەرزنجی
بابەت: ڕۆمان
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٧
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
نرخ: (٦٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٥٣)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێ دراوە.

سەرچاوە:

ليلة الريس الأخيرة، ياسمينة خضرا
ترجمة: انطوان سركيس
دار الساقي، الطبعة الأولى ٢٠١٦

مافی ئەم کتێبە پارێزراوەکە
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، چا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

یاسمینە خەزرا و ڕۆمانی
"دواهەمین شەوی سەرۆک"

نووسەری فرانکفۆنی "یاسمینە خەزرا،" کە لە ڕاستیدا ئەمە ناوی هاوسەرەکەیەتی و خۆی ناوی "محەمەد مولسهول"ە (کاتی خۆی، لەبەر ئەوەی نەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی دادگای سوپا، بە ناوی یاسمینەی هاوسەریەوە نووسینەکانی بڵاو کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەپێی دەستووری جەزائیری ئەوسا، نووسین بۆ ئەوانە قەدەغە بوو، کە لە ڕیزی سوپادا بوون.) لە ١٠ی جەنیوەریی ١٩٩٥دا، لە ناوچەی قەنادیسەی سەر بە ویلایەتی بەشار، لە باشووری خۆرئاوای جەزائیر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، چووەتە قوتابخانەی سەربازییەوە و دواجاریش ئەکادیمیای سەربازی تەواو دەکات و پاشان بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ و تا سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٠ لە ڕیزی سوپادا دەمێنێتەوە، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە ئیتر لە سوپادا نامێنێت و خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان دەکات.

یاسمینە خەزرا، یەکەم کاری بریتی دەبێت لە کۆمەڵەچیرۆکێک بە ناوی "حۆری"یەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٣دا دەینووسێت، بەڵام یانزدە ساڵ دوای ئەوە دەرفەتی چاپکردنی بۆ دەڕەخسێت، یەکەم ڕۆمانیشی بە ناوونیشانی *مۆرتیتۆری* یەوەیە و لە ساڵی ١٩٩٧دا بەچاپی دەگەیەنێت.

ڕەنگە بەشێکی زۆر لە خوێنەران ئەو پرسیارەیان لابووروژێت، کە پیاوێک ئەو هەموو ساڵەی تەمەنی لەناو سوپادا بردبێتە سەر، چۆن توانیویەتی بێتە ناو دنیای داهێنانەوە؟ گەرچی هەندێ نووسەری گەورەی دنیا هەن، کە ئەوانیش بەشێکی زۆری تەمەنیان لە سەربازیدا بردۆتە سەر و بەڵام دواتر ئەو ژیانەیان لە کارە ئەدەبییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە مایەی خولقاندنی شاکاری گەورە. هەر بۆ نموونەش لەو نووسەرانە؛ هەمینگوای و ئەگزۆپیری.

لە ڕاستیدا، گەرچی محەمەد مولسهول (واتە یاسمینە خەزرا)، دانی بەوەدا ناوە کە ژیانی سەربازیی، ژیانێکی سەخت بووە، لەو ڕووەوەی کە ئاسۆی بیرکردنەوەی ئازاد و داهێنانی لا بەرتەسک کردووە، بەڵام ئەو، سەرباری ئەمەش، سوور بوو لەسەر هەڵبژاردنی دنیای داهێنان و درێژەی بەو ژیانە دوولایەنەی خۆی دا، واتە بەڕواڵەت ئەفسەر و لەناویشەوە نووسەر، تا لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئیتر بەیەکجاری ماڵئاواییی لە ژیانی سەربازی کرد.

لە ڕۆمانی *نووسەرەکە*دا، کە پتر لە بایۆگرافییەک دەچێت، یاسمینە باس لەوە دەکات کە چۆن چووەتە سوپاوە، بەڵام هەمیشە خەونی بە نووسینەوە بینیوە.

ئەو باس لەوە دەکات، کە هەر لە منالییەوە حەزی

کردووە ببێت بە شاعیرێکی وەکو موتەنەبی، بەڵام دوای ئەوەی فێری زمانی فەرەنسی دەبێت، سیحری ئەم زمانە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی دەکات و لەوەودوا بیر لەوە دەکاتەوە بەفەرەنسی بنووسێت. هەروەها دەڵێت ئەگەرچی بە فەرەنسی دەنووسم، بەڵام هەر خۆم بە جەزائیری و بە عەرەب دەزانم و گلەیی لەوەش دەکات، کە لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە ڕۆمانەکانی بۆ پتر لە چل زمانی جیهانی وەر گێڕدراون، لە درەنگانێکدا عەرەبەکان بیریان لەوە کردۆتەوە، کە کارەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەر بگێڕن، بەڵام دەشڵێت بەفەرەنسی نووسین بۆ ئەو دەرفەتێکی گەورە بوو، چونکە دەرگایەکی فراوانی بەڕوودا کردەوە و لە کاتێکدا بەتەنها لە فەرەنسادا نیوملیۆن دانە لە ڕۆمانی *مێیمەی* فرۆشراوە و ڕۆمانی *پەرەسێکەکانی کابولیش* سێ سەد و پەنجا هەزار دانەی لێ فرۆشراوە، کەچی لە وڵاتانی عەرەبی بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە.

ئەو لە جێیەکدا دەڵێت، "دوای ئەوەی جەزائیرم جێ هێشت، دەستم نەکردەوە بە نووسین بە زمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی داهێنان لای عەرەب لە پەراوێزدایە و عەرەب ڕێز لە نووسەرەکانی خۆیان ناگرن... لە کاتێکدا کارەکانم لە ئیسپانیا و ئەمەریکا و ئەڵمانیا و یۆنان و پۆڵۆنیادا وەر گێڕدراون، بگرە تەنانەت لە ئیسرائیلیش، ئیسرائیلییەکان داوایان لێ کردم سەردانی قودس بکەم، گەرچی من نەچووم، بەڵام عەرەبەکان بۆ تاقە جارێکیش، بایەخیان بە کتێبەکانم نەداوە." ل١٨٧

یاسمینە خەزرا، نووسین بە جۆرێک لە بەهرە دەزانێت

و ڕۆڵی دایکیشی دەنرخێنێت، لە گێڕانەوەی حیکایەتدا لەناو خێڵەکەیاندا. ئەو دەڵێت، "نووسین لای من بەهرەیەکی ئاسمانییە. دایکم کە ژنێکی سارانشین بوو، توانایەکی سەیری هەبوو لە گێڕانەوەی حیکایەتدا لەناو خێڵەکەیاندا، من ئەو بەهرەیەم لەوەوە بۆ ماوەتەوە. هەروەها دان بەوەدا دەنێم، کە کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی کارەکانی ئەلبێر کامۆ و کاتب یاسین و نازم حیکمەت و نیچە و دۆستۆیڤسکی و شتاینبێک و گۆرکییەوە. ئەو نووسەرانە بە ڕێنوێن و نموونەی باڵای خۆم دەزانم، بەڵام لە هەمان کاتدا دان بەوەشدا دەنێم، کە ڕێگایەکی تایبەت بە خۆمم دۆزییەوە لە نووسیندا و سەرچاوەکانم یادەوەریی ئەزموونی تاکەکەسیی خۆمە لە ژیانمدا. ویستم لە ڕۆمانەکانمدا، دەنگی ئەدەب لە دەنگی تۆپەکان بەرزتر بێت. دەزانم ئەم ئەرکە دژوارە، بەڵام ئەمە تاقە ڕێگایە و بژاری تر نییە." ١٨٤-١٨٥

تێمای زۆربەی ڕۆمانەکانی یاسمینە خەزرا، بریتین لە دین و توندوتیژی و تیرۆر. ئەو بەتایبەتیش لەسەر کۆمەڵگای هاوچەرخی عەرەب دەنووسێت، گەرچی هەندێ جار خۆی لە قەرەی وڵاتانی تریش دەدات، هەر وەکو چۆن ئەوەی لە *پەرەسێکەکانی کابوڵدا* کردووە و شانۆی ڕووداوەکان، ئەفغانستانە.

یاسمینە خەزرا، گەرچی بە جۆرێک لە سڵەوە ڕوانییە ڕاپەڕینەکانی عەرەب و ناوی نەنان شۆڕش، بەڵکو زیاتر بە یاخیبوون یان ڕاپەڕینی لەقەڵەم دان، بەڵام ئەو دەڵێت ئەو گەلەی بەرگری لە ئازادیی خۆی نەکات، شایانی سەرکوتکردن و بێبەشکردنە. خەڵکی دەبێ بزانن، کە ئەوان

گەورەترین هێزن و لە توانایاندایە گەورەترین دیکتاتۆر لەسەر حوکم لا ببەن، چونکە بەلای ئەوەوە "ئەوە لاوازییە، کە وا لە خەڵک دەکات ئەوانی تر بە بەهێز بزانن."

بەڵام یاسمینە ئەوەشی نەشاردۆتەوە، کە ئەو سل لەوە دەکاتەوە ئیسلامییەکان دەسەڵات بگرنە دەست، لەبەر ئەوەی ئەوە دەبێتە مایەی کارەسات، بەتایبەتیش بۆ سەر ئازادییەکان و ڕۆشنبیری و هونەر. ئەو دەڵێت، "من ترسم لەوانە هەیە، کە ڕقیان لە شیعر و سینەما و شانۆیە و سزای کەسێک دەدەن کە بە دەنگی بەرز پێبکەنێت." هەروەها دەڵێت، "مافی خۆمە لە ژیانمدا ئازاد بم." ل٣٦

ئەم ڕۆمانە

ئەوەی پێویستە سەبارەت بەم ڕۆمانەش بیڵێین، واتە ڕۆمانی *دواهەمین شەوی سەرۆک*، ئەوەیە کە ڕۆمانەکە وردەکارییەکانی دواشەوی ژیانی سەرۆکە دیکتاتۆرەکەی لیبیا "موعەممەر قەزافی" دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە ئاشکرایە، کە ژیانی دیکتاتۆرەکان هەمیشە بابەتێکی دەوڵەمەند و بەپێز بووە بۆ ڕۆمان و لە مێژووی ڕۆمانی جیهانیدا شاکارگەلێک هەن، کە چوونەتە خانەی نەمرییەوە. هەر بۆ نموونە، لەوانە: *جەنابی سەرۆکی* میگیل ئانخل ئاستۆریاس و *پاییزی پەتریارکی* گابرییل گارسیا مارکیز و *ئاهەنگی تەگەکەی* ماریۆ ڤارگاس یۆسا و هتد...

هەر وەکو ئاشکرایە کەسێتیی موعەممەر قەزافیش،

کەسێتییەکی پڕ لە گرێوگۆڵ و ڕووداو و حاڵەت و ڕەفتاری سەیروسەمەرە بووە، بۆیە ژیانی ئەمیش زەوییەکی بەپیتە بۆ ڕۆمان، بەتایبەتیش وەختێ شەپۆلی ڕاپەرینەکانی عەرەب، کۆمەڵێک لە وڵاتانی عەرەبیی تەنییەوە و بووە هۆی ڕاماڵینی چەند دیکتاتۆرێک و لەنێویشیاندا موعەممەر قەزافی. ئەمانە پێکەوە وایان کرد، ڕۆماننووسێکی وەکو یاسمینە خەزرا بیکاتە بابەتێک بۆ ئەم ڕۆمانەی، کە هەر لەدوای چاپکردنیەوە، بۆ چەندان زمانی جیهانی وەر گێڕدرا و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانی و عەرەبییەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا، قەزافی وا دەخاتە ڕوو، کە کەسێکە دووچاری پارانۆیا (Paranoia) یان میگالۆمانیا (Megalo-mania) بووە و تا ڕادەی شێتی، خۆی بە کەسێکی مەزن و بگرە خۆی بە ئەفسانە دەزانێ و تەنانەت هەندێ جار خۆی بە پێغەمبەرەکان بەراورد دەکات. ئەو خۆی بە خاوەنی شۆڕش و خاوەنی لیبیا و هەموو ژنەکان دەزانێت. ئەو لەو دواشەوەی ژیانیشیدا و بەر لەوەی دووچاری چارەنووسە تراژیکەکەی بێتەوە، هەر لەو باوەڕەدایە کە خوا لەپاڵیدایە و هیچ هێزێک نییە نووچی پێ بدات. هەڵبەتە ئەمە وێناکردنێکە بۆ خود، کە لەلای زۆربەی دیکتاتۆرەکانی دونیا هەبووە و هەیە و هۆکارێکی دوولایەنەی هەیە؛ یەکەمیان، ئەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە تۆوی دەسەڵاتگەرایی و دروستبوونی دیکتاتۆر لە کاراکتەریاندا هەیە و دووەمیشیان، کە ئەمەیان پتر ڕۆڵ دەبینێت، دەستبەرداربوونی خەڵکە لە ئازادی و مافی خۆیان، بۆ ئەو جۆرە کەسێتییانە و بەئەفسانەکردنیان

و پاشانیش ئەو مەکینەی درۆ و ڕاپۆرتە ساختانەی لەلایەن بەرپرسان و لێپرسراوانی چواردەوری دیکتاتۆرەوە پێی دەدرێ. ئەوەتانێ هەر وەکو لەم ڕۆمانەشدا ئەوە دەبینین، بە درێژایی ساڵانێکی زۆر، مەنسوور کە سەرکردەی پاسەوانە میلییەکانی قەزافی بووە، هەقیقەتی لە سەرۆکەکەی شاردۆتەوە، بەڵام وەختێ قەزافی لێی دەپرسێت: ئایا من هیچ هەڵەیەکم بەرامبەر بە میللەتەکەم کردووە؟ ئەویش پڕکێشی دەکات و هەندێ ڕاستیی پێ دەڵێت، قەزافی دەحەپەسێت و بەرگەی ناگرێت.

وەکو وتمان، ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە شاری سیرتدا و لە دواشەوی ژیانی قەزافیدا ڕوو دەدات، واتە لە شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ ئۆکتۆبەری ٢٠١١، کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە سەرکردەی سەربازی و وەزیرەکان و چەکدارەکان و دەستوپێوەندەکانیدا، لە بینای قوتابخانەیەکی چۆڵکراودا خۆیان پەنا داوە و چاوەڕێی چارەنووسێک دەکەن کە ناڕوون و نادیارە.

بۆ تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، نووسەر پەنای بۆ کەسی یەکەمی تاک بردووە، ئەو کەسەش موعەممەر قەزافی خۆیەتی. واتە دەکرێ بڵێین نووسەر لە ڕووی تەکنیکییەوە تەماهیی لەگەڵ کەسێتیی قەزافیدا کردووە و لەسەر زمانی ئەوەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ڕەنگە لای هەندێ خوێنەر ئەو پرسیارە دروست ببێت، کە لە کاتێکدا قەزافی خۆی لە ڕۆمانەکەدا دواجار دەکوژرێ، کەواتە ئەی چۆن دەبێ لەسەر زمانی ئەوەوە ڕووداوەکان بگێڕرێنەوە؟ بەڵام ئەمە تەکنیکێکە لە دونیای ئەدەبدا بەکار هاتووە

و بەکار دێت، بەتایبەتیش لەو ڕۆمان و چیرۆکانەدا، کە نووسەر تێیاندا مەبەستیەتی خوێنەر زیاتر ڕۆ بچێتە نێو ناخ و دەروون و حاڵەتەکانی ئەو کاراکتەرەی، کە لە زمانی ئەوەوە شتەکان دەگێڕێتەوە. بۆ ئەمەش یاسمینە خەزرا تەکنیکی هێنانەوەیاد بەکار دەبات، تا لە ڕێگەیەوە بەشێک لە یادەوەرییەکانی منداڵی و تافی لاوێتیی قەزافی بگێڕێتەوە و باس لەو بارودۆخە سەخت و ژینگە تاڵە بکات، کە ڕۆڵیان لە فۆرمەلەکردنی کەسێتیی قەزافیدا هەبووە، هەر لە پەیوەندیی لەگەڵ خاڵیدا و دەنگۆی ئەوەی کە بەزۆڵی لە دایکی خۆی بووە و تا چوونە قوتابخانە و سەفەری بۆ ئینگلتەرە و پاشان عاشقبوونی بە کچێک، کە خێزانەکەیان قاییل نابن شووی پێ بکات. هەروەها یاسمینە ئەوەشی بیر نەچووە، کە لە زمانی قەزافی خۆیەوە باس لەو ژنانە بکات، کە هەم پاسەوانی کەسی و هەم دۆستی قەزافی بوون. گەرچی لە ڕۆمانەکەدا بەتەنها ئاماژە بۆ "ئەمیرە"ی ئەمازۆنی کراوە، کە هەم سەرپەرشتیی کردووە و هەم سەرجێیی لەگەڵدا کردووە، ئەمە جگە لە "فاتن." ئەو کچەی خۆشی دەوێت، بەڵام دواتر دووچاری چارەنووسێکی شوومی دەکات.

هەروەها لەم ڕۆمانەدا، بە هەندێ ڕاوبۆچوون ئاشنا دەبین سەبارەت بە دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی عەرەب و ئەوەی کە چۆن هەوڵیان داوە میللەت بکەن بە مێگەل و هەر وەکو مێگەلیش مامەڵە و ڕەفتاریان لەگەڵ گەلەکانی خۆیاندا کردووە.

بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، ئامادەبوونی سێبەری

کاراکتەری هونەرمەندی نیگارکێشی هۆڵەندی "ڤان کوخ" و کاریگەرێتیی لەسەر ئەم دیکتاتۆرە. قەزافی گەرچی دان بەوەدا دەنێت، کە ئەو جگە لە مۆسیقای خۆرهەلاتی (ئەویش لە فۆرمە بازاڕییەکەیدا)، چێژی لە هیچ کارێکی هونەریی بەرز نەبینیوە، ئیدی مۆسیقای موزارت بێت یان هیی مۆسیقارێکی تر، بەڵام تاقە کارێکی هونەری کە تا دەمرێت کاریگەریی لەسەر ژیان و هزر و بڕیارەکانی دەبێت، پۆرترێتەکەی ڤان کوخە، کە تێیدا گوێیەکی نییە و بە لەفاف بەستوویەتی. هەڵبەتە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، کە قەزافی لە ژیانیدا بەتەنها گوێیەکی بۆ بیستنی شتەکان بەکار هێناوە، ئەویش بۆ ئەو "دەنگ"ەی کە خۆی بە دەنگی هەقیقەتی زانیوە و بەرەو سەرکێشیی دەسەڵات هانی داوە، هەروەها بۆ ئەوانەی کە هەمیشە ستایشیان کردووە و خودشەیدایی (نەرجسیەت)ی ئەویان تێر کردووە و هەقیقەتیان لێ شاردۆتەوە. بەڵام ئەو گوێیەی تری خۆی بەکار نەهێناوە، تا بەڕاستی ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگا و وڵات و ژیانی خەڵک و ئەو ناعەدالەتییە بێت کە لەئارادا بووە. تا دواجار ئەم تاکڕەوییە لە تێڕوانین و حوکمڕانیدا، بەرەو ئەو مەرگەساتەی دەبات کە بردی.

یاسمینە خەزرا جگە لەم کارە، نزیکەی سی کاری تری هەیە، کە تێیاندا خۆی لە قەرەی مەسەلە زیندووەکانی ئەم سەردەمە دەدات، هەر لە توندوتیژی و تیرۆر و فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و توندڕەوییەوە، بگرە تا کارەساتەکانی ئاوارەیی و نامۆبوون و هەتیوکەوتن و هتد...

لە ڕۆمانە چاپکراوەکانی تری یاسمینە خەزرا:

- ئامین ١٩٨٤
- حۆری ١٩٨٤
- کچی پردەکە ١٩٨٥
- قاهیرە-خانەی مەرگ ١٩٨٦
- لەو لایەی تری شارەوە ١٩٨٨
- نماییشگای گەجەر و گوجەرەکان ١٩٩٣
- مۆریتۆری ١٩٩٧
- پاییزی وەهم ١٩٨٨
- گورگەکان خەون بە چییەوە دەبینن ١٩٩٩
- نووسەرەکە ٢٠٠١
- جەجاڵی وشە ٢٠٠٠
- پەڕەسێلکەکانی کابول[1] ٢٠٠٢
- بەشی مەرگ ٢٠٠٤
- ئاژێرەکانی بەغداد ٢٠٠٦
- مەڕەکانی مەولا ٢٠٠٩

---

١ ڕۆمانی *پەڕەسێلکەکانی کابول* لەلایەن خاتوو تارا عوسمانەوە کراوە بە کوردی.

تێبینی: نووسینی ناو کەوانەکان، کە ژمارەی لاپەڕەکان دیاری کراون، لایانەوە لەم کتێبەوە وەر گیراون: (یاسمینه خضرا: هكذا تكلم... هكذا كتب...) تقديم و اعداد: زهرة ديك، منشورات دار الهدى ٢٠١٣ الجزائر.)

شاری سیرت، کەرتی ژمارە ٢
شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١

کە منـاڵ بـووم، خاڵـم ناوبەنـاو لەگـەڵ خۆیـدا دەیبـردم بـۆ بیابـان. بیابـان بـەلای ئـەوەوە هێنـدەی پاقژگـەی ڕۆح بـوو، کەمتـر گەڕانـەوە بـوو بـۆ ڕەگوڕیشـەکان.

ئـەو سـەردەمە من لـەوە منالْتر بووم، پـەی بـەوە ببـەم کە ئـەو دەیـەوێ چـی لـە مێشـکمدا بچێنێت، بـەڵام چێژێکـی زۆرم لـە گوێگرتـن بـۆ قسـەکانی دەبینـی.

خاڵـم شـاعیرێکی بـێ شـکۆ و بـێ لاف بـوو. سارانشـینێکی خاکی بوو، بـەو خاکێتییـەی خۆیـەوە کاریگەریـی لەسـەر ئەوانی دی هەبـوو. ئـەو هیچـی نەدەویسـت، جگـە لـە خێوەتێـک کـە لەژێـر سـێبەری درەختێکدا هەڵـی بدات و گـوێ بـۆ گڤـەی بـا شل بکات، وەختـێ بەهێواشـی بەسـەر لمەکاندا گـوزەر دەکات.

ئەسـپێکی جوانـی قاوەییـی تۆخـی مەیلەوسـووری هەبـوو، لەگـەڵ دوو تانجیدا، کـە بـەردەوام لـە ئامادەباشـیدا بـوون، تفەنگێکی کۆنیش بۆ ڕاوی بزنەکێوی. ئـەو لـە نانـەوەی تەڵـەدا

بۆ گیانەوەری گۆڕهەڵکەنە زۆر شارەزا بوو، کە بۆ سوودە پزیشکییەکانی ڕاو دەکرا، هەروەها گیانەوەری سەرمازەڵە، کە دوای ئەوەی ناوسکەکەی دەر دەهێنا و کای تێدەئاخنی و دەیڕازاندەوە، دەیبرد بۆ بازاڕ و دەیفرۆشت.

کاتێ دنیا تاریک دەبوو، خاڵم لە چۆڵەوانیی بیاباندا ئاگرێکی دەکردەوە و ئینجا دوای ئەوەی لەگەڵ چایەکی زۆر شیریندا، ژەمێکی سووکی دەخوارد، ڕادەستی خەونەکانی دەبوو. ئەو ساتانە بەلای منەوە پیرۆزیی خۆیان هەبوو، وەختێ دەمبینی لەگەڵ خامۆشی و چۆڵیی هەردی پڕ لە چەو و بەرددا ئاوێتە دەبوو.

هەندێ جار وام هەست دەکرد ئەو کاتانەی ڕۆحی لە جەستەی جیا دەبێتەوە، لەگەڵ هاوەڵێکدا جێم دەهێڵێت وەک داهۆڵ وایە و لەو کوندەئاوەش دەچێت، کە لە پێستەی بزن دروست کراوە و بێجووڵە بە دەرگای خێوەتەکەدا شۆڕ بۆتەوە.

من لەو جیهانەدا هەستم بە تەنیایی دەکرد و لە ئاست نهێنییەکانی بیاباندا دووچاری ترسێکی لەناکاو دەبووم، ئەو نهێنییانەی وەک گەلەجنۆکە دەوریان دەدام، بۆیە دەچووم و بە سەری پەنجە بێدارم دەکردەوە، ئینجا بە دوو چاوی داگیرساوەوە بەئاگا دەهاتەوە و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی دەکردم. لە هەموو ژیانمدا زەردەخەنەی لەوە شیرینترم نەدیوە، نە بە ڕوخساری ئەو ژنانەوە کە ڕێزم لێ دەنان و نە بە دەموچاوی هاونشینەکانمەوە، ئەوانەی خۆم پەروەردەم کردن. خاڵم کابرایەکی موحافەزەکار و نیمچەگۆشەگیر بوو، جووڵەکانی لەسەرخۆ بوون و

هەڵچوونەکانی سەنگین. زۆر بەنزمی دەدوا و بەئەستەم گوێت لە دەنگی دەبوو. کەچی وەختێ قسەی بۆ من دەکرد، قسەکانی وەکو سرووود لە کونجەکانی دەروونمدا دەنگیان دەدایەوە. چاوی لە بریسکەبریسکی ئاسمان دەبڕی و پێی دەوتم، "هەموو ئینسانێکی باش لەسەر ئەم زەوییە، ئەستێرەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە لە ئاسمان." داوام لێ کرد ئەستێرەکەی خۆمم پیشان بدات، بەبێ دوودڵی و وەک ئەوەی شتێکی بەڵگەنەویست بێت، پەنجەی بۆ مانگ درێژ کرد. لەو ڕۆژە بەدواوە هەرکاتێ سەر هەڵدەبڕم بۆ ئاسمان، مانگ بە چواردە دەبینم، هەموو شەوێک. مانگێکی ساف و ڕووناک، ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای ژیانمە. هێندە گەشە، هیچ ئەفسوونێک نایگاتێ. بە ڕادەیەک درەوشاوەیە، کە تیشکەکەی، هەسارەکانی دەوروبەری شاردۆتەوە. ئەوەندەش گەورەیە، لەو مەودا ناکۆتایەدا، هەر خۆی دەبینرێ.

خاڵم سوێندی دەخوارد، کە من کوڕە پیرۆزەکەی هۆزی غەوسم، ئەو کوڕەی داستانە لەبیرکراوەکان و شکۆی دێرین، بۆ خێڵی قەزافییەکان دەگەڕێنێتەوە.

ئەم ئێوارەیە و پاش شەستوسێ ساڵ، وا هەست دەکەم ئەستێرەکانی ئاسمانی سیرت کەم بوونەتەوە. مانگە چواردەکەشم هیچی لێ نەماوەتەوە، جگە لە بیچمێکی بێڕەنگی کەمێک گەورەتر لە دەمی نینۆکبڕێک. هەرچی حیکایەتە عاتیفییەکانە، وا خەریکن لەناو دووکەڵی ماڵە سووتاوەکاندا دەتاسێن، هەوای تۆزاوی و بۆنی بارووتیش لەناو بارانی گوللەهاوەندا بەملاولادا پەخش دەبێتەوە.

ئەو خامۆشییەی جاران مایەی هەژانی ڕۆحم بوو،

ئێستا مایەی ترسە. ئەو پارچەهاوەنانەی ناوبەناویش دڕ بەو خامۆشییە دەدەن، دەیانەوێ بەگژ ئەفسانەیەکدا بچنەوە، کە چەک دەرەقەتی نایەت. ئەفسانەیەک کە خۆم خولقاندم، من، کە پێم دەڵێن برای سەرکردە، ئەو پیاوە وردبینەم کە هەرگیز بەهەڵەدا ناچێت، زادەی پەرجووم، ئەو پیاوەی خەڵک بە کابرایەکی سەیروسەمەرەی لەقەڵەم دەدەن، کابرایەک کە وەکو منارەیەکی ناو دەریایەکی سەرشێت قیت بۆتەوە و بە باسکی داگیرساوی، تاریکیی غەدر و کەفەژیلکەی شەپۆلە هەڵچووەکان دەسڕێتەوە.

گوێم لە پاسەوانێکم بوو، کە شەوەزەنگی کردووە بە سوپەر، وتی ئێمە ئێستا لە "شەوی گومان"دا دەژین و پرسیی، کە ئاخۆ جارێکی دیکە سپێدە دەمانخاتەوە بەر پرشنگی ڕووناکی یان دەمانکات بە سووتەمەنیی ئەو ئاگرە هەڵایساوە و فڕێمان دەداتە ناو ئاگری دار و چیلکە گڕگرتووەکانەوە؟

ئەو قسەیەی زۆر قەڵسی کردم، بەڵام بەپێی یاسا و ڕێسا ڕەفتارم لەگەڵدا نەکرد. ئەوەم بە پێویست نەزانی. ئەگەر کەمێک بیفامایە ئەو کفرەی نەدەکرد. چ سووکایەتیپێکردنێک لەوە خراپترە، کە لە بەردەمی مندا باسی گومان بکرێ. مادامەکی من هێشتا لە ژیاندام، واتە هیچ خەسارەتێک لەئارادا نییە.

من موعەممەر قەزافیم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی ئیمانت بەهێز بێت.

ڕزگاربوون لەسەر دەستی من دێت.

نە لە باوبۆران و نە لە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون دەترسم.

دەست لە دڵم بدەن، بزانن چۆن بەسەر جووڵەی پەرتەوازەبوونی خائینەکاندا زاڵ دەبێت...

من خوام لەگەڵە!

ئەی هەر ئەو خۆی منی لەناو ئەو هەموو پیاوەدا هەڵنەبژاردووە، تا ڕووبەڕووی زلهێزەکان و چاوچنۆکیی لەڕادەبەدەریان ببمەوە بۆ هەژموون و دەسەڵات؟ من ئەفسەرێکی لاوی دوور لە خەیاڵپڵاو بووم و هاوارم لێوەکانمی تێنەدەپەڕاند، بەڵام پڕکێشیم کرد و بە ڕووی ئەو واقیعەی لەئارادا بوو، وتم "نەخێر" و هاوارم کرد دەستدرێژی "بەسە" وەک کەسێک ئەو کاغەزانە ئەمدیودیو بکات، کە چیی تر نایەوێ بەکاریان بێنێت، منیش ئاوا ڕەوتی چارەنووسم گۆڕی. ڕۆژگارێک بوو، هەر کەللەسەرێک زیاد بڕۆیشتایە، بەبێ داوای یاسایی و بەبێ ئاگادارکردنەوە، شمشێر دەیپەڕاند. من هەموو ئەو مەترسییانەم دەزانی، بەڵام بەجەسارەتەوە بەرەوڕوویان بوومەوە، بەو باوەڕەوەی کە مەسەلەیەکی ڕەوا هەیە، دەبێ بەرگریی لێ بکەم، چونکە ئەوەم بە مەرجی سەرەکی دەزانی تا شاییستەی بوون بم.

لەبەر ئەوەی تووڕەییەکەم لە جێی خۆیدا بوو و بڕیارەکەشم ڕەوا بوو، خوا دەستی دایە باڵم و وێنە و ناومی خستە سەروو ئاڵا و سروودەکانەوە، تا هەموو دنیا بمبینێ و بمبیستێت.

نامەوێ بڕوا بکەم بەوەی، کۆتاییم لەسەر دەستی خاچپەرستەکان دەبێت. منێکی موسڵمانی منەوەر کە هەمیشە بەسەر کەتن و پیلانەکاندا سەر کەوتووم و کاتێ شتەکان دەر دەکەون، یەکسەر ئامادە دەبم. ئەوەی ئەمڕۆ من

ڕووبەڕووی بوومەتەوە، ئەم یاخیبوونە نەخشەبۆکێشراوە و ئەم جەنگەی هەڵگیرسێنراوە، بۆ ئەوەی ئەفسانەکەم تێک بشێوێنێت. بەڵگەیەکی ترە بۆ دروستیی ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆم. ئەی هەر ئەم ئەزموونانە نین. کە خواوەند دروست دەکەن؟

بەهێزتر لە هەموو کاتێک، لەم ئاژاوەیە دەر دەچم، وەکو ئەو قەقنەسەی لە خۆڵەمێشەکەی خۆیەوە هەڵدەستێتەوە. دەنگم دوورتر لە مەودای مووشەکە بالیستیکەکان دەڕوات. ئەوەندە بەسە ئاماژەیەک بۆ خێڵەکەم بکەم، تا ئەم باوبۆرانە بێدەنگ بکەم.

من موعەممەر قەزافیم، ئەو ئەفسانەیەی لە پیاوێکدا بەرجەستە بووە. ئاسمانیش کە وا ئەستێرەی کەم بۆتەوە و مانگیش هێندەی دەمی نینۆکبڕێکی ماوەتەوە، بۆ ئەوەیە کە من تاقە درەوشانەوەی جێبایەخ بم.

با چی مووشەکیان هەیە تێم بگرن، من وا دەزانم فیشەکەشێتەن و بۆ بەرزڕاگرتنی من دەیانتەقێنن. با چیاکان بڕووخێنن، ئەوەی لە بەرد و خۆڵەکەیدا دەیبینم، هەراوزەنای ئەو جەماوەرەیە کە دەوری منیان داوە. با چی ئەهریمەنە کۆنەکانیانە بەریان بدەنە ئەو فریشتانەی پاسەوانیم دەکەن، بەڵام هیچ هێزێکی شەڕەنگێز ناتوانێ من لە پەیامەکەم پاشگەز بکاتەوە. تەنانەت بەر لەوەی ئاواییی قەسری ئەبو هادی، پێشوازیم لێ بکەن و باوەشیانم بۆ بکەنەوە. ئەوە دیاری کرابوو، کە ئەوە منم تۆڵەی هەموو ئەو پێشێلکارییانە دەکەمەوە، کە بەرامبەر بە میللەتانی ستەمدیدە کراون و نووچ بە ئەهریمەن و دەستوپێوەندەکانی دەدەم.

"برای سەرکردە..."

تیرەستێرەیەک بە ئاسماندا گوزەر دەکات... ئەی ئەو دەنگە لەکوێوە هات؟

لە تەوقی سەرمەوە تا کەڵەموستی پێم، مووچڕکێک بە لەشمدا هات. چەند هەست و نەستێکی دژواز، دەروونمیان هەژاند. ئەم دەنگە...

"برای سەرکردە..."

ئاوڕم دایەوە، خزمەتکارەکە بوو. لە ترسدا، لای دەرگاکەی ژووری دانیشتنەوە ڕاوەستابوو.

"چی؟"

"شێوەکەت ئامادەیە، گەورەم."

"بۆمی بێنە بۆ ئێرە.

وا باشترە لەو هۆڵەی ئەودیو بیخۆیت. پەنجەرەکانمان داخستووە و مۆممان داگیرساندووە. لێرە، لەوانەیە کەمترین ڕووناکی ببێتە مایەی کەشفبوونتان. کێ دەڵێ لەو بینایانەی بەرامبەرمان، قەنناسی لێ نییە.

١

خزمەتکارەکە بەرەو ژوورەکەی تەنیشت پێشم کەوت. لە بەرتیشکی مۆمەکاندا، پەردەی پەنجەرە شپرزەکان، کە دادرابوونەوە، ئەوەندەی تر شوێنەکەیان تەنگ و ناخۆش کردبوو. دۆلابێک لەسەر لا کەوتبوو، شووشەکەی شکابوو، کورسییەک ڕاخەرێکی لەبەریەکهەڵوەشاوی پیا درابوو، چەکمەجەی شکێنراو. بە دیوارەکەشەوە، وێنەی پیاوێک هەڵواسرابوو، کە دیار بوو گەورەی ماڵەکە بوو، بە گوللە وردوخاش کرابوو.

موعتەسیمی کوڕم، ئەرکی بەرگریکردن لە سیرتی گرتۆتە ئەستۆ، هەر ئەویش لە ناوجەرگەی کەرتی دوودا، قوتابخانەیەکی چۆڵکراوی کردووە بە بارەگایەکی گشتیی سەربازەکانم. ڕەنگە دوژمن وا بزانێ من لە کۆشکێکی شوورەدراودا خۆم مەڵاس داوە، چونکە ناتوانم بەرگەی سەختیی بارودۆخەکە بگرم، بۆیە هەر بە بیریشیدا ناچێت من لە شوێنێکی وا پەڕپووتدا بم. ئاخۆ ئەوەیان بیر چۆتەوە،

کە من سارانشینم، سەروەری قەلەندەرانم و قەلەندەرترینی سەروەرانم و لە توانامدایە لە زوهددا هەست بە ئاسوودەیی بکەم و لەسەر کورسییەکی لمینیش هەست بە شادی و خۆشی بکەم؟ کە منال بووم، بە پانتۆلێکی پینەپینە و جووتێک نەعلی شرەوە برسێتیم چەشتووە. بەپێخاوسی بەسەر چەوە داخەکاندا پیاسەم دەکرد. چواردەورم بەدبەختی بوو، ڕۆژی تاقە ژەمێکم دەخوارد، کاتێ برنج نەدەما، خواردنی بەردەوامم لاسکی ڕووەکەکان بوو. شەوانە، وەختێ لەژێر پەتۆکەوە لەتاو سەرما خۆم گرمۆلە دەکرد و هەردوو قاچم بە سکمەوە دەنووساند، جاری وا بوو خەونم بە ڕانەمریشکێکەوە دەبینی و لیک بە دەممدا دەخاتە خوارێ. دواتر کە لە خۆشگوزەرانیدا ژیام، هەر بۆ ئەوە بوو ئەو خۆشگوزەرانییەش بنێمە ژێر پێ و بیسەلمێنم کە مەرج نییە هەر شتێک کە نرخی هەبوو، شایانی پیرۆزکردن بێت و هیچ جامێک نییە، بتوانێ پێکێک بادە بگۆڕێت بۆ شەرابی سیحری. چ جلی شڕ بپۆشین و چ ئاوریشم، هەر خۆمانین... منیش هەر قەزافیم، قەزافیی سەروەر، ئیتر ئەگەر لەسەر عەرش دانیشتبێتم، یا لەسەر یەکێک لەو بەردانەی دەکرێن بە نیشانە بۆ دیاریکردنی مەودای ڕێگاکان.

نازانم ئەم شوێنەی چەند ڕۆژێکە منی لێم و دیواری بە دیواری قوتابخانەکەوەیە، هیی کێیە. لەوانەیە هیی یەکێک لە هاوولاتە ئەمەکدارەکانم بێت، ئەگینا بۆچی ئێرەش وێران کراوە. ئاسەواری وێرانکردنەکە تازەیە، بەڵام بیناکە خۆیشی هەر لە وێرانە دەچێت. تێکدەران هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەم شوێنە، هەرشتێک گرانبەها بووبێت، تاڵانیان کردووە و ئەوی

تریان تێکوپێک داوە. خزمەتکارەکە بەزەحمەت کورسی و مێزێکی لە خۆڵ و تەپوتۆز پاک کردەوە کە شاییستەی ئەوە بێت من لەسەری دانیشم. سەرمێزێکی پیا دا، تا خەوشەکانی بشارێتەوە. سینییەکی هێنا، کە نازانم لەکوێ پەیدای کردبوو، قاپێکی فەخفوریی لەسەر بوو، شتێک خواردن لەناو قاپەکەدا بوو؛ گۆشتی قووتوو، جەلییەکی بەڕێکوپێکی پارچەپارچەکراو، پەنیر، کێک، تەماتەی قاشکراو، هەروەها ئەو قاشە پرتەقاڵانەی لەبنی قاپەکەدا و لەناو ئاوەکەی خۆیاندا نوقم ببوون. ئازووقەکەمان کەم بووبۆوە و بەشی پاسەوانەکانمی نەدەکرد.

خزمەتکارەکە داوای لێ کردم لەسەر کورسییەکە دابنیشم و خۆیشی ڕێک لەبەردەممدا ڕاوەستا. ئەگەر سیمای دەموچاوە ئەسمەرەکەی نیشانەی ئەمەکی سەربازیی تیا نەبینرایە، بەو قەڵافەتەیەوە و لەناو ئەو وێرانەیەدا، شێوەی زۆر گاڵتەجاڕانە دەینواند. پێدەچێ ئەم پیاوە لە هەموو کەسێکی ئەم دنیایە زیاتر منی خۆش بوێ و ئامادە بێت خۆی لەپێناوی مندا بەخت بکات.

"ناوت چییە؟"

پرسیارەکەمی بەلاوە سەیر بوو و قورتمی ملە زبرەکەی بەرز بۆوە.

"برای سەرکردە، ناوم مستەفایە."

"ئەی تەمەنت چەندە؟"

"سیوسێ ساڵ."

بە حەسرەتی ئەو تەمەنە لاوەیەوە، دووبارەم کردەوە:

"سیوسێ ساڵ! من ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر، لەو تەمەنەی

تۆدا بووم... بەحاڵ دێتەوە بیرم."

خزمەتکارەکە نەیدەزانی، ئاخۆ دەبێ شتێک بڵێ یا هەر بێدەنگ بێت. دەستی بە پاککردنەوەی قەراغی سینییەکە کرد.

"مستەفا، تۆ لەکەیەوە خزمەتی من دەکەیت؟"

"سیانزدە ساڵە، گەورەم."

"بیرم نایەت پێشتر تۆم دیبێت."

"من دەچمە شوێنی ئەوانەی کە جێیان چۆڵ دەبێت... ئێستا سەرپەرشتیی وێستگەی ئوتومبێلەکان دەکەم."

"ئەی ئەو پیاوەی تر بۆ کوێ چوو، قژسوورەکە؟ ناوی چی بوو؟"

"ماهیر."

"نا، ماهیر نا. ئەو کابرا کەتە سوورفلەی، لە ڕووداوی فڕۆکەکەدا دایکی مرد؟"

"سابیر؟"

"ئافەرین، سەبری. ئێستا نایبینم."

"مرد، گەورەم، مانگێک دەبێت، کەوتە بۆسەوە. وەک شێر شەڕی کرد، بەر لەوەی بشمرێت چەند هێرشکەرێکی کوشت. گوللەتۆپێک دای لە ئوتومبێلەکەی و ئیتر نەمانتوانی لاشەکەی هەڵگرینەوە."

"ئەی ماهیر؟"

خزمەتکارەکە سەری دانەواند.

"ئەویش مرد؟"

"سێ ڕۆژ دەبێت هەڵاتووە. لە کاتی دابینکردنی ئازووقەکەدا، دەرفەتی هێنا و بەرەو لای دوژمن هەڵهات."

"ئەو کوڕێکی باش و خوێنشیرین و بەسەبر بوو. بڕوا

ناکەم ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، ئەو بێت."

"گەورەم من خۆم لەگەڵیدا بووم، کە تووشی بەربەستێکی یاخیبووەکان بووین و ئوتومبێلەکەمان گەڕایەوە دواوە. ماهیر خێرا خۆی هەڵدایە خوارەوە و بەرەو لای خائینەکان ڕۆیشت و هەردوو دەستی بەرز کردەوە. ڕەقیبەکە تەقەشی لێ کرد، بەڵام نەیپێکا. ڕەقیبەکە وتی، واش نەبێت یاخیبووەکان خۆیان دەیکوژن، چونکە ئەوان دیل و زیندانی ناهێڵنەوە. لەپێشدا ئەشکەنجەیان دەدەن، ئینجا دەیانکوژن. ئێستا ماهیر لە گۆڕستانێکی بەکۆمەڵدایە و لاشەکەی بۆگەنی کردووە."

پڕکێشیی نەکرد سەری هەڵبڕێت.

"سەر بە چ خێڵێکیت، کوڕم؟"

"لە... بەنغازی لەدایک بووم، گەورەم."

"بەنغازی! هەموو شتێک بەس ئەم ناوە نا."

حەز دەکەم هێندەی لافاوێک بڕشێمەوە و ئەم شارە نەفرەتییە و دێیەکانی دەوروپشتی لەگەڵ خۆیدا ڕابماڵێت. شتەکان لەوێوە دەستیان پێ کرد. پەتایەکی وێرانکەر وەکو ئەهریمەن بەسەر هەموو دەروونەکاندا زاڵ بوو. دەبووایە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە خاپوورم بکردایە و "ماڵبەماڵ و کۆڵانبەکۆڵان[1]" یاخیبووەکانم ڕاو بنایە و لە مەیدانە گشتییەکاندا پێستیانم بگرووایە، تا ببوونایە بە عیبرەت بۆ هەموو ئەوانەی نیازی خراپیان هەیە.

خزمەتکارەکە بینیی چۆن خەریکە تووڕەیی لە ناخمدا

---

١ لە کاتی ڕاپەڕینەکاندا لە لوبنان، موعەممەر قەزافی لە وتارەکانیدا بۆ شەڕکەرەکانی و بە مەبەستی ڕاونانی نەیارەکانی ئەم دەستەواژەیەی بەکار دەهێنا: "دار دار زنقە زنقە."

دەتەقێتەوە. حەزی دەکرد ئەرز لەژێر پێیدا قلیش ببات و قووتی بدات.

"گەورەم، من زۆر داوای لێبوردن دەکەم. بریا لەناو زێرابێکدا یان لەناو بەلەمێکدا لەدایک بوومایە و لەوێ لەدایک نەبوومایە. شەرمەزارم لەو شارە نەگریسە چاوم بە دنیا هەڵهێناوە و لە چایخانەکانیدا لەگەل ئەو خائینانەدا دانیشتووم."

"ئەوە هەڵەی تۆ نییە. باوکت ئیشی چییە؟"

"خانەنشینە. پۆستەچی بوو."

"هیچ هەواڵێکی دەزانیت؟"

"نەخێر، گەورەم. ئەوەندە دەزانم لە شار نەماوە و ڕای کردووە."

"برات هەیە؟"

"تاقە برایەکم هەیە، سەربازی یاریدەدەرە لە هێزی ئاسمانیدا. پێیان وتم لە بۆردومانێکی هێزە هاوپەیمانەکانی باکووری ئەتڵەسیدا بریندار بووە."

ئەوەندەی نەمابوو چەناگەی ڕۆ بچێتە چاڵی ملیەوە. بۆ ئەوەی شتەکەی لا ئاسان بکەمەوە، لێم پرسی،

"ژنت هێناوە؟"

"بەڵێ، گەورەم."

بازنێکی چەرمی لە مەچەکدا بوو، خێرا لەژێر سەرقۆلی کراسەکەیدا شاردیەوە.

"ئەوە چییە؟"

"گەورەم، ئەوە نوشتەی ساحلییە، لە بازاڕی زنجییەکان کڕیم."

"لەبەر کاریگەریی جادوویی؟"

"نەخێر، گەورەم. بە داوی سوور و سەوز چنراوە، ئیتر لام جوان بوو و حەزم کرد بەدیاری بیدەم بە کچە نۆبەرەکەم، کەچی بە دڵی نەبوو."

"دیاری ڕەت ناکرێتەوە."

"کچەکەم زۆر کەم دەمبینێ، لەبەر ئەوە لە داخدا دیاریم لێ وەر ناگرێت."

"چەند منالت هەیە؟"

"سێ کچ. گەورەکەیان سیانزدە ساڵانە."

"ناوی چییە؟"

"کەرەم."

"ناوێکی خۆشە... چەندێک دەبێت منالەکانت نەبینیوە."

"شەش بۆ هەشت مانگ دەبێت."

"تامەزرۆی دیداری منالەکانت نیت؟"

"هێندەی تامەزرۆییی گەل بۆ دیداری برای سەرکردەمان."

"بەڵام خۆ من وڵاتم جێ نەهێشتووە."

دەلەرزی، بەڵام نەک لە ترسدا، ئەم پیاوە زۆر سەرسامە پێم. هەموو گیانی وا دەڵێت.

"بە حەسەن دەڵێم، بتنێرێتەوە بۆ ماڵەوە."

"بۆچی گەورەم؟"

"کچەکانت پێویستیان پێتە."

"میللەتێک پێویستی بە جەنابتە، برای سەرکردە. خێزانەکەی من دڵۆپێکە لەو ئۆقیانووسە. بۆ من مایەی بەختەوەرییەکی تەواوە، لە بارودۆخێکی وادا لە پەناتەوە بم."

"مستەفا، تۆ کوڕێکی باشیت، هەقی خۆشتە بچیتەوە بۆ

لای کچەکانت."

"بۆ یەکەمین جارە لە ژیانمدا سەرپێچیی فەرمانێکتان بکەم، گەورەم. هەرچەندە ئەمە دەبێتە مایەی غەمگینیشم."

مستەفا کەسێکی ڕاستگۆیە. لە چاوەکانیدا فرمێسک قەتیس ماوە و ئەمەش حاڵەتێکە، بەتەنها لای کەسە دەروونپاکەکان دەیبینین.

"بەڵام دەبێ فەرمانەکەم جێبەجێ بکەیت."

"شوێنی من لای جەنابتەوەیە، برای سەرکردە، بە هیچ شوێنێکی بەهەشتیشی ناگۆڕمەوە. بەبێ جەنابتان، شتێک نییە پێی بوترێ ڕزگاری و سەرفرازی، تەنانەت بۆ کچەکانیشم."

ئاماژەم بۆ کرد تا لەسەر کورسییەکەی من دابنیشێت.

"دابنیشە."

"چۆن شتی وا دەکەم گەورەم؟"

"ئەمە فەرمانە."

قەڵسبوونێکی زۆر بە دەموچاویەوە دیار بوو.

"ئادەی زمانت دەر بێنە."

"گەورەم بە هەموو ژیانم، درۆیەکم نەکردووە لەگەڵ جەنابتدا."

"زمانت دەر بێنە."

ڕووی وەر گێڕا و هەوڵی دا تفەکەی ناودەمی قووت بدات. کە دەمی کردەوە، سەیرم کرد ئەملاولای زمانی وەک تەباشیر سپی بوون.

"مستەفا چەند ڕۆژە بەڕۆژوویت؟"

"ببوورە قوربان؟"

"زمانت سپی هەڵگەڕاوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە

ماوەیەکی زۆرە نانت نەخواردووە."

"برای سەرکردە..."

"دەزانم کە ژەمە خواردنەکانی من، لە بەشەخواردنەکەی ئیوە گل دەدریتەوە و زۆربەی سەربازەکانم نان ناخۆن تا خواردن لە من نەبڕیت."

سەری دانەواند. پێم وت، "بخۆ."

"چۆن شتی وا دەبێت گەورەم؟"

"بخۆ، من دەمەوێ پیاوە دڵسۆزەکانم توانای ئەوەیان بمێنێ بەپێوە خۆیان ڕابگرن."

"برای سەرکردە، هێز و توانا لەناو دڵدایە، نەک لەناو سکدا. من برسی بم یا تینوو، هەرچوار پەلیشم لێ کرابێتەوە، هێزی ئەوەم تیا دەبێت بەرگری لە جەنابتان بکەم. توانای ئەوەم هەیە، بچم ئاگری دۆزەخ بهێنم و ئەو دەستەی پێ بکەم بە خۆڵەمێش، کە جەسارەت دەکا بۆ تۆ درێژ بێت."

"بخۆ."

ویستی دیسانەوە کەللەڕەقی بکات، بەڵام بە نیگایەک تێم گەیاند، کە شتی وا نەکات. پێم وت، "من چاوەڕێتم."

ئەوەندەی لە توانایدا بوو، هەناسەیەکی قووڵی وەر گرت تا جەسارەت پەیدا بکات. شەویلگەی هێنایەوە یەک، ئینجا دەستە گرژەکەی درێژ کرد بۆ سەموونە عەسکەرییەکە. هەستم کرد، بە هەموو توانایەوە دەیویست هێز بداتە بەر پەنجەکانی، تا پڕ بە سەموونەکەدا بکەن. گوێم لە هەناسە پچڕپچڕەکەی بوو.

"مستەفا، ئەمە چییە ڕوو دەدات؟"

خەریک بوو سەموونەکە لە قوڕگی بگیرێت. لە پرسیارەکەم

تێنەگەیشت.

"ئەم خەڵکە بۆ وا دەکەن؟"

ئینجا لە مانای پرسیارەکەم تێگەیشت. پارچە سەموونەکەی دەستی دانا.

"شێت بوون."

"ئەمە وەڵام نییە."

"گەورەم، هیچ وەڵامێکی ترم پێ نییە"

"ئایا من دەرهەق بە میللەتەکەم زۆردار بووم؟"

خزمەتکارەکە هاواری کرد، "نەخێر. وڵاتەکەمان هەرگیز سەرکردەیەکی منەوەر و باوکێکی بەسۆزی وەکو جەنابتی بە خۆیەوە نەدیوە. ئێمە کۆمەڵێک خەڵکی دەشتەکی و سەروسەکوت خۆڵاوی بووین، شایەکی تەوەزەل ئێمەی کرد بە پەڕۆی سڕین، بەڵام جەنابت ئێمەت کرد بە میللەتێکی ئازادی وەها، کە ئیرەییان پی دەبردین."

"دەتەوێ بڕوا بێنم بەوەی، ئەو تەقینەوانەی لە دەرەوە دەیانبیستم دەمەقاچانی جەژنن و نازانم لەکوێوەن."

ملی خزمەتکارەکە ڕۆ چووبووە نێوان شانەکانیەوە، دەتوت شوورەییی هەموو خائینەکان بە جاری خراوەتە سەر شانەکانی ئەو.

"دیارە هۆکاری خۆیان هەیە، وا نییە؟"

"دەبێ هۆکارەکە چی بێت. نازانم گەورەم."

"تۆ کە بە مۆڵەت دەچوویتەوە بۆ ماڵەوە لە بەنغازی، مەڵبەندی یاخیبووەکان، سەردانی چایخانە و مزگەوت و مەیدانەکانت دەکرد و هەڵبەتە لێرە و لەوێ گوێت لە کەسانێک بووە، کە بەخراپ باسی منیان کردووە، وا نییە؟"

"بـرای سـەرکردە، خەڵـک بەئاشـکرا ڕەخنەیـان لـە ئێـوە نەگرتـووە. هەواڵگرەکانمـان لـە هەمـوو شـوێنێکن. ئـەوەی مـن بیسـتوومە دەرهـەق بـە ئێـوە، هـەر قسـەی باش بـووە. جگـە لـەوە، مـن ڕێـم بـە کـەس نـەداوە لـە ئاسـت ڕێـز و پایـەی ئێـوەدا هیـچ بڵێـن."

"دیـارە دەزگا هەواڵگرییەکـەی مـن کـەڕ و کوێـر بـووە، مـادام لـەوە بێئـاگا بـووە کـە شـتێکی لـەم جۆرە لەئارادایـە."

سەری لێ شێوابوو، هەردوو دەستی لێک خشاند.

"باشـە. خەڵکـی بەئاشـکرا قسـە ناکـەن، ئەمـەش شـتێکی سروشـتییە، بـەڵام لـە کاتـی قسـەکردنی نهێنیـدا زمـان جڵـەو ناکـرێ. بێگومـان ئەگـەر بـۆ تاقـە جارێکیـش بێـت لـە ژیانتـدا، گوێـت لـە کەسـێکت، ئامۆزایەکـت، خاڵێکـت بـووە قسـەیەکی خراپـی دەربـارەی مـن کردبێـت. مەگـەر کـەڕ بووبیـت، هیـچ قسـەیەکی لـەو جـۆرەت نەبیسـتبێت."

"خێزانەکەی ئێمە، جەنابتیان زۆر خۆش دەوێ."

"منیـش منداڵەکانـی خۆمـم زۆر خـۆش دەوێ، بـەڵام ئەمـە ڕێـم لـێ ناگرێ جارجار ڕەخنەیـان لـێ بگـرم. ئەندامانـی خێزانەکـەم منیـان خـۆش دەوێ، بـەڵام گومـان لـەوەدا نییـە، کـە تێیاندایـە هەنـدێ ڕەخنـەی لەسـەرم هەبـووە، بـۆ نموونـە ئـەوەی کـە مـن هەنـدێ جـار بڕیـاری خێـرام داوە، یـان هەڵـەی ئاسـاییم کـردووە."

"گـەورەم، نەمبیسـتووە، هیـچ خزمێکـم نارەزایـی دەربـارەی فەرمانێکـی جەنابتـان هەبووبێـت."

"ئاخر من بڕوا بەو قسەیەت ناکەم."

"سـوێندت بـۆ دەخـۆم گـەورەم، کـەس نییـە لـە خێزانەکەماندا

ڕەخنە لە جەنابت بگرێت."

"شتی وا نییە، چونکە ڕەخنە لە پێغەمبەریش گیراوە."

"لە جەنابتان نا، هەر هیچ نەبێ لە ماڵەکەی ئێمەدا شتی وا ڕووی نەداوە."

هەردوو قۆڵم لەسەر سنگم لێک ئاڵاند و بەبێدەنگی چاوم بڕییە چاوی.

پاشان دەستم بە پرسیاربارانی کردەوە، "ئەم خەڵکە، بۆچی دژ بە من شۆڕشیان هەڵگیرساندووە؟"

"نازانم، گەورەم."

"تووشی گێلی و نەفامیی تەواوەتی بوویت؟"

"جەناب، من لە مەئمورێکی پارکینگی ئوتومبێل بەولاوە، هیچی تر نیم."

"بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە هیچ ڕایەکت نەبێت."

لەشی نیشتە سەر ئارەقە و هەناسەی تەنگ بوو.

"دەی بزانم، پێم بڵێ، ئەم خەڵکە بۆچی دژ بە من شۆڕشیان هەڵگیرساندووە؟"

وەکو کەسێک لە بەر ڕێژنەی تۆپباراندا بەدوای پەناگەیەکدا بگەڕێت، بەدوای وشەدا دەگەڕا. زۆربەی پەنجەکانی قڵیشاون، قورتمیشی لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە. هەستی دەکرد کەوتۆتە داوەوە و چارەنووسیشی بەستراوەتەوە بە وەڵامەکەیەوە.

بەجەربەزەییەوە وتی، "هەندێ جار دڵنیاییی لەڕادەبەدەر دەبێتە مایەی وەڕسبوون، بۆیە خەڵکانێک ئاژاوە دەنێنەوە تا خۆیانی پێوە خەریک بکەن."

"بە هێرشکردنە سەر من؟"

"وا دەزانن تاقە ڕێگا بۆ ئەوەی مرۆڤ گەورەیی بە دەست بێنێت، ئەوەیە کە باوکی خۆی بکوژێت."

"تەواوی بکە."

"شەڕ لەسەر مافی نۆبەرەیی دەکەن، بۆ ئەوەی..."

"نا، بچۆرەوە سەر مەسەلەی باوکەکە... وتت "کوشتنی باوک." دەمەوێ بۆمی ڕوون بکەیتەوە، مەبەستت لەم بیرۆکەیە چییە."

"ئەوەندە ڕۆشنبیر نیم."

بەتووڕەییەوە هاوارم کرد، "پێویست بەوە ناکات ئینسان بلیمەت بێت، تا لەوە تێبگات کە نابێ باوک بکوژرێ، ئیتر هەرچییەک بکات و بڵێت. باوک لە کەلتووری ئێمەدا وەک پێغەمبەر پیرۆزە."

دەنگی تەقینەوەیەک هات، کە لەگەڵیدا پاشماوەی شووشە شکاوەکانی پەنجەرەکان لەرینەوە و زرنگەیان لێوە هات. دیارە گوللەتۆپە. لە دووریشەوە دەنگێک دێت، پێدەچێ دەنگی فڕۆکەیەکی جەنگی بێت و دوور بکەوێتەوە. بەدوایدا خامۆشیی کوشندەی وێرانەکان هات، ئەو خامۆشییەی لە خامۆشیی گۆڕستان سامناکترە.

لە ژوورەکەی تەنیشتمان، ژیان ڕەوتی خۆی دەگرێتەوە بەر. دەنگی ئەفسەرێک دێت، ڕێنمایی دەر دەکات، دەرگایەک جیڕەی دێت، دەنگی پێ لێرە و لەوێ...

بە خزمەتکارەکەم وت، "بخۆ."

ئەم جارەیان بە دەستی پسکیتەکەی لا برد و سەری نەرێی ڕاوەشاند، "برای سەرکردە، هیچم بۆ قووت ناچێت."

"کەواتە، بچۆرەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای کچەکانت. نامەوێ

جارێکی تر، لەم ناوە چاوم پێت بکەوێتەوە."

"شتێکم وتووە دڵتانی ڕەنجاندبێت؟"

"بڕۆ، دەمەوێ نوێژ بکەم."

خزمەتکارەکە بە قسەی کردم.

پێم وت، "جارێ ئەم شتانە لا ببە. خۆراکی سەر مێزەکەش کۆ بکەرەوە و لەگەڵ ئەوانەدا بەشی بکە، کە باوەڕیان وایە ئینسان بۆ ئەوەی گەورە بێت، دەبێ باوکی خۆی بکوژێت."

"گەورەم، من هیچ مەبەستێکی خراپم نەبووە."

"بڕۆ."

"من..."

"وتم ون بە لە بەرچاوم."

ئەو ڕوخسارەی دەمامکی جەنگی پۆشیبوو، ئێستا دەمامکی مەرگی پۆشیوە. تازە کاری ئەم پیاوە تەواو. هیچ شتێک لە ژیانیدا نەماوە پێشکەشی منی بکات. ئێستا و دوای ئەوەی تووڕەییم متمانەمی لێ سەندەوە، دەزانێ کە چیی تر نە ژیانی و نە بوونی و نە ئیمانی و نە ئازایەتی و نە ئەو شتانەی خۆی بە چاکەیان دەزانێ، هیچ بەهایەکیان نەماوە."

ڕقم لێیەتی.

بریندارى کردم.

شایانی ئەوە نییە خزمەتکارم بێت. سێبەریشم بۆ ئەو، جگە لە دۆڵێکی تاریکی ناکۆتا، هیچی تر نابێت.

٢

چوومە. نهۆمی خوارەوەی بیناکە، بۆ لای پیاوە دڵسۆزەکانم. فەریق ئەبوبەکر یونس[1] جابر، وەزیری بەرگریم، دەڵێی ئاڵای کەچکراوە.

بەر لە هەفتەیەک توند مستی دەدا بە مێزەکەدا و سوێندی دەخوارد، کە دۆخەکە بە بەرژەوەندیی ئێمە دەشکێتەوە و چەتە درندەکان لە چاوترووکانێکدا مەحف دەبنەوە. نەخشەکانی سەرکردایەتیی ئەرکانی بڵاو دەکردەوە و ئاماژەی بۆ خاڵە لاوازەکانی ڕێکخستنەکانی دوژمن دەکرد و جەختی لەوە دەکردەوە، کە ئۆپەراسیۆنەکانی ناوەوە هاوپەیمانێتیی خائینەکان تێک دەدات و مژدەی ئەوەی دەدا، کە بە هەزاران نیشتمانپەروەر دێنە ڕیزەکانمانەوە. ئەو شەڕە ترسناکانەی بە مەبەستی بەهێزکردنی سەنگەرەکانیان

---

١ فەریق ئەبوبەکر یونس (١٩٥٢–٢٠١١): وەزیری بەرگریی لیبیا بوو. یەکێک بوو لە کەسە نزیکەکانی موعەممەر قەزافی. لە کودەتاکەی ١٩٦٩دا، بەشداریی کرد و ساڵی دواتر پلەی کرا بە موقەدەم. لە هەشتاکاندا پلەی بوو بە سەرلەشکر.

دەیکەن، لەم کەرتی دووەی ئێستا ئێمە لێین، بێهوودەیە.

موعتەسیمی کوڕم، بە نیگایەکی درەوە گوێی بۆ ڕادەدێرا و ستایشی قسەکانی دەکرد.

بەڵام من گوێیەکم لای ئەو بوو و گوێیەکەی تریشم لای ژاوەژاوەی ناوشار.

زۆری پێ نەچوو، ئەو کەفوکوڵەی فەریق دامرکایەوە و گومانێکی گەورە جێی گرتەوە. هەندێ لە ئەفسەرەکانم لە ڕیزەکانمان هەڵاتوون، هەندێکی تریان دیل کراون و بەبێ دادگاییکردن یەکسەر گوللەباران کراون. کەللەسەرە بڕاوەکانیان کراوە بە سەری عەموودەکانەوە و لاشەکانیان بەستراوەتەوە بە لۆرییەوە و بەسەر شەقامە قیرتاوەکاندا ڕاکێشراون. هەندێ لەو لاشانەم بینیوە، کە وەکو مۆنۆمێنتی جەرگبڕ لەسەر دیوارەکان دایان ناون.

سێ ڕۆژە، یاخیبووەکان لە کەرتەکەی بەرامبەرەوە خۆیان بۆ مات داوین و ئەبوبەکریش بێدەنگە. ڕوخساری دەڵێی پارچەکاغەزێکی چرچولۆچ کراوە. نان ناخوات، بە ڕوویەکی گرژەوە خۆی دەخزێنێتە سووچێکەوە، تەنانەت تاقەتی سەرزەنشتکردنی ئەفسەرەکانیشی نەماوە، ئەوێک کە جاران هاوارەکانی لە دەنگی تۆپەکان بەرزتر بوو.

نازانم بۆچی ئەم پیاوە، ئەگەرچی دڵسۆزیشە، کەچی قەت لە توانایدا نەبووە تەواو دڵنیام بکات. پێکەوە کۆلیجی سەربازیمان لە بەغدازی تەواو کرد و لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٩دا لەگەڵمدا بوو و یەکێک بوو لە دوانزدە ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ئەبوبەکر هەرگیز دەسخەڕۆی نەکردووم و خیانەتی لێ نەکردووم، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندە

بەسە سەیرێکی چاوەکانی بکەم تا ترسی ئاسکەکیوییەکی تیا ببینم، یان گیانەوەرێکی ماڵی، کە ئەوەندەی سوپاسگوزارە بمپارێزێت، ئەوەندە سوپاسگوزار نییە، بۆ ئەو خزمەتانەی کە من پێشکەشی ئەوم کردوون.

ئەبوبەکر هێندەی بەختی بەد، لە من دەترسێت. ئەو زۆر باش دەزانێ، کە بچووکترین گومان لەلام دروست بێت بەرامبەر بەو، ئەنجامەکەی بە لەناوبردنی دەشکێتەوە، وەک چۆن بێ هیچ دوودڵییەک، هاوسەنگەرەکانی خۆمم و ئەوانەشم لەناو برد، کە منیان کرد بە ئەفسانە، کاتێ بەنهێنی کەوتنە ناڕەزایی لە ڕەوایەتیی دەسەڵاتم.

"فەریق بیر لە چی دەکەیتەوە؟"

بەزەحمەت سەری هەڵبڕی.

"لە هیچ."

"دڵنیایت؟"

بەبێ ئەوەی قسە بکات، لەسەر کورسییەکەی گینگڵێکی دا. پرسیارێکی کوتوپڕم ئاڕاستە کرد، "تۆش بیر لە هەڵاتن دەکەیتەوە؟"

"ئەوەی بە بیرمدا نەیەت ئەوەیە."

"جا بۆ "بیر"ت ماوە؟"

ڕووی گرژ کرد.

"دەی هێور بەرەوە. هەر ویستم سەر بکەمە سەرت."

دەمویست کەمێک کەشەکە خۆش بکەم، گەرچی لە میزاجێکی باشدا نەبووم. کاتێ دەمەوێ گاڵتەیەک بکەم، هەموو قسەکانم بەجیددی وەر دەگرن، لەسەرروو هەمووشیانەوە فەریق. دیارە سەرکردە نابێ ڕووخۆش و گاڵتەباز بێت.

ئاماژەکانی ڕێنماییە و شۆخییەکانیشی بەئاگاهێنانەوەن.

"سەرۆک لەو بڕوایەدایت، نیازی هەڵاتنم هەبێت؟"

"خوا دەزانێ."

بەبۆڵەیەکەوە وتی، "بۆ کوێ؟"

"بەرەو لای دوژمن."

گەلێ لە وەزیرەکانم خۆیان تەسلیم کردووە. مووسا کۆسی، کە کردم بە وەزیری دەرەوە، داوای پەنابەرێتیی سیاسیی لە ئینگلیز کرد. عەبدولڕەحمان شەلقەم، کە قسەکەری فەرمیمە، ئەو ترسنۆکی بێغیرەتە بوو بە شاندی خائین و چڵکاوخۆرەکان لای نەتەوە یەکگرتووەکان...

"بۆ ڕۆژێک چییە، ئەوانەم خۆش نەویستووە. هەرکامیان دەگریت جگە لە هەلپەرستێک هیچی تر نییە و ئامادەیە بەرامبەر بە پلەوپایەیەک دایکی خۆی بفرۆشێت. من بە دڵ و بە گیان خۆشم دەوێیت و هەرگیز دەستبەردارت نابم."

"ئەی کەواتە بۆ بەتەنیا لە سەرەوە جێت هێشتم؟"

"نوێژت دەکرد، ئیتر نەمویست هەراسانت بکەم."

بە هیچ جۆرێک سڵ لە ئەبوبەکر ناکەمەوە. مەگەر باوەڕی بە خورافات، هێندەی ئەمەکداریەکەی بێت بۆ من. ئاگام لێ بوو بەردەوام ڕاوێژی بە بەختگرەوەکان دەکرد، تا دڵنیا بێت لەوەی متمانەم پێی لەق نەبووە.

لە داخاندا ڕەق بووم لەگەڵیدا.

پێم خۆش نەبوو هەر دانیشتبوو لە لامەوە. ئەو وا ڕاهاتبوو، کاتێ تەلەفۆنم بۆ دەکرد و هەر کە گوێی لە دەنگم دەبوو، یەکسەر هەڵدەستایە سەر پێ و خۆ ئەگەر تەلەفۆنەکەم بەسەردا داخستایەتەوە، لەشی دەنیشتە سەر

ئارەقە.

ئاخ لە دەست ئەم جەنگە نەفرەتییە! نەک هەر دابونەریت ناهێڵێت، بگرە دەیگۆڕێت بۆ ڕەفتاری هیچوپووچ. من کە چاو لەم ڕەفتارەی فەریق دەپۆشم، لەبەر ئەوەیە کە لەم کاتە شپرزە و شێواوەدا، پێویستم بە کەسێکە لە پەنامەوە بێت و پێم بڵێ کە هەرگیز دەسبەردارم نابێت.

"ئەو پەڵە شینە چییە بە شەویلگەتەوە؟"

"نازانم بەر دیوارەکە کەوتم، یا بەر قەراغی سیسەمەکە. بیرم نییە."

"ئادەی با سەیری بکەم."

لایە شینبۆوەکەی دەموچاوی لێ نزیک کردمەوە.

"زۆر شین بۆتەوە، ڕاوێژ بە دکتۆر بکە."

دەستێکی بە شەویلگەیدا هێنا و وتی، "شتێکی ئەوتۆ نییە. بە هەرحاڵ، هەست بە ئازار ناکەم."

"هیچ هەواڵێکی موعتەسیم هەیە؟"

سەری نەرێی بەرز کردەوە.

"ئەی مەنسوور لەکوێیە؟"

"چووە لە هۆڵەکەی دواوە پشوویەک بدات."

ئاماژەم بۆ یەکێک لە سەربازەکان کرد سەرکردەی پاسەوانی میللیم بۆ بانگ بکات.

مەنسوور زۆ بە سەروپۆتەڵاکێکی ناشرینەوە هات. جلوبەرگێکی شێواو و ڕیشێکی ئاڵۆزکاو و قژێکی بژ، بە ئەستەم دەیتوانی بەپێوە خۆی ڕابگرێت.

زەردەخەنەیەکی ساختەی لەسەر لێو بوو. خێرا خۆی پاڵی بە دیوارەکەوە دا، تا نەکەوێت. چەند ڕۆژ و شەوێکە

نەخەوتووە. نیگاکانی وەک کەندەڵانێک خاڵی و تاریکن.

"خەوتبوویت؟"

"ویستم تۆزێک پشوو بدەم، سەرۆک."

"بۆ وا دەزانیت زۆر بێداریت؟"

بێهوودە هەوڵی دا، دان بە خۆیدا بگرێت.

کراسەکەی دەڵێی پەڕۆکۆنەیە، پانتۆڵەکەشی زۆر دەڵبە بە بەری، سەرنجم دا قاییشەکەی توند بەستبوو.

هەردوو شانیم گرت و چاوەڕێم کرد تا سەری هەڵبڕێت و چاو ببڕمە چاوی.

"مەنسوور تەسلیم مەبە. لەم دۆخە ڕزگارمان دەبێت، بەڵێنت دەدەمێ کە ڕزگارمان دەبێت."

سەرێکی لەقاند.

"ئەو نارنجۆکە چی بوو، کە ئێستا گوێمان لە دەنگی تەقینەوەی بوو؟"

شانی هەڵتەکاند.

حەزم دەکرد شەپازلەیەکی لێ بدەم.

ئەبوبەکر ڕووی وەر گێڕا، زانیی وەک چۆن بەرگەی دەنگی ڕەشاشە دوورەکان ناگرم، ئاواش بەرگەی ئەو حاڵەتەی سەرکردەی پاسەوانە میلیەکانم ناگرم.

"هیچ هەواڵێکی موعتەسیم هەیە؟"

مەنسوور کە پشتی خەریک بوو دەتەقی، سەرێکی نەرێی ڕاوەشاند.

"ئەی سەیف؟"

فەریق وتی، "خەریکی کۆکردنەوەی فیرقەکانیەتی لە باشوور. وا بزانم لای سەبهاوە. بەگوێرەی زانیارییەکانمان،

بۆ دژەهەڵمەتێکی گەورە ئامادەباشی دەکات.

کوڕە ئازاکەم، سەیفولئیسلام! ئەگەر لەپەنامەوە بووایە، تۆڵەی هەموو ئەو پیلانانەی بۆ دەکردمەوە.

لە منەوە ئیرادەی پتەو و وابەستەبوون بە پەیمان و گاڵتەکردن بە مەترسی، بەمیراتی بۆ ماوەتەوە. ڕاستییەکەی من نیگەرانی ئەو نیم. ئەو زرنگ و وریا و ئازایە. کاتێکیش بەڵێنێک دەدات، دەیباتە سەر. بەڵێنی داومەتێ ڕیزەکانی سوپاکەم ڕێک بخاتەوە، کە بۆردومانەکانی هاوپەیمانانی ناتۆ پەرتەوازەیان کردوون و سنووریک بۆ تەشەنەکردنی درندانەی ئەم یاخیبووانە دابنێت. سەیف کاراکتەرێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و لە ڕابەرایەتیکردنی خەڵکدا هەڵکەوتووە. بێگومان بەئاسانی بەسەر ئەو خائینە چڵکاوخۆرانەدا سەر دەکەوێت.

ئەفسەرێک دێت، تا ڕاپۆرتەکەی خۆیمان بۆ بخاتە ڕوو. ئەویش سەروپۆتەڵاکی زۆر باش نەبوو، بەڵام تا بڵێی پەرۆشە. ڕووی دەمی لە وەزیر کرد، "جەنابی فەریق، چاودێرەکانمان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە سەربازە پیادەکان و فیرقەکانی چاودێریی دوژمن دەکشێنەوە دواوە."

فەریق بە دەنگێکی ماندووەوە ناڕەزاییی دەر بڕی، "ئەوان ناکشێنەوە، بەڵکو پەنا بۆ شوێنە سەلامەتەکان دەبەن."

"مەبەستت چییە؟"

"بۆیە ئەم دوانیوەڕۆیە سەنگەرەکانی پێشەوەیان چۆڵ کردووە، تا ئێمە دابڕن. من لەو باوەڕەدام کە بەم نزیکانە بۆردومانێکی قورسمان دەکەن."

داوام لێ کرد بۆمان لێک بداتەوە.

مەنسوور داوای لە ئەفسەرەکە کرد بڕوات و چاوەڕێی

کرد تا هەرسێکمان ماینەوە، ئینجا دەستی بە قسەکانی کرد، "جیهازی گوێهەڵخستنەکەمان، کۆمەڵێک نامەی کۆدئامێزی وەر گرتووە. هەموو شتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە فرۆکەکانی ناتۆ کەرتی دوو دەکەنە ئامانج. کشانەوەی ئەو یاخیبووە سەگانەش، ئەم ئەگەرە بەهێزتر دەکات."

"موعتەسیم کوا؟"

ئەبوبەکر بەدەم هەستانەوە وتی، "چووە تا کۆمەڵێک ئوتومبێل پەیدا بکات. ئێمە ناتوانین لێرە بەم دابڕاوییە بمێنینەوە و چاوەڕێی پەرجوویەک بین ڕزگارمان بکات. ئێمە نە خۆراکمان پێیە و نە تفاقمان هەیە و نە ئازادیی جووڵەکردن. یەکەکانمان ماندوون. سیرت نیمچە گەمارۆدراوە و ساتبەسات هەردوو دەمی پلایسەکە زیاتر لێمان نزیک دەبنەوە."

"من وام دەزانی موعتەسیم سەرقاڵی قایمکردنی پێگەکانمانە. ئەم وەرچەرخانە چییە؟"

"تۆ خۆت بڕیارت دا گەمارۆکە ببڕین."

"کەواتە ئاوا؟ یانی وام لێ هاتووە شتم بیر دەچێتەوە."

فەریق ناوچەوانی گرژ کرد، بیرچوونەوەکەی من کەمێک شڵەژاندی، ئینجا دەستی بە ڕوونکردنەوە کرد، "سەرۆک، هێزی پشتیوانمان پێ ناگات."

"بۆ؟"

"چونکە سەیفولئیسلام زۆر دوورە و لە باشوورە. بۆیە ئێمەش دەبێ بە زووترین کات سیرت چۆڵ بکەین. بەم جۆرە دەتوانین خۆمان بگەیەنینە سەبها، کە یاخیبووەکان چۆڵیان کردووە، تا لەوێ ڕیزەکانمان ڕێک بخەینەوە. ئەوسا

بە پشتیوانیی سەیف، دەتوانین کۆنترۆڵی میسراتە بکەین. خێڵەکانی باشوور هێشتا بەوەفان بۆمان. ئەوان ئازووقە و تفاقمان بۆ دابین دەکەن."

"لە کەیەوە پلانەکانت گۆڕیوە، فەریق؟"

"لەم بەیانییەوە."

"بەبێ ئەوەی پێم بڵێیت؟"

فەریق چاوی تێ بڕیم، پرسیارەکەمی پێ سەیر بوو، "بەڵام سەرۆک من پێم وتیت تۆ خۆت پێشنیازی ئەوەت کرد، کە سیرت چۆڵ بکەین!"

بیرم نییە من پێشنیازی وا مەترسیدارم کردبێت، بەڵام لەبەر ئابڕوو، ڕەزامەندیم پیشان دا.

مەنسوور بەچیچکانەوە دانیشت، دەستێکی لەسەر زەوییەکە و دەستەکەی تری لەسەر تەوێڵی، وەک یەکێک بڕشێتەوە.

فەریق بۆ ڕازیکردنی دڵی من، وتی، "عەقید موعتەسیم لە کەرتەکەی خۆی، هێشتا کۆمەڵێک پیاوی لا ماوە کە جێی متمانەن. هەڵمەتێکی گەورەی بە دەستەوەیە. سەعات چواری ڕێک، هەوڵ دەدەین سەنگەرەکانی بەرگریی پێشەوەی دوژمن ببڕین. ئەو پاشەکشەیەی دوژمن، دیارییەکی چاودڕواننەکراو بوو بۆ ئێمە. بواریکمان بۆ جووڵە دەداتێ. میلیشیاکان بەربەستەکانی خۆیان لە خاڵەکانی ٤٢ و ٤٣ و ٢٩دا هەڵگرتووە، ئەمەش وەکو جیهازی گوێهەڵخستنەکەمان دەڵێت، ڕەنگە کرداریکی خۆپارێزی بێت. دەگەڕێینەوە بۆ قووڵاییی باشوور. خۆ ئەگەر موعتەسیم توانیی چلپەنجا ئوتومبیلێک کۆ بکاتەوە، ئەوا دەتوانین بپەڕینەوە. لە حاڵەتێکدا

ئەگەر پێکداهەڵپژان ڕووی دا، ئەوا بە هەموو ئاقارێکدا بڵاو دەبینەوە. ناوشار دەبێتە تێکە و لێکە و کەس بە کەس نابێت هەینی، ئەو دەرفەتە دەقۆزینەوە و سێرت بجێ دێڵین.

"ئەی بۆ ئێستا جێی نەهێڵین؟ بەر لەوەی بۆردومان بکرێین؟"

"ئاخر عەقید موعتەسیم کاتی تەواوەتیی نابێت، بۆ کۆکردنەوەی ژمارەی پێویست لە ئوتومبێلەکان."

"تۆ لە پەیوەندیدایت لەگەڵیدا؟"

"لە ڕێی جیهازەوە نا، لە ڕێی تەتەرەوە."

"ئەو ئێستا لەکوێیە؟

"چاوەڕێین دەورییەکانی چاودێری بگەڕێنەوە، تا بزانین لەکوێیە."

"مەنسوور بە دیوارەکەدا خزا و یەکسەر بە دانیشتوویی کەوتە سەر ئەرزەکە."

هاوارم کرد بە سەریدا، "کەمێک کۆنترۆڵی خۆت بکە. وا دەزانیت لە ماڵی دایکت دانیشتوویت؟"

"تووشی سەرئێشەیەکی قورس بووم."

"با واش بێت. هەر ئێستا خۆت کۆنترۆڵ بکە."

مەنسوور خێرا هەستایەوە سەر پێ. چرچییەکانی ڕوخساری، کە هەر دەڵێی درزن بە دەموچاویەوە، شەقڵی دەبەنگیی بە چاوەکانی بەخشیوە، وەک ئەوەی گیانەوەرێک بێت و لە سەرەمەرگدا بێت. ئەبوبەکر کورسییەکی بۆ پاڵ پێوە نا، بەڵام ئەو نەیویست.

لێم پرسی،

"لەو بڕوایەدایت بۆردومانمان بکەن؟"

"شتێکی بەڵگەنەویستە."

ئەبوبەکر لە بڕواپێبوونەوە نا، بەڵکو بۆ ئەوەی پشتیوانیی لە من بکات، وتی، "لەوانەیە ئەوە بۆ چەواشەکردن بێت."

"ئەگەر وا بووایە، داوایان لە سەربازەکانیان نەدەکرد سەنگەرەکانی پێشەوە چۆڵ بکەن."

"لەو باوەڕەدایت بزانن ئێمە لەکوێین؟"

"سەرۆک، کەس نازانێ تۆ لەکوێیت. کوێرانە لێمان دەدەن و چاوەڕێن یەکێکمان خیانەتێکمان لێ بوەشێتەوە."

وتم، "باشە، دەچمە سەرەوە کەمێک پشوو دەدەم. ئەگەر شتێکی تازە ڕووی دا، ئاگادارم بکەنەوە."

٣

ژوورەکەم پاک کرابۆوە، پەردەی موشەمما بە پەنجەرەکاندا درابوون، پاتریيەکی ئوتومبێلیشیان هێنابوو و گڵۆپێکیان بۆم دانابوو.

لەژێر ئەو سیسەمەدا کە لەسەری دەخەوتم، بازنێکی تەنکی ئاڵتوونم دۆزییەوە، دیار بوو هیی کچێکی بچکۆلە بوو. پارچە زێڕێکی جوان بوو، نەخشی وردی تیا کرابوو و بە خەتێکی خۆش لەسەری نووسرابوو، "بۆ خەدیجەی فریشتە و خۆرم." حەزم دەکرد دەموچاوی خەدیجەم ببینیایە، بۆیە چەکمەجەکان و سەر ڕەفەکان گەڕام، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە. نە وێنەیەک جێ ماوە و نە ئاسەوارێکی ئەو خێزانەی، کە لەم ماڵەدا نیشتەجێ بوون، جگە لەو وێنەیەی کە یا هیی باوکەکەیە یان هیی باپیرەیانە و لە هۆڵەکەدا هەڵواسراوە. هەوڵم دا شێوەی ژیانی ئەو "ونبووان"ە بهێنمە پێشچاوی خۆم، کە لە چوارچێوەی ئەم دیوارانەدا ژیاون. دیارە لە خۆشگوزەرانیدا بوون و خۆشەویستی و دڵنیایی باڵی بەسەر

ژیانیاندا کێشاوە؛ دایکێکی شەونخوون و منالی بەختەوەر، چ تاوانێکیان کردووە، تا ئاوا بە یەکجاری خەونەکانیان تێکوپێک بدرێ؟

ئەوەندەی پێم کرابێت، تەقەللام داوە ئاهەنگ و جەژن و خۆشی باڵ بەسەر لیبیادا بکێشێ و خوێنی ئومێد بە دەمارەکانی میللەتەکەمدا بێت و بچێت، هەوڵم داوە فریشتە و خۆر لە پێکەنینی منالان نەتۆرێن.

مەترسیم دەبینی، چۆن بە هەنگاوی خێراوە لێمان نزیک دەبۆوە، دەمزانی چاوچنۆکەکانیش چەند ئیرەییمان پێ دەبەن و چاویان بڕیوەتە سەروەت و سامانی وڵاتەکەمان و لێک بە دەمیاندا دێتە خوارێ. چ هۆشدارییەکم بدایە؟ چەند جار فەرمانڕەوا عەرەبەکانم ئاگادار کردەوە، ئەو چڵێسانەی لە هەواوهەوەس و لەزەتەکانی خۆیان بەولاوە، خەمی هیچی تریان نییە و بەتەنها گوێ لەوانەش دەگرن کە مەراییان بۆ دەکەن.

هەموویان لە قاهیرە بوون و لە ڕیزێکدا وەستابوون، لەژێرەوە چاودێریی یەکتریان دەکرد، یەکێکیان لەخۆباییەکی تاجبەسەری شڵەژاو، یەکێکی تر دەبەنگێکی بێئاگا لە دەبەنگیی خۆی. ئەمە ئەو میوانانە بوون، کە تازە گەیشتبوون و لە ساتی گەیشتنیاندا خۆیان لێ ببوو بە پاڵەوانەکانی شانۆنامەکە، ئەمانەی کە ئەستەمە لە سروشتە جووتیارییەکەی خۆیان ڕزگاریان بێت. ئەمیرەکانی پترۆدۆلار، کە ئەوەندە نابێت کڵاوی جادووگەرییان فڕێ داوە، ئەو سوڵتانانەی عەبای تارمایی لەبەر دەکەن، بەو وتارە قێزەونانەی دەیانجوونەوە و بەندبێژەکان لەوان ڕەوانبێژترن. لەوێ چییان دەکرد؟

گرنگییان بە هیچ شتێک نەدەدا، جگە لە گەنجینە و سامانەکانیان. لەبەر ئەوەی تاقە خەمیان پڕکردنی گیرفانیان بوو، گوێیان بەوە نەدا، کە دنیا زۆر خێرا بەرەو پێشەوە دەچێت و ئایندە ئاوسە بەو باوبۆرانەی لە ئاسۆدا کۆ بووەتەوە. ئەوەی جێبایەخی ئەوان نەبوو، بەدبەختیی خەڵک و نائومێدیی لاوەکان و سەرگەردانیی میللەتەکانیان بوو. لافی ئەوەشیان لێ دەدا، کە میللەتەکانیان باش بەڕێوە دەبەن و لەو بڕوایەدا بوون کە لە هەڵبەز و دابەزی زەمانە بەدوور دەبن. پاشان، ئەمانە چونکە هیچ کاردانەوەیەکی توندیان نییە و بەرگەی بەرەنگاری ناگرن، گوێ بە هیچ نادەن. لە دواکۆنفرانسدا، کە بە لاقرتێوە پێدەکەنین، هۆشداریم دانێ و پێم وتن، ئەوەی بەسەر سەدام حسەیندا هات، بەسەر ئێوەشدا دێت. هەموویان پێکەنینیان دەهات، بەڵام خۆیان کۆنترۆڵ کردبوو. ئەی بن عەلی... ئای خوایە ! بن عەلی... خوێرییەک لە بەرگی سەرکردەدا، بەفیزەوە بەناو پۆلیسەکانی خۆیدا هەنگاوی دەنا و پۆزی لێ دەدا، کەچی کاتێ نوێنەرێکی بچووکی دەوڵەتێکی خۆرئاوای دەبینی، لە بەردەمیدا دەبوو بە پەڕۆ. بەرامبەر بە من دادەنیشت و ئەوەندە پێکەنینەکەی خۆی قووت دەدایەوە، سوور هەڵدەگەڕا. من دڵم دەدایەوە، بەڵام دەبووایە لە سەکۆکە بچوومایەتە خوارەوە و تغم لە دەموچاوی بکردایە.

بن عەلی... لەو بەسزمانە، وەکو گەوادێک جلی جەژنی لەبەر کردبێت، ئاوا بە قەڵەوییەکەی خۆیەوە دەنازێت. چەند دڵی خۆشە بەوەی وڵاتەکەی کردووە بە سۆزانییەک، کێ پارەی زیاتر بدات، خۆی ڕادەستی ئەو دەکات. چارەی ئەم

فووتێکراوە ساختەچییەم ناوێت. کەیفم بە شێوەی داهێنانی قژی و قۆزێتییە سووکەکەشی نەدەکرد.

ئێوارەیەکیان لە ماڵی سەیفولئیسلام بووم، لە سووچێکی هۆڵەکەدا یاریم لەگەڵ کوڕەزاکەمدا دەکرد. سەیف بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتبوو، هەردوو دەستی لەسەر سنگی ئاڵاندبوو، دیمەنی شاشە گەورەکە حەپەساندبووی. خۆپیشاندان لە تونس تا دەهات زۆرتر و زۆرتر دەبوو. جەماوەرەکە لەوە دەر چووبوو جڵەو بکرێ و سیمایان ڕقی لێ نیشتبوو. دەمیان کەفی کردبوو و هاواری مەرگی بن عەلییان دەکرد. پۆلیسەکان وەکو جرج لە بەر لێشاوی خەڵکەکەدا دەکشانەوە. نە ئاژێر و نە گازی فرمێسکڕێژ، توانای جڵەوکردنی ئەو حەشاماتەی نەبوو.

بایەخێکی ئەوتۆم بە حەشاماتی تونسییەکان نەدا، بەڵام زۆرم پێ خۆش بوو، کە دەمبینی مێگەلەکەی حاشای لێ دەکات. ئەو ئێوارەیە من پێکەنینە شێتانەکەی خۆمم قووت دەدایەوە و ئەو بە دەنگە لەرزۆکەکەی داوای لە میللەتەکەی دەکرد بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. ترسەکەی بۆ من چێژبەخش بوو. لەو ڕۆژەوەی هەر وا بە هەوانتە کرا بە سەرۆک، زانیم کە ئەو سەرکەوتنەی سەرەتایەکە بۆ کەوتنی.

کابرایەک چەتە بێت، بکرێ بە سەرۆک!

شەرمم دەکرد لەوەی، کە من سەرۆکم و ئەویش سەرۆکە.

لەناکاودا سەیف هەردوو دەستی کێشا بە یەکدا و بەبڕوانەکردنەوە وتی، "ڕای کرد... بن عەلی ڕای کرد."

"کوڕم ئەی تۆ چاوەڕێی چیت دەکرد؟ ئەو لەو نازدارانەیە،

کە تری مانگاشیان لێ دەبێت بە تەقەی تفەنگ."

سەیف تفەکەی دەمی قووت دا و بەداخێکەوە وتی، "مەحالە! نابێ ئەوە ڕوو بدات. نابێ بکشێتەوە."

"هەمیشە کشانەوە گونجاوە، بۆ ئەوانەی کە نازانن چۆن بەرگە بگرن و خۆڕاگر بن."

سەیف وەڵامی ئەو قسەیەی منی نەدایەوە و دیسانەوە هەردوو دەستی بە یەکدا کێشایەوە، لە یەک کاتدا شتەکە بەلایەوە کوتوپڕ بوو و پەستیش بوو لەوەی چۆن ئەو سەرۆکە وا بەخێرایی مەیدانەکەی چۆڵ کرد.

"شوورەییە بۆ هەموومان. چۆن دەبێ وا بەئاسانی تەسلیم بێت. سەرۆکی عەرەبی تەسلیم نابێت. ئەم پیاوە لاوازە، ئەوەندەی تر دەبێتە مایەی زەلیلی بۆ ئێمەش."

"ئەوە بەسەر مندا ناچەسپێت."

"بەڵای لێ دا! جڵەوی دەسەڵات لە دەستی ئەودایە. ئەوەندە بەس بوو توند ڕەفتار بکات، تا شتەکان ئاسایی ببنەوە. ئەی پۆلیس و سوپاکەی چی دەکەن؟"

"ئەو شتە دەکەن، کە تەپڵژەنی مانۆرە سەربازییەکان دەیکەن"

"بەڕاستی ئەمە ڕیسواییە بۆ سەرکردە!"

"ئەو بۆ تاقە ڕۆژێک چییە سەرکردە نەبووە، سەیف. گەوادێکی بۆرژوا بوو، ئامادە بوو لە بچووکترین شەڕدا ڕابکات. گیرفانبڕەکان گەلێ لەو ئابڕوومەندترن."

سەیف کەوتە بۆلەبۆل.

منیش کوڕەزاکەم کردەوە باوەشم و پشتم کردە تەلەڤزیۆنەکە.

هەمیشە شۆڕشگێڕانی عەرەب بوونەتە مایەی پەستیم، ئەوان لەو شاخانە دەچن کە ژان دەیانگرێت، مشکیان دەبێت.

٤

گوێم لە دەنگی ئوتومبێلێک بوو، نزیک دەبۆوە.

تۆ بڵێی موعتەسیمی کوڕم بێت، لەگەڵ کاروانی ئوتومبێلەکاندا هاتبێتەوە؟

بەپەلە ڕۆیشتمە ڕاڕەوەکە و خێرا بە پلیکانەکاندا چوومە خوارەوە.

نهۆمی خوارەوە چۆڵە. گوێم لە تەپەی پێی کەسێک بوو، بەخێرایی بەرەو دەرگای فریاکەوتنی بارەگاکە دەچوو. لە حەوشەکەی دەرەوە ئوتومبێلێکی تێکشکاوم بینی، بەر لە کوژاندنەوەی، مەکینەکەی تەقەتەقێکی کرد. ئوتومبێلێکی بارهەڵگری بچووکە، بەڵام شڕووڕ بووە، جامی پێشەوەی کون کون بووە، شووشەکەی وردوخاش بووە، هەیکەلی ئوتومبێلەکە دەڵێی بێژنگە، تایەیەکی پەنچەر بووە و یەکێکی تری چەند پارچەیەک لە لاستیکی تایەکە خۆی، بە ویلەکەدا شۆڕ بۆتەوە. شۆفێرەکە دەرگاکەی کردەوە و بەشەکەتی لەپشت سوکانەکەیەوە مایەوە، قاچێکی لەسەر زەوی و ئەوی

تری لەناو ئوتومبیلەکەدا. سەربازەکان دوو لاشەیان لەسەر کوشنەکەی دواوە ڕاکێشایە دەرەوە. یەکەمیان کەللەسەری هەڵگیرابوو و دووەمیان دەمی داچەقابوو و هەردوو چاویشی لە گلێنەکانیاندا زەق ببوونەوە. لە کوشنەکەی پێشەوەی لای دەستەڕاستی شۆفێرکەشەوە، کابرایەک ئاخوئۆفی بوو.

ئەبوبەکر لە ئوتومبیلەکە نزیک بۆوە، مەنسووریش بەدوایدا.

"ئەمانە لەکوێوە هاتوون؟"

نەقیبەکە وەڵامی دایەوە، "گەورەم فەریق، ئەمانە فیرقەی چاودێرین."

"فیرقە؟ من تەنها یەک ئوتومبێل دەبینم."

شۆفێرەکە بە دەنگی کەسێکەوە کە خەریکە گیان دەدات، وتی، "ئەو دووانەی تر بەر گوللەی ئار پی جی کەوتن و هەرچییەکیان تیا بوو مردن."

مەنسوور گرماندی، "چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەی کەسیان دەر نەچوون؟ لایتەکە بکوژێنەرەوە گەمژە. وا دەزانیت لە شانزلیزیەیت؟"

شۆفێرەکە بەبێهێزییەوە لایتەکانی کوژاندەوە.

لێم پرسی، "ئەی عەقید موعتەسیم؟"

"لە بەری ئەوبەرەوە، بەرەو خاڵی سیوچوار پەڕییەوە."

"وەختێ سنووری دوژمنی تێپەڕاند، خۆت بینیت؟"

بەزەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا و خەریک بوو لەهۆش خۆی دەچوو، "بەڵێ، گەورەم. تا سنووری کەرتەکە لەگەڵیدا ڕۆیشتین، کاتێ یاخیبووەکان ویستیان ڕێگریی لێ بکەن، پاراستمان و نەمانهێشت زەفەری پێ بەرن."

بەسەرزەنشتییەوە پێم وت، "کاتێ قسە لەگەڵ سەرۆکەکەتدا دەکەیت، دەبێ بەپێوە ڕابوەستیت."

شۆفێرەکە زۆری لە خۆی کرد، تا نەکەوێت بەسەر سوکانەکەدا. هەرچی هێزی هەبوو، دایە بەر خۆی تا بەئەستەم سەری بەرز بکاتەوە، ئینجا بەدەم ئازارەوە وتی، "گەورەم، ناتوانم بەپێوە ڕابوەستم. دوو فیشەک بە بن ڕانمەوەیە و نەرمەی قاچیشم هەمووی پارچە گوللەیە."

مەنسوور ئاماژەی بۆ دوو سەرباز کرد، "بریندارەکەی کوشنەکەی پێشەوە بگوازنەوە." ئەبوبەکر پرسیی، "بۆمان باس بکە، چی ڕووی دا؟"

کابرای شۆفێر گینگڵێکی دا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ئینجا وەک ئەوەی بترسێ بەر لە کۆتاییهێنان بە ڕاپۆرتەکەی لە هۆش خۆی بچێت، یەکبینە کەوتە قسەکردن،

"کاتێ دڵنیا بووین لەوەی عەقید موعتەسیم مەترسیی لەسەر نەما، ڕەقیب بڕیاری دا نێوان هەردوو خاڵی سیوچوار و پەنجاوشەش ببڕین، تا پەی بە سەنگەرە تازەکانی دوژمن ببەین. بەبێ هیچ بەرەنگارییەک، توانیمان نزیکەی چوار کیلۆمەتر بچینە ناوەوە، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەماندا، کەوتینە بۆسەوە. بە قازیفەی بازووکا هێرشیان کردە سەرمان. هەردوو ئوتومبێلەکە تەقینەوە، نازانم چۆن توانیم بکشێمەوە و خۆم ڕزگار بکەم."

هاوارم کرد بە سەریدا، "باشە بۆچی بەبێ ئەوەی لایتەکانت بکوژێنیتەوە، هاتوویتەوە بۆ ئێرە؟ هیچ گومانێک لەوە نییە دوژمنەکان دوات کەوتوون و بە هۆی دەبەنگیی تۆوە شوێنەکەمانیان دۆزیوەتەوە."

شۆفێرەکە لەو سەرزەنشتکردنەم واقی وڕمابوو.

"بەڵام گەورەم، من بە سێ برینداردەوە بۆ کوێ بچو و مایە؟"

"بۆ جەهەننەم ئەحمەق، نەدەبووایە مەترسیت بۆ سەر بارەگای سەرکردایەتی دروست بکردایە. ئاگادار بە، ئەم شوێنەمان بدۆزنەوە، یەکسەر فەرمان دەدەم گوللەبارانت بکەن."

عەقید یارمەتیی شۆفێرەکەی دا، تا لە ئوتومبێلەکە دابەزێت، دەستی دایە کەمەری و بەرەو هۆڵی برینپێچی پەلکێشی کرد.

سەربازەکانی تر لەوێ مابوونەوە، وەکو پەیکەری لەداردروستکراو، لە بەردەم ئوتومبێلەکەدا ڕەق وەستابوون.

مەنسوور زوو نوقمی ناو کورسییەکەی خۆی بووە، لە نینۆکەکانی خۆی ورد دەبێتەوە و لە خەمدا خۆی دەجوێتەوە. ناوبەناوێک لەبەر خۆیەوە ورتەورتێک دەکات و وەکو ئەوانەی دووچاری نەخۆشیی دەروونی بوون، هەندێ جووڵەی سەیر دەکات. بەرگەی ئەوە ناگرم بەڕووخاوی ببینم. من پێویستم بەوەیە، یاریدەرە نزیکەکانم خۆڕاگر بن. بەلای منەوە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان کەسێکدا کە تەسلیم بێت و کەسێکدا کە شەڕ ڕەت بکاتەوە. ئەگەر یەکەمیان جەسارەتی ئەوەی هەبێت، کە ترسنۆکییەکەی خۆی ڕابگەیەنێ، ئەوا دووەمیان لەو جەسارەتەش بێبەشە.

قێزم لەم پیاوە بەزیوە دێتەوە، ئەم پەیکەرە سەرئاوکەوتووەی، کە شەپۆلەکان یاریی پێ دەکەن. لە ڕوانگەی منەوە، ئەمە تڵپەی مرۆڤە.

لەو هۆڵەی تەرخانمان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە،

فەریق ئەبوبەکر جابر نەخشەیەک لە نەخشەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بڵاو کردۆتەوە و لێی دەکۆڵێتەوە، ئارەقەش وا بە کراسەکەی و بە بنباڵیەوە. جارجارێک قورگی پاک دەکاتەوە و وا پیشان دەدا کە بەوردی بایەخ بە پلانەکەی دەدات. بەسەر مێزەکەدا دەنوشتێتەوە و دەستی دەخاتە ژێر ڕوومەتی، تا وەها بنوێنێ کە چەند لە کارەکەیدا نوقم بووە. من ئەم شتانەیم بەسەردا تێناپەڕێت، بەڵام ئەوەی باشە ڕقم هەڵناسێنێت.

هەرسێکمان لە ژوورەکە چاوەڕێین، تا تەتەرەکە بگەڕێتەوە و هەواڵی موعتەسیممان بۆ بێنێت، چونکە بەبێ هەواڵی تازە لە عەقیدەوە، تا بێت زیاتر بەرەو ڕووخان دەچین. هەر خولەکێک تێدەپەڕێت، بەشێک لە دەروونمان هەرەس دێنێت.

دۆخی دەروونیم تا بڵێی خراپە. تاقەت ناگرم لە دنیا دابڕێم و لێرە وەکو دەسبەسەر و بێ هیچ ئیرادەیەک، چاوەڕێی ئاماژەیەکی کوڕەکەم بم، کە خوا دەزانێ کەی دێت. چارەنووسم بە بەختەوە بەستراوەتەوە، دیوی دراوەکە دیاریی دەکات شێرە یان خەت، بەڵام دراوەکەش وا بە حەواوە و وەک گێوتین بڕندەیە.

مەنسوور وازی لە نینۆکەکانی هێنا. تەماشای ڕاست و چەپی خۆی دەکات، وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێت کە نازانم چییە و بێ ئۆقرە دەبزوێت، وەک ئەوەی هەوڵ بدات بزانێ لەکوێیە. کاتێک دەگاتە خاڵێکی ڕێنماییکەر، سەرلەنوێ لە کورسییەکەیدا ڕۆ دەنیشێتەوە و پەنجە دەخاتە ژێر لاجانگی و بەتیامانەوە سەری با دەدات.

دوای ئازارێکی دەروونیی زۆر، سەیرێکی فەریقی کرد و

بە زمانێکی تەنز ئامێزەوە لێی پرسی،
"لە تۆپە کریستاڵییەکەدا چی دەبینیت؟"
"کام تۆپە کریستاڵە؟"
فەریق بەئاخهەڵکێشانێکەوە و بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، بۆڵەبۆڵێکی کرد.
"مەبەستم نەخشەکەتە. نیوسەعاتە لێی دەپرسیتەوە، بێگومان ئێستا هاتۆتە گۆ و شتێکی پێ وتوویت."
"لە هەموو ئەگەرەکانی کشانەوە بەردەو باشوور دەکۆڵمەوە."
"من وام دەزانی لە بەیانییەوە پلانەکە ئامادەیە. بە هەرحاڵ تەنها یەک ڕێگامان لە بەردەمدا ماوە و ئەویش ڕێگای باشوورە."
"بەڵێ، بەڵام بەپێی یەکەکانی چاودێریمان، دوژمن سەعات بە سەعات، مەڵبەندی خۆی دەگۆڕێت..."
"بەو دووسێ دەورییەی چاودێرییەی هەمانە، دەڵێیت یەکەی چاودێری؟ ئەگەر ڕای منت دەوێ، ئەوانە سەرلێشێواوانە دێن و دەچن."
"ئەوە ڕای خۆتە. من خۆم کاری خۆم دەزانم، تۆ فێرم ناکەیت."
مەنسوور بە نینۆکەکانیەوە خەریک بۆوە. ئینجا سەری لەنێوان شانەکانیدا بە قووڵدا بردەوە و بەبێزارییەکەوە بۆلاندی، ""دەبووایە کۆشکمان جێ نەهێشتایە."
فەریق وەلامی دایەوە، "واز لە گاڵتەکردن بێنە."
"لەو ژوورە قایمەی ژێرزەمینەکەدا، حاڵمان زۆر باشتر بوو. قوژبنێک هەبوو تیا دەخەوتین و شتێک هەبوو دەمانخوارد و

لە بۆردومان و تۆپباران بەدوور بووین. تەماشا بکە ئێستا لەکوێداین. هەلیکۆپتەرێک دەتوانێ هەموومان لەناو ببات."

فەریق قەڵەمەکەی دەستی، لەسەر قەراغی مێزەکە دانا. زانیی کە سەرکردەی پاسەوانە میلییەکان دەیەوێ دەماری بگرێت، ئەمیش خۆی لە بگرەوبەردە بەدوور دەگرێت. جێهێشتنی کۆشکەکە بیرۆکەی ئەو بوو. پێویستی نەدەکرد قەناعەت بە منیش بهێنێت، چونکە ئەوە ڕای منیش بوو. ئەو بنکانەی کە قەرار بوو بیانکەین بە پەناگە، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان وێرانیان کردبوون، تەنانەت ماڵی کوڕەکان و کەسە نزیکەکانیشم. هێزەکانی هاوپەیمانان سڵیان لەوە نەکردبۆوە، کە بۆمبارانی نەوەکانیشم بکەن، بێ هیچ شەرم و داخێک، لەم ڕاوەدوونانە خوێناوییە سامناکەدا، یەکەیەکە هەموویانی کوشت.

فەریق بە مەبەستی قەناعەتپێکردن، بە هێمنییەکی سەرسوڕهێنەوە وەڵامی دایەوە، "ئەگەر ئەو ژێرزەمینەمان جێ نەهێشتایە، دەکەوتینە داوەوە."

مەنسوور بەسووربوونەوە وەڵامی دایەوە، "بۆ وا دەزانیت، ئێستا لە مەترسی زۆر دوورین؟"

"هیچ نەبێ لێرە شوێنەکەمان نەزانراوە. جگە لەوە، ئەگەر هێرش بکرێتە سەرمان، ڕووبەرێکی گەورەترمان بۆ جووڵەکردن لە بەردەمدایە. ئەگەر لە ژێرزەمینەکەی کۆشک بمایناینایەتەوە، ئەوەندە بەس بوو یاخیبووەکان بە هۆی ئامێرێکی کونکەر یان حەفارەیەکەوە، کەلێنێکیان بخستایەتە عەمباری تفاقەکەمانەوە و موەلیدەی کارەباکانیان دابگیرساندایە، تا بە غاز ژەهراویمان بکەن."

"ئەوە باشتر بوو لەوەی هەلاهەلامان بکەن. وا نییە؟"

حەزم دەکرد پەلاماری سەرکردەی پاسەوانە میللیەکانم بدەم و لەگەڵ زەوییەکەدا تەختی بکەم، بەڵام شەکەتم.

"مەنسوور، ئینسان کە قسەی باشی پێ نەبوو، وا چاکترە بێدەنگ بێت."

"فەریق سنووری تێپەڕاند..."

بە دەنگێکی گڕ و کەمێک لەو تووڕەییەوەی، کە خەریک بوو لە ناخمدا جۆشی دەسەند وەڵامم دایەوە. "مەنسوور، پەندێکی ڕووسی هەیە دەڵێت، 'زمان بوەستێ، سەر سەلامەتە'[1]. لەبەر ئەوە ناچارم مەکە بە پلایس زمانت هەڵبکێشم."

لەناکاودا، لە دوورەوە دەنگی تەقینەوەی گەورە هاتە گوێمان. فەریق حەپەسا و خوێن لە ڕوخساریدا نەما.

"هاوپەیمانانی باکووری ئەتڵەسی، دەستیان بە بۆردومانەکەیان کرد."

مەنسوور بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە وتی، "سەبر، کە هاوڕێ، لە ئەنجامگیرییەکانتدا پەلە دەکەیت."

فەریق بەپەستییەوە وتی، "کەواتە ئاوا؟"

سەرکردەی پاسەوانان بەسووربوونەوە وتی،

"بە هەرحاڵ، بەڕاستی جێی داخە فەریقێک جیاوازی لەنێوان تەقینەوەی بۆمبێک و دەنگی قازیفەدا نەکات."

حەزم دەکرد لەو کاتەدا، دەست بدەمە تفەنگێک و ئەم بێشەرمە بکوژم، بەڵام ساردوسڕییەکەی پاشگەزی کردمەوە. لێم پرسی، "ئەی بە ڕای تۆ ئەوە چییە؟"

---

١ زمان بوەستێ، سەر سەلامەتە. Yazik moi vrag moi

مەنسوور بەبێدەربەستییەکەوە وەڵامی دامەوە، کە وای لێ کردم پەشیمان ببمەوە لەوەی، دەمانچەکەم لە ژوورەکەم جێ هێشتووە.

"ئەوە موعتەسیمە، عەمباری ئازووقەکە لە کەرتەکەی دەتەقێنێتەوە، تا نەکەوێتە دەستی یاخیبووەکانەوە."

وەزیر بۆڵەیەکی کرد، "ئەی چۆن ئەوەت زانی؟"

مەنسوور بە دەنگێکی بەرز وەڵامی دایەوە، "فەریق، تۆ خۆت ئەو ئەرکەت پێ سپارد. پێدەچێ ئەم دۆخە پڕترسە، هەموو ئەو فەرمانانەی بیرت بردبێتەوە، کە بە ڕاست و چەپدا دەزت دەکردن."

لە سەرێکەوە لەو هەڵوێستەی فەرماندەی پاسەوانان قەڵس بووم و لە سەرێکی ترەوە هەستم بە ئاسوودەییەک کرد، کە ئەوەی بیستمان هەر هۆشدارییەک بوو و هیچی تر، بۆیە پێم وت، "بێدەنگ بە، ڕێگەت نادەم لە ڕێزی وەزیرەکەم کەم بکەیتەوە. ڕووداوەکان خێرا تێدەپەڕن و ئەویش ئەوەندەی لە توانایدایە تەقەللا دەدات فریایان بکەوێ، بەڵام تۆ بە میزاجە دەمدەمییەکەی خۆت هەراسانمان دەکەیت."

"ئەمە مانای ئەوە نییە نابێ وریا بین. یاخیبووەکان بوون بە قاچاخچیی چەک. هەرچی چەکی عەمباری ئەکمی و هەندێ عەمباری تر هەبوو، بە نرخێکی زۆر کەم فرۆشتوویانە. بەپێی دوا زانیاریشمان، کەتیبەی شۆڕشگێڕەکان، ئەوانەی سالانێک لەسەر ئەم خاکەی خۆمان مەشقمان پێ کردن و پارەمان پێ دان و تێرمان کردن، وا خەریکن دەچنە پاڵ ئیسلامییەکان."

"پروپاگەندەی درۆن! ئەو شۆڕشگێڕانە وەکو کوڕی

خۆم وان. خائینەکان ڕاویان ناون، تا بکەونە داویانەوە. سەیفولئیسلامی کوڕم وا هەوڵ دەدات بیانهێنێتەوە و دژەهێرشێکی فراوان ڕێک بخات، تا لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، ئاسەواری ئەو سوپایە بسڕێتەوە کە یارییەکە بە دەستی خاچپەرستەکانەوە و چۆنیان بوێ ئاوا دەیجووڵێنن."

مەنسوور بە ناوچەوانگرژی و دەبەنگییەوە، بە دەستی جووڵەیەکی کرد و هەڵسا و هۆڵەکەی جێ هێشت.

ئەبوبەکر پێی وتم، "وازی لێ بێنە و دڵت لێی نەڕەنجێت. ماوەیەکە دڵی تەنگە و ناڕەحەتە."

"نامەوێ لە بەردەمی مندا، کەس دڵی تەنگ بێت. چارەکەسەعاتێک لەگەڵ ئەم پیاوە بەزیو و ڕەشبینەدا، یەکسانە بە ساڵێک لە بێگاری. بێزار و تووڕەم دەکات."

"گەورەم، من لێت تێدەگەم. دێتەوە سەر خۆی."

"باشە، من دەچمەوە بۆ ژوورەکەم. ئەمیرەم بۆ بنێرە."

بەر لەوەی بڕۆم، بە پەنجە دام لەسەر سنگی فەریق و پێم وت، "لەنزیکەوە چاودێریی مەنسوور بکە، ئەگەر هەوڵی ڕاکردنی دا، بەبێ دوودڵی بیکوژە."

فەریق لە کاتێکدا چاوی لە ئەرزەکە بڕیبوو، سەری ئەرێی لەقاند.

٥

کاتێک ئەمیرە هات بۆ لام، من لەسەر سیسەمەکە پاڵکەوتبووم و عەمامەکەم دابوو بە دەموچاومدا. ئەمیرە ژنێکی پتەوە، بەژن ڕێک و وریایە، کەمێک ڕەشتاڵەیە، قژی درێژە و مەمکەکانی پڕن. هەر لە سەرەتاوە، یەکێک بوو لە پاسەوانەکانم. جەنگاوەرێکی ئازا و خۆڕاگرە و نازانێ ماندووبوون چییە، لەو کاتەوەی دەستی بە خزمەت کردووە، لێم جیا نەبۆتەوە. لەخۆباییە، بەڵام تا بڵێی بەوەفایە. ئەو کاتانەی هێشتا لاو بووم، هەندێ جار بانگم دەکرد پێکەوە نانمان دەخوارد و پێکەوە دەخەوتین.

پێی دا بە ئەرزدا و سڵاوێکی سەربازییانەی بۆ کردم. بە جلوبەرگی سەربازیی کۆماندۆزە چەتربازەکانەوە، باڵای بەرزتر دەنوێنێت.

فەرمانم پێی دا، "ئادەی پەستانی خوێنم بگرە."

قاییشی جانتایەکی بچووکی کردەوە و ئامێری پەستانپێوەکەی دەر هێنا.

پزیشکە فەرمییەکەم لە ڕۆژی دووەمی بۆردومانەکەی هێزە هاوپەیمانانەکاندا، لە تەرابلوس دیار نەما. ئیتر لەو ڕۆژەوە، ئەمیرە بوو بە پەرستاری متمانەپێکراوم.

لە بارەگای سەرکردایەتیی گشتی، دووسێ پزیشکمان هەبوون، بەڵام هەر لە ڕووی خۆپارێزییەوە، دەسبەرداری خزمەتەکانیان بووم. لە تەمەنی یاخیبووەکاندان و ڕەفتاریان بەلامەوە جێی متمانە نەبوو.

"گەورەم، پەستانی خوێنەکەت سروشتییە."

"زۆر باشە. ئێستاش دەرزییەکەم لێ بدە."

زەرفێکی بچکۆلەی هیرۆیینی لە جانتاکە دەر هێنا و کردییە ناو کەوچکێکی گەورەوە و چەرخێکی داگیرساند.

هەردوو چاوم نووقاند، قۆڵە ڕووتەکەم لەتەنیشتمەوە درێژ کرد. لە دەرزی دەترسم. ئەم ترسەش لە سیانزدە ساڵیدا لام دروست بوو، کاتێ پەرستارێک دەرزییەکی لە سمتمدا شکاند. ئەوە بووە هۆی ئاوساوی و بۆ چەند هەفتەیەک لە جێدا کەوتم.

ئەمیرە قۆڵی بەستم و دووسێ جار بەنەرمی کێشای بە قۆڵمدا، تا دەمارێکم بدۆزێتەوە. کە قۆڵمی شل کردەوە، لێم پرسی، "چەند دەرزیم ماوە؟"

"شەش دەرزی، گەورەم."

"ئەی هیرۆیین؟"

"سێ زەرف."

"تۆ دڵنیایت دەستی کەسیان پێ ناگات؟"

"گەورەم، بۆ یەک سات چییە، ئەم جانتایە لە من جیا نابێتەوە. هاوڕێی خەو و بێداریمە."

جانتاکەی پێچایەوە و چاوەڕێی فەرمانی من بوو، کە زانیی بێدەنگم، خۆی ئامادە کرد جلەکانی دابکەنێت.

"نا، ئەمشەو نا. مێشکم زۆر ساف نییە. تەنها قاچەکانم بشێلە."

ئەو قۆچانەی سەرسنگی داخستنەوە، کە کردبوونییەوە و قەیتانی پێلاوەکانمی کردەوە.

ئای لە ژنان...

بە سەدان ژن مولکم بوون.

لە هەموو جۆرێک؛ هونەرمەند، ڕۆشنبیر، کچ، کارەکەر، ژنی لێپرسراوەکان، چ ئەوانەی پیاوی خۆم بوون و چ ئەوانەی دژم بوون.

بەنۆرە لەگەڵیاندا دەخەوتم.

ئاماژەکەش ئاسان بوو، دەستم دەخستە سەر شانی ئەو ژنەی هەڵم دەبژارد، ئیدی دواتر و سەرلەئێوارە، پیاوەکانم وەکو دیارییەکی بە قردێلەپێچراو بۆیان دەهێنام. پاشان سیسەمەکەم بە پێخەفی ئاوریشمینەوە، پڕ دەبوو لە نەشئەی جەستە.

تێیاندا بوو بەرهەڵستیی دەکرد. چەند کەیفم دەهات، کاتێ وەکو ئەو ناوچە یاخییانەی کە شاڵاوم بۆ دەبردن، شاڵاوم بۆ ئەوانیش دەبرد. کاتێکیش دەمدان بە زەویدا و تەسلیم دەبوون، هەستم بە ڕەهاییی دەسەڵاتی خۆم دەکرد و نەشئەیەک دەیگرتم، نیرڤاناش[1] نەیدەگەیشتی.

---

[1] نیرڤانا لە بوودیزمدا، بە مانای بەتاڵبوونەوە دێت لە هەموو ئازارەکان. هەڵبەتە ئەمە حاڵەتێکە دوای تێرامانی قوول و درێژخایەن دێت و ئەو کەسە کاتی بەو حاڵەتە دەگات، چیی تر هەست بە کاریگەرییەکانی دەرەوەی خۆی ناکات و بە نەشئەیەکی ڕۆحیی گەورە دەگات.

شت نییە لە ژن جوانتر و بەنرختر بێت. تەنانەت ئاسمانیش، بە ملیارەها ئەستێرەکانیەوە، ناتوانێ ئەوەندەی تارماییی ژنێکی دۆستم، خەونەکانم بورووژێنێت. شیعر و شکۆ و لاوێتی و ئیمان چین، ئەگەر نەبنە ڕێگای گەیشتن بە ماچێک یا باوەشێک یان چرکەساتێکی بەختەوەریی ناو ئامێزی ژنێکی دڵنشین، لە شەوێکی هەورینداا... ئەگەر هەموو گەنجی دنیا هیی من بێت و ژنێک پێم ڕازی نەبێت، وا هەست دەکەم هەژارترین کەسی دنیام.

لە قوتابخانەی سەبها لە فەززان، ئەو ئازارە گەوردیەم چەشت کە پێی دەڵێن خۆشەویستی. تەمەنم پانزدە ساڵان بوو، هەندێ زیپکە بە دەموچاومەوە بوون و تازە سمێلم مووگرە بووبوو و خەتی دابوو. فاتن کچی بەڕێوەبەرەکەمان بوو، جاری وا بوو دەهات و سەیری ئێمەی کوڕانی دەکرد. کە لە یاریگاکەی قوتابخانەکە شەڕمان دەکرد و پەلاماری یەکمان دەدا. بە چاوەکانیەوە کە لە ئاسۆ گەورەتر بوون، دەتوت لە خەونی هاوینێک هاتۆتە دەرێ. پێستێکی ناسک و قژێکی ڕەشی درێژی هەبوو، کە بەسەر پشتیدا پەخش بووبوو. هەر کە بینیم عاشقی بووم. شەوانی خەوزڕانم پڕ دەبوون لە بۆنە خۆشەکەی ئەو. هەر کە چاویشم دەنووقاند، یەکسەر دەهاتە بەرچاوم.

نامەی دڵداریی پڕکەفوکوڵم بۆ دەنووسی و بۆ تاقە جارێک چییە، نەمتوانی یەکێک لەو نامانەی بدەمێ. لە حەساری قوتابخانەکەدا، لەناو خانوویەکدا دەژیان، کە دەرگایەکی گەورەی هەبوو و پەردەی پەنجەرەکانیشی بەردەوام دادرابوونەوە. پەڕینەوە بەو تەیمانەدا، کە لەنێوان

من و فاتندا بوو، دەتوت پەرینەوەیە بە شوورە گەورەکەی چیندا.

من ناچار بووم بچم بۆ میسراتە، تا لەوێ درێژە بە خوێندنەکەم بدەم، بۆیە چیی تر فاتنم نەدەبینی.

پاش چەند ساڵێک لە تەرابلوس دۆزیمەوە، ماڵیان بۆ ئەوێ گواستبۆوە. دەتوت چارەنووس دەیەوێ قەرەبووی نائومێدییەکانم بکاتەوە. فاتن دەبێ بە نسیبی من بێت!

بە جلوبەرگی ئەفسەرێکی لاوی "گەیاندن"دوە و بەلەخۆباییبوونێکەوە، چووم خوازبێنیی بکەم. پاکەتێک شیرینیم بە دەستەوە بوو، لە بەناوبانگترین شیرینیفرۆشی شار کڕیبووم.

ئێستاش وردەکاریەکانی ئەو ڕۆژەم لەیادە. چوارشەممە بوو، دوای گەڕانەوەم بەسەرکەوتوویی، لە دەورەیەکی سەر بە هێزەکانی بەریتانیا، مۆڵەتێکی تایبەتیم وەر گرتبوو. دڵم زۆر خۆش بوو و بە درێژاییی ئەو شەقامەی ڤیللا کەشخەکان دەوریان دابوو، نەمدەتوانی بە خەتێکی ڕاست بڕۆم بە ڕێدا. درەختەکانی ئەکاکیا سیبەریان بۆ شوورەکان کردبوو و بۆنی خۆشیان بەو ناوەدا بڵاو بردبووەوە. ئۆتومبێلە گەورەکانیش وەکو کەشتییەکان، لەژێر هەتاودا دەبریسکانەوە. کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ بوو. دڵم بە جۆرێک لێی دەدا، هەستم نەدەکرد بە ڕێدا دەڕۆم، بەڵکو هەستم دەکرد دەفڕیم.

پەنجەم بە ژمارە شەشدا نا و کەمێک چاوەڕێم کرد، بەڵام وام دەزانی زەمانێکە. بە جلە شێکە سەربازییەکەمەوە و لەژێر ئۆتۆمانەکەدا دەتشنوم، ما سەر ئارەقە، وەلێ بە پیلاوە عەسکەرییەکەمەوە ڕێک و قیت بووم و وەکو

سەرکردەیەک بۆ وێنەیەکی یادگاری وەستابێت، کە نەوەکانی شانازیی پێوە بکەن، قۆز دەمنواند و بە خۆمدا دەمنازی.. کارەکەرێکی ڕەشپێستی زەبەلاح دەرگاکەی لێ کردمەوە و بەناو باخچەیەکدا بردمی، کە گوڵەکانی زۆر بەجوانی ڕێک خرابوون. ڕاڕەوەکە بە بەردی سپی بەردرێژ کرابوو، بەردەکان دەتوت پارچەی هەورن. ئەمە یەکەم جارم بوو بچمە ماڵی لیبیاییەکی بۆرژواوە. کەشخەیی خانووەکە، ڕەگوڕیشە خاکییەکەی خۆمی بیر هێنامەوە، بەڵام گوێم نەدایێ.

من ڕەوتی ژیانم شایەتحاڵم بوو. لە پلەی خوارەوەی پەیژەکەوە دەستم پێ کرد و یەکەیەکە ئەو لەمپەرانەم بڕی، کە وەکو ڕێسای کۆمەڵایەتیی پێشوەختە دانراو، وا بوون. خێزانەکەمان ئەوەی هەیانبوو لە مندا خەرجیان کرد، تا یەکەم کوڕی خێڵەکەمان بم بچمە قوتابخانە و بخوێنم. دەشمزانی لەبەر ئەوە، هەرچییەکم کردووە دەبێ لە خوێندنەکەمدا سەرکەوتوو بم و بۆ هەموو دنیای بسەلمێنم، کە بە ئامانجی خۆم گەیشتووم.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی جارانمان زۆر گۆڕابوو. هیچ شتێکی لەو پیاوە ڕەنگزەردەی جاران نەدەچوو، کە بە پانتۆڵێکی کاڵەوە ژیانێکی تەوەزەلانەی لە سەبها دەبردە سەر. لە بەردەرگاکە چاوەڕێم بوو، قاتێک بیجامەی بەسەر جلی نوستنەکەیەوە پۆشیبوو، کە سوورێکی تۆخ بوو و نەخشی گوڵەشلێری لەسەر بوو. ڕەنگی نەعلەکانی، لەگەڵ ڕەنگە سوورەکەی قاچەکانیدا نەدەگونجان. بە پەنجە پەمەییەکانی، یاریی بە دەنکەکانی تەزبیحەکەی دەستی دەکرد، نیشانەی

ژیانێکی هێمن و خۆشگوزەران بوو، کە دیار بوو سازشی کردووە لەپێناوی بەدەسهێنانیدا.

فەرمووی لێ نەکردم بۆ ئەو ژووری میوانەی لە کۆتاییی ڕاڕەوەکەوە دیار بوو و بە ئاوریشم و کەلوپەلی کەشخە ڕازێنرابووەوە. منیش گەرچی جلی سەربازیم لەبەردا بوو، بەڵام هەوڵم دا ڕەفتارم زۆر ڕێکوپێک بێت. بردمی بۆ هۆڵەکە و لەوێ فەرمووی لێ کردم لەسەر کورسییەک دانیشم. دیار بوو ئەو هۆڵە بۆ پێشوازیکردنی خێرا لەو کەسانە بوو، کە بە شاییستەی نەدەزانین پێ بخەنە سەر فەرشی ماڵەکەی. نە قاوەی دامێ و نە چا، هیچ بایەخێکی بە پاکەتە شیرینییەکە و بە جۆشوخرۆشی عاشقانەی منیش نەدا. شتێک هەبوو پێی دەوتم، کە ڕێگای ڕاستم نەگرتۆتە بەر، بەڵام خۆشەویستیم بۆ فاتن، نەیدەویست ددان بەوەدا بنێت.

باوکی فاتن هەوڵی دا خۆی میهرەبان پیشان بدات، میهرەبانییەکی ساردوسڕ. لێی پرسیم سەر بە چ خێڵێکم، هۆزی غەوسی پێ شتێکی ئەوتۆ نەبوو. هەڵبەتە شتێکی بەڵگەنەویستە، کە کەیفی بە خەڵکی سارانشین و کۆچەرییش نەدەهات. نیشتەجێبوونی لە فەززان، وای لێ کردبوو زیاتر هەست بە شارنشینێتیی خۆی بکات. شارنشینێک، کە فڕێ دراوەتە پەنایەکی ونبووەوە، کە بۆنی فڕنی پشتگوێخراو و پشقلی بزنی لێ دێت، بەڵام ئەوەتانێ ئێستا، برایەکی دیپلۆماتی هەیە و زاوایەکیشی ڕاوێژکاری وەلیعەهد ئەمیر حەسەن ڕەزایە و ئاسەواری بیابان و کۆچەری لە زەینیدا نەماوە.

بەڕەقی، بەڵام بە میهرەبانییەکی ساختەوە ڕووی تێ

کردم و وتی، "لاوەکە، ڕاستت دەوێ شێوازی ڕەفتارتم بەلاوە سەیرە."

"گەورەم، دان بەوەدا دەنێم کە سەرپێچیی عورف و عادەتم کردووە، باوکم و دایکم لەمە ئاگادارن، بەلام شوێنەکەیان زۆر دوورە."

"با دووریش بێت. مەسەلەی ژن و ژنخوازی مەسەلەیەکی جیدییە و ئێمەش داب و نەریتی خۆمان هەیە. یەکێک کە دەیەوێ ژن بهێنێت، خۆی نایەت بۆ خوازبێنیی کچەکە، ئەویش چۆن، لەناکاوێکدا و بەتەنیا و بێ هیچ شایەتێک."

"گەورەم جەنابت ڕاست دەکەیت. من ئەوەندە نابێت لە ئینگلتەرە گەڕاومەتەوە و ماوەیەکی کەمیشە، پەیوەندیم بە یەکە تازەکەمەوە کردۆتەوە. بە هەزار حاڵ مۆڵەتی چلوهەشت سەعاتیان داومەتێ، ئیتر هاتم بۆ شار و ئەمەم بە دەرفەت زانی."

بە نیمچە گاڵتەپێکردنێک و نیمچە شڵەژاوییەکەوە، دەستێکی بە پەڕەی لووتیدا هێنا.

"مولازم ئەوەل، تۆ چۆن کچەکەمت ناسی؟"

"من کاتی خۆی قوتابیی خۆت بووم، گەورەم. ئیتر کاتێک کچەکەت بەلای یاریگای قوتابخانەکەدا دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دەمبینی."

"قەت یەکترتان بینیوە؟"

"نەخێر، گەورەم."

"ئەی نامەگۆڕینەوە هەبووە لەنێوانتاندا؟"

"نەخێر، گەورەم."

"ئەی ئەو ئاگای لەو خۆشەویستییەی تۆیە بۆی؟"

"بڕوا ناکەم، گەورەم."

بەدەم سەیرکردنێکی کاتژمێرەکەیەوە وتی، "ئحمم!"

بێدەنگییەکی بەدوادا هات، خەریک بوو دەیتاساندم. پاش کەمێک بیرکردنەوە، ڕووی تێ کردم و بەپیاهەڵدانێکەوە وتی، "تۆ گەنجێکی لەشساغ و ژیریت. ئایندەیەکی گەش چاوەڕێتە."

منیش جەختم لەسەر کردەوە، "بەڵێ، دڵنیا بە کچەکەشت لە هیچی کەم نابێت."

"مولازم ئەوەل، ئەو هەرگیز لە هیچی کەم نەبووە."

نازانم بۆچی لەپڕێکدا هەستم کرد ڕقم لێیەتی، دەموچاوێک لە دەموچاوی کونەپەپوو دەچێت، بە چاویلکەکەی سەر لووتیەوە، کە دەڵێی هیی سەردەمانێکی زووە، دەنگیشی دەڵێی لە گۆڕستانەکانەوە دێت.

غیرەتم دایە بەر خۆم و بە دەنگێکەوە، کە دەتوت لوو لە قوڕگمدا گیر بووە، پێم وت، "بۆ من شەرەفێکی گەورەیە، ئەگەر دەستی کچەکەتانم بدەنێ."

پێکەنینێکی هات، قووتی دایەوە. ناوچەوانی گرژ کرد و نیگایەکی تێ گرتم، هەستم کرد توامەوە و ئەرز قووتی دام. پێی وتم، "مولازم ئەوەل، تۆ خەڵکی لیبیایت و باش شارەزای دابونەریت و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگایەیت."

"گەورەم، نازانم مەبەستتان چییە."

"بەڵێ، باش لە مەبەستم تێدەگەیت. وەکو چۆن لە سوپادا پلەبەندی هەیە، لە کۆمەڵگاشدا بە هەمان شێوە."

بۆ خواحافیزی، دەستی تەوقەی بۆ درێژ کردم.

"من دڵنیام کچێک دەدۆزیتەوە، کە لە ئاستی خۆتدا بێت و بەختەوەرت بکات."

نەمتوانی دەستمی بۆ درێژ بکەم، بۆیە دەستی ئەو لە بۆشاییدا مایەوە.

ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو. ڕووم کردە کەناردەریا تا لەوێ شکانەوەی شەپۆلەکان بەسەر گاشەبەردەکاندا ببینم. حەزم دەکرد قیژەیەک بقیژێنم، هاژەهاژی شەپۆلەکان بێدەنگ بکات و ترسی تیگام، هەڵکشانەکەی دەریا ناچار بە کشانەوە بکات. "من دڵنیام کچێک دەدۆزیتەوە، کە لە ئاستی خۆتدا بێت و بەختەوەرت بکات..." تا ماوەیەک لەمەوبەر کارمەندێکی بچووکی بێدەسەڵات بوو، ئەوەندەی گرنگیی بەوە دەدا مێش لە خۆراکەکەی دەر بکات، ئەوەندە ئاگای لەو قوتابییە گێرەشێوێنەی نەبوو، کە بەدزییەوە لە ئاودەستەکانی قوتابخانەکەیدا جگەرەیان دەکێشا. هەر زوو ئەوەی لەبیر چووە، کە بە جووتێک نەعلی شرەوە دەگەڕا، یان ئەو ڕۆژەی کە بە جەستە باریک و بنیسەکەیەوە، لە بەردەمی کێکێکدا لێک بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە، کە دایکی یەکێک لە قوتابییەکان و هەکو سوپاسگوزارییەک بۆی هێنابوو. بەڕێوەبەرێکی کلۆڵی لایکەرتە، کە قەزان بە هەموو قاتوقڕییەکەیەوە نەیدەتوانی بچووکترین ڕێزی لێ بنێت، بەڵام ئەوەندەی بەس بوو، خۆشکەکەی بە وەزیرێکی پیر دا بە شوو و بە هۆی ئەوەوە، لە شەو و ڕۆژێکدا بوو بە خاوەن پێگە و بایەخ و سووڕابی کەوتە ڕوومەتەکانی. ئێستاش بە من دەڵێت، "کچێک دەدۆزیتەوە، کە لە ئاستی

خۆتدا بیت." ئەگەر تووشی کارەساتیک ببوومایە و لەناوی ببردمایە، هیشتا ئەوەندەی ئەو دەنگە قرخنەی کاریگەریی لەسەر نەدەکردم، کە لە میشکمدا دووبارە و چەندبارە دەبۆوە و فرێی دەدامە ئەوپەڕی قوولاییەکانی تاریکییەوە.

لەو سووکایەتیپێکردنەی خۆش نەبووم.

ساڵی ١٩٧٢، واتە سێ ساڵ دوای ئەوەی دەسەڵاتم گرتە دەست، بەدوای فاتندا گەڕام. شووی بە بزنسمانێک کردبوو و ببوو بە دایکی دوو کوڕ. بەیانییەکیان پاسەوانەکانم بە چاوی گریاناوییەوە بۆیان هێنام. سێ هەفتەی ڕێک لای خۆم هێشتمەوە و بە کامی دڵ لەگەڵیدا ڕام بوارد. تۆمەتێکیش بۆ مێردەکەی هەڵبەسترا، گوایە سەرمایە دەباتە دەرەوە و بەو تۆمەتە دەسبەسەر کرا. باوکیشی، ئێوارەیەکیان بۆ پیاسە و گەڕان چووبووە دەرەوە، بەڵام ئیتر چاوی بە ماڵەوە نەکەوتەوە.

ئیتر لەو کاتەوە، هەرچی ژن هەیە بە مولکی خۆمم دەزانی.

٦

لەژێر هەتاوە سووتێنەرەکەی فەززاندا، لە کاتێکدا، سەراب لە تەقەللادایە شێوەیەک وەر بگرێت و باهۆزێکی ڕەنگ مسین بەسەر چەوە داخەکاندا هەڵی کردووە، لەسەر تاتەبەردێک ڕاوەستاوم، کوڕێک بە جلوبەرگێکی شڕەوە تەماشای خاڵێکی ڕەش دەکات، تاوێک دەر دەکەوێ و تاوێک لە تراویلکەی بیاباندا ون دەبێت.

ئاخۆ ئەو خاڵە قەلەڕەشە یان چەقەڵ؟

دەستەکانم بەدەوری چاوەکانمدا، بە شێوەی بازنە لێ کرد و لێی ورد بوومەوە.

خاڵە ڕەشەکە تا زیاتر لێم نزیک دەبۆوە، گەورەتر دەبوو. منیش هەر چاودێریم دەکرد. خێوەتەکەی خاڵمە. کەس لەناویدا نەبوو، جگە لە تانجییەکی دووسەر کە بۆنی دواوەی خۆی دەکرد، هەروەها تاوسێک، کە وەکو مێشی پێوەبووی ناو تەونی جاڵجاڵوکەیەک، ئەویش لە قەفەسەکەیدا گیرۆدە بووبوو. هیچ بوونەوەرێکی زیندوو لەئارادا نەبوو.

لەسەر مێزێکی مسینی نزم، لەپەنا زینێکی کۆنی بەزیوچنراودا، قۆرییەک دانراوە کە پڕیەتی لە قالۆنچەی ڕەنگ سەدەفی. کوپە چایە لەسەریەک ڕیزکراوەکان، دەڵێی قەدی دارخورمایەکە، کە گەڵاکانی لە شێوەی پەنجەی ژنانەدایە و نینۆکە لوولەکانیان وا دەکات ئەوەندەی تر درێژ بنوێنن. لە گۆشەیەکیشدا دارعوودێک دەسووتێ، دووکەڵە پێچاوپێچەکەی، بەقووڵی ڕووناکییە کزەکە دەڕووشێنێت. لە خامۆشیی ئەو گەرما سووتێنەرەدا، جگە لە جیرەجیری خولخولۆکەیەکی گەورە، هیچ دەنگێکی تر نابیسترێ. چوارچێوەی گەورەی تابلۆیەک، بە ئەستوندەگی خێوەتەکەدا هەڵوسراوە، کە بەهێواشی بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. جیرەجیرەکە هیی خولخولۆکەکە نەبوو، بەڵکو هیی ئەو گوریسەیە، کە لای چوارچێوەکەوەیە. چوارچێوەکە بەتاڵە.

ترس دای گرتووم.

تەزوو بە لەشمدا دێت.

بە شێوەیەکی غەریزی، قاچێکم خستە ناو چوارچێوەکەوە و قاچەکەی تریشم بەرز کردەوە، وەک ئەوەی بەناو ئاوێنەیەکدا تێبپەڕم. کاتێک بە خۆم زانی، لەناو کۆمەڵێک منداڵدا دانیشتووم جلی شڕیان لەبەر دایە و بە دەنگێکی بەرز قورئان دەخوێننەوە و لەسەر لەوحەکانیان خۆیان با دەدەن. ناسیمەوە، ئەو قوتابخانەیەیە، کە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا قورئانم تیا دەخوێند، دیوارەکانی قوڕن و ساپیتەکەی دارەڕێژ کراوە. دارەکان مۆرانە لێی داون. شێخ، پاڵتۆ سەوزەکەی لە خۆیەوە پێچابوو و دەموچاوی بەئەستەم لەژێر قژە بژەکەیەوە دیار بوو. بەسەر باڵیفەکەیەوە خەو دەیبردەوە

و دەنگی ناسازی جۆقەی قوتابییەکانی دەیانلاواندەوە. کاتێ ژاوەژاوی قوتابییەکان کەم دەبۆوە، کوێرانە دارەکەی دەستی بۆ سەر شانی یەکێکیان دەوەشاند، تا سەرلەنوێ جۆشوخرۆش بخاتەوە ناویان و خۆیشی بگەڕێتەوە بۆ دۆخی حەوانەوەکەی. شێخ زۆر لەو قوتابییە گێرەشێوێنانە دەترسا، کە بەدزییەوە دەزەڕین یان پێدەکەنین. وەختێ یەکێکمانی لە دۆخێکی وادا ببینیایە، وانەکەی ڕادەگرت و بازنەیەکی لێ دروست دەکردین و تاوانبارەکەی دەخستە ناوەڕاستەوە و فەلاقەیەکی چاکی دەکرد. ئەم جۆرە سزادانە، ئازارێکی لا دروست دەکردم، تا ماوەیەکی زۆر ئاسەواری دەمایەوە.

لەناکاودا، شێخ بێدار دەبێتەوە و وەکو باڵندەیەکی گۆشتخۆر، چاو دەخاتە سەرم. "بۆچی لەگەڵ هاوڕێکانتدا ئایەتەکان ناڵێیتەوە؟ کوا لەوحەکەت؟ چییە؟ حاشات لە دینەکەت کردووە هەی سەگ؟" بە دنیایەک سووکایەتیپێکردنەوە، هاوار دەکات بەسەرمدا. وەکو مووساش دارعەساکەی دەستی فڕێ دەداتە سەر زەوییەکە و یەکسەر دەبێتە مارێکی ڕەشی ترسناک، مارەکە لە سەریەوە تا کلکی دەلەرزێ، زمانە دووفاقەکەشی لە زمانەی ئاگری دۆزەخ دەچێت.

خەریک بوو دڵم دەتەقی، کاتێ قنسنت قان گوخم لە شێوەی شێخەکەدا بینی.

بەترسەوە خەبەرم بۆوە و دڵم کەوتبووە تەپەتەپ و گەرووم وشک بووبوو. وام لە ژوورەکەی سەرەوە، لەسەر سیسەمەکەم. ئەمیرە ڕۆیشتووە.

ڕاست بوومەوە و سەرم خستە نێوان دەستەکانمەوە، ئەو کابووسە پەشۆکاندبوومی...

عادەتەن، ئەو بڕە هیرۆیینەی ڕۆژانە وەری دەگرم، خەوێکی خۆشم لێ دەخات و هێز و وزەم تازە دەکاتەوە. بەڵام ماوەی چەند هەفتەیەکە، ئەم کابووسە ناهێڵێت تۆزێک پشوو بدەم.

سەربردەی من لەگەڵ ڤان گوخدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندنی ئامادەییم. ڕۆژێکیان لاپەڕەکانی کتێبێکم هەڵدەدایەوە. کە لە هاوپۆلێکی خۆم وەرم گرتبوو، پۆرترێتێکی ڤان گوخم تیا بینی. تا ئێستا نازانم ئەوەی ئەو ڕۆژە بەسەرم هات چی بوو. من هەرگیز ناوی ڤان گوخم نەبیستبوو.

ئێستاش لەیادمە، چۆن بەرامبەر بەو تابلۆیە واقم وڕمابوو. کڵاوێک نیوەی تەوێڵی داپۆشیوە، لەفافێکیش لە گوێیە بڕاوەکەی پێچراوە. نیگاکەشی نیگایەکی نارۆونە، وەک ئەوەی نیگارکێشەکە هەست بە ئەفسووس بکات، لەوەی هاتۆتە ئەم دنیایەوە. بە دیوارەکەی پشتیەوە پیتی ژاپۆنی هەیە، کە نیگارکێشەکە پشتی تێ کردووە. بەدوودڵی لەناو مەرسەمە پەڕپووت و ساردەکەیدا بەپێوە ڕاوەستاوە و پاڵتۆیەکی سەوزی ترسناکی لەبەر کردووە.

هەمیشە ئەو وێنەیەم لەگەڵدا بووە و لێم جیا نەبۆتەوە. لەناو پێچەکانی نەستمدا هەڵکەنرابوو و هەر کە ڕووداوێکی گەورە لە ئاسۆدا خۆی پیشان دەدا، وەکو سیخوڕێکی نهێنی دەهات و نەیدەهێشت بحەوێمەوە. هەرگیز لە هۆی ئەوە تێنەگەیشتووم. تەنانەت پەنام بۆ ئیمامێکی نیمچە دوورگەی عەرەبیش برد، کە کابرایەکی بەناوبانگ بوو لە لێکدانەوەی خەوندا، بەڵام سوودی نەبوو.

هیچ شتێک منی بە ڤان گوخەوە نەدەبەستەوە جگە، لە

بەدبەختیی ژیانی منالی، کە ئەو لە تابلۆکانیدا بەرجەستەی کردووە، ئەو تابلۆیانەی تا خۆی لە ژیاندا بوو، پاروویەکیان بۆ خاوەنەکەی دابین نەدەکرد، کەچی ئەمڕۆ بە سەروەتێکی خەیاڵی دەفرۆشرێن.

هیچ پەیوەندییەک نادۆزمەوە ئەوەم بۆ لێک بداتەوە، کە ئەم نیگارکێشە نەفرەتییە بۆچی هاتۆتە ژیانی منەوە، گەرچی باوەڕم بەوە هەیە، کە هەر دەبێ لێکدانەوەیەکی هەبێت. من جگە لە مۆسیقای خۆرهەڵاتی، بایەخم بە هیچ هونەرێکی تر نەدەدا. بگرە دان بەوەدا دەنێم، کە ڕقم لە نیگارکێشە هاوچەرخەکانە. من بە تێکدەریان دەزانم، وەکو ئەو شاعیرە دەروەستانەی بێبەهرەن و لە ئەفسوونی ڕاستەقینە بێبەشن. ئەوانە ڕەنگدانەوەی مۆدەن، شێوازێکە لەو شێوازانەی دەیانەوێ وەهمی ئەوە لای خەڵک دروست بکەن، کە دارمانیش جۆرێکە لە پێشکەوتنی شۆڕشگێڕانە، یان کێشانی خەتێکی سووری بێمانا، لە توانایدایە بێبەهرەیەک بخاتە ئاستی بەهرەمەندانەوە. ئەمەش بە هۆی هەڵسەنگاندنێکی کوێرانەی بێپرنسیپەوە، کە ئەو بەهرە دەسەپێنێت نەک بە پێچەوانەوە.

بێگومان، کاتێ بە سەردانی فەرمی دەچووم بۆ وڵاتانی خۆرئاوا، بۆ ئەوەی وێنەیەکی باش لەسەر کەسێتیی خۆم بەدەستەوە بدەم، هەندێ جار لە بەردەم مۆنۆمێنتێکی هونەریدا، یان مۆسیقایەکی مۆزارتدا سەرسووڕمان و سەرسامیم پیشان دەدا. ئەو مۆزارتەی بە هەموو ئەو بلیمەتییەوەی، کە بەردەوام مایەی بەرزڕاگرتن بووە، نەیتوانیوە بۆ ساتێک هەستم بجووڵێنێت. بەڵای منەوە، هیچ

شتێک لە جوانیدا ناگاتە خێوەتێک، کە لە ناجەرگەی بیابانێکدا هەڵدراوە. هیچ سیمفۆنیایەکیش ناگات بە دەنگی ئەو بایەی بەسەر گردەلمینەکاندا دەگۆڕێت. کەچی وێڕای ئەمە و وەک ئەوەی گاڵتەجاڕیی چارەنووس بێت، ئەو ڤان گوخەی کە نە سەر بە کولتووری منە و نە سەر بە دنیاکەی منە، جادوویەکی بێسنووری لێ کردووم، کە تێکەڵەیەکە لە ترس و لاپرەسەنی.

ئێوارەی کودەتاکەی شەوی ٣١ی ئابی ١٩٦٩، لە کاتێکدا شائیدریس بە مەبەستی چارەسەر چووبوو بۆ دەرەوەی وڵات و ئەفسەرەکانم سەرگەرمی وردەکارییەکانی کودەتاکە بوون، من لە ژوورەکەی خۆم بووم و تا سنووری مەرگ نیگەران و نائارام بووم. ڤان گوخ بە خۆی و چوارچێوە ئاڵتوونییەکەیەوە لەوێ بوو. نیگای هەر لەسەر چاوم بوو. لەناو پێخەفەکەمدا هەر گینگڵم دەدا، باڵیفەکەشم دابوو بەسەرمدا، کەچی تارماییەکەی هەر لێم نەدەبۆوە. دواجار، وەختێ زەنگی تەلەفۆنەکەی سەر تەپڵەکی سیسەمەکەم لێی دا، ئەو نیگارکێشە لە چوارچێوەکەی خۆی هاتە دەرێ و بە پاڵتۆ سەوزەکەیەوە، کە شەمشەمەکوێرە دایان پۆشیبوو، خۆی دا بەسەرمدا. بەدەم هاوارەوە خەبەرم بۆوە و سەرتاپای لەشم نیشتبووە سەر ئارەقە. تەرەفەکەی تری سەر هێڵی تەلەفۆنەکە وتی، "کارەکە جێبەجێ بوو! وەلیعەهد بێ هیچ بەرەنگارییەک تەسلیم بوو، بەڵام شا پێی وتراوە کە گەڕانەوەی بۆ وڵات، لە بەرژەوەندیی ئەودا نییە." بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو، دەستم بەسەر ڕادیۆدا گرت، تا مژدەی ئەوە بە گەل بدەم، کە ئەو شانشینییە خائینەی

خوێنی دەمژین، کوتاییی پێ هێنرا و کۆماری عەرەبیی لیبیا لەدایک بوو.

چەند مانگێک دوای ئەوە، کە بە هاواری ستایشی میللەتەکەم مەست بووبووم، بیرم لە بەزمێکی تر دەکردەوە، تا لە جیهاندا دەنگ بداتەوە. دوودڵ بووم لەنێوان ئەوەی فیرقەکانی بەریتانیا لە وڵات دەر بکەم، یان بنکەی ئاسمانیی ویلۆس لە دەستی ئەمەریکییەکان دەر بهێنمەوە... ئەوە بوو دیسان شەوێکیان ڤان گوخ هاتەوە خەوم و تۆقاندمی. بۆ بەیانی، سەرباری دوودڵیی پاساودراوی ڕاوێژکارەکانم، بڕیاری خۆم دا: نابێ خاچپەرستان لە خاکە پیرۆزەکەی عومەر موختاردا بمێننەوە.

لە ئابی ١٩٧٥دا، هەمدیسان ئەوە ڤان گوخ بوو، کە لە ڕێی خەونێکی پڕ لە توندوتیژییەوە، جارێکی تر لە پیلانێک بەئاگای هێنامەوە، کە دووان لە هاوڕێ زۆر باش و نهێنیپارێزەکانم دژ بە من نەخشەیان بۆ دەکێشا: بەشیر سغەیر هوودی و عومەر مهێشن. خێرا شکستم بە کودەتاکە هێنا و وەکو چۆن یەکێک دوومەڵێک دەتەقێنێت، ئاوا ئەنجومەنی سەرکردایەتیم لە نەیاران پاک کردەوە.

هەموو جارێک ئەو نیگارکێشە نەفرەتییە دێتە خەیاڵم، مێژوو بەردێکی تر دەخاتە سەر بناغەی بیناکەم.

دەڵێم تۆ بڵێی سرووشی کتێبەکەم وەکو سەرکردەیەکی منەودر و ڕەنگی ئاڵای نیشتمانیش کە بۆ لیبیام هەڵبژاردووە، هەر لە ڕەنگی پاڵتۆ سەوزەکەی ڤان گوخەوە وەر نەگرتبێت.

٧

گوێم لە لێدانی دەرگایە.

مەنسوور زۆیە هاتووە، بۆ ئەوەی پاکانە بۆ هەڵەکانی بکات... ئێستا لەم بازاڕی شەڕەدا، دەبێ نرخی ئەم پیاوە چەند بێت؟ گوللەیەک؟ بگرە گوللە لەو بەنرختترە. گاز، خەنجەری کول، گوریس، هەموو ئەمانە کەڵکیان لەو زیاترە. ئەو، سەرکردەی پاسەوانە میلیەکانم؛ مەنسوور زۆی ترسناک، هەمیشە بۆشناخ، بەردەوام بایەخی بە شیکیی جلە سەربازییەکانی دەدا، کەچی ئێستا یەک تۆز بایەخ بە خۆی نادات. ڕیشێکی هێشتۆتەوە، دەڵێی ڕیشی قەلەندەرەکانە، ئێخەی کراسەکەی چڵکن و قەیتانی پێڵاوەکانی شل و کراوە. ئێستا سێبەری یادەوەرییەکی کۆنە و هیچی تر. ئەو نیگایەی جاران دەتوت هەورەبرووسکەیە، ئێستا سنووری برژانگەکانی تێناپەڕێنێت.

بەڕاستی غەمبارم بۆی، بۆ خۆشم، چونکە دەستە ڕاستە

چالاکەکەم بەتەواوی ڕووخاوە.

سەردەمانێک ئەوەندە وریا بوو، هیچ شتێکی بەسەردا تێنەدەپەڕی. ئاگای لە هەموو شتێک بوو، تەنانەت لە هاوار و قیژەی ئەو کچانەی لە ماوەی نێوان دوو نەفەسی هیرۆییندا، پەردەی کچێنییانم دەدڕی. مەنسوور جاران دەتوت شمشێرەکەی دیمۆکلیسە. بەردەوام بێدار بوو و چاودێریی سەرەتا و کۆتاییی هەموو شتەکانی دەکرد. ئاگاداری بچووکترین کاری تێکدەری بوو و هەر لە بێشکەکەیدا زیندەبەچاڵی دەکرد. هیچ شتێک لای ئەو، پەیوەندیی بە ڕێکەوتەوە نەبوو. زۆر بەوردی پۆلیسەکانی خۆی هەڵدەبژارد و لەسەر بچووکترین هەڵە، بە توندترین شێوە سزای دەدان. گومانلێکراوان لە دووکەڵ خێراتر دیار نەدەمان و منیش بەوپەڕی دڵنیاییەوە، چێژم لە شەوەکانی خۆم دەبینی.

"سەرۆک لێم زویر مەبە. چەند هەفتەیەکە حەبەکانم نەخواردووە."

لێی شاردبوومەوە، کە چارەسەر وەر دەگرێت. منێک کە وام دەزانی هەرگیز لاوازی ناتوانێ پەی بەو ببات. وا دەینواند، ماندووبوون و نەخۆشی دەرەقەتی نایەن. تەنانەت خستمە ژێر چاودێریی لێهاتووترین سیخوڕمەوە، لەبەرئەوەی کەسێتییەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو و بەسەر پاسەوانە میللیەکانمدا بالادەست بوو، ئەگەری ئەوە لەئارادا بوو ببێت بە ڕکابەرم. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیش مایەی ورووژاندنی وڕێنەیە، کەواتە لە خەونی کوشندە دوور نین. ماوەی نێوان بارەگای پاسەوانان و کۆشکی سەرۆکایەتی، هەنگاوێکە. تەماحی بێسنووریش پەنا بۆ ڕیسکیش دەبات...

گەرچی من بەرامبەر بە مەنسوور زۆر هەڵە بووم، چونکە ئەگەر بیزانیایە دایکی خراپەیەکی لەگەڵ کردووم، بی هیچ دوودڵییەک دەچوو سەری دەبڕی.

ئاماژەم بۆ کورسییەک کرد.

"حەز دەکەم بەپێوە بم."

بەگاڵتەوە پێم وت، "ماندووبوونتم لە بەرچاوە."

"من زۆر لە خۆم بێتاقەتم."

"لەوەدا هەڵەیت کە بە هۆی چرکەساتێک لاوازییەوە، ئەوەندە لۆمەی خۆت دەکەیت. من لێرەدا، لە سنگمدا دڵێک هەیە لێدەدات."

"من ئەو پێزانینەی تۆ، بە سەرکەوتنی هەموو دنیای ناگۆڕمەوە."

"شایانی ئەوەیت... تۆ پیاوێکی ئازایت. بەڵگەش بۆ ئەوە مانەوەتە لەگەڵمدا."

"ئەوە هەر جرجەکانن، لە کەشتییەک هەڵدێن کە ترسی نوقمبوونی هەیە."

"یانی من بەلای تۆوە بەتەنها کەشتییەکم و هیچی تر؟"

"من مەبەستم ئەوە نەبوو."

چاوم تێ بڕی. بەزەحمەتەوە تفەکەی ناودەمی قووت دا. ئەو ویستی هەڵوێستەکەی پێشووی ڕاست بکاتەوە، کەچی بۆی دەر کەوت، کەرێتییەکی تری خستە سەر کەرێتییەکانی تری.

"ئاخۆ وا باشتر نەبوو، من هەر لە خوارەوە بمامایەتەوە؟"

"پرسیارێکی جوانە."

خوێنساردییەکەم ماندووی کرد. سەری داخست و

قاچەکانی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و بەرەو دەرگاکە ملی نا.

"من پێم نەوتوویت بڕۆ."

دەستی بە کێلونی دەرگاکەوە بوو و دوودڵ بوو.

"بگەڕێرەوە، دەبەنگ."

ئاوڕی دایەوە. لەرزینی لێوەکانی، ڕیشیشی هێنابووە جووڵە.

"هەست دەکەم بەدبەخت بووم و شایانی ئەوە نیم لە حزوورتدا بوەستم."

"شوورەیی ناکەیت، ئەوە چیتە؟ دەترسم ئەو چەقەڵە سەرلێشێواوانە ورەیان پێ نەهێشتبیت، یان دیارە تیاماویت لەنێوان ئەوەدا، کە تەسلیم بیت یان خۆت بکوژیت؟"

"ئیمانم ڕێم پێ نادات خۆم بکوژم، سەرۆک. بۆ خۆڕزگارکردنیش، زیاتر لە جارێک دەرفەتم بۆ ڕەخساوە و نەمکردووە. تەنانەت بەڵێنی مەنفایەکی ئاڵتوونیشیان دامێ، گەر خۆم ڕادەستی ئەوان بکەم. مانەوەم لەگەڵتدا بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە هیچ مەنفایەکم بە سێبەرەکەی تۆ نەگۆڕیوەتەوە. تۆ جوانترین دیاریی ژیان بوویت بۆ من و مردن لەپێناوتدا خۆشبەختی و ئەرکی سەرشانە."

"بەختەوەرم بەوەی ئەو مەنسوورەم لەدەست نەداوە، کە دەیناسم."

ئەو ستایشەم متمانەی بەخۆی بۆ گەڕاندەوە و لەپڕێکدا بەگەرموگوڕییەکی لە ڕادەبەدەرەوە وتی، "من بۆت دەسەلمێنم، کە هێشتا هەر ئەو کەسەی جارانم و ئەم جەنگە جگە لە چینێک دووکەڵ هیچی تر نییە، بەمزووانەش ڕووناکی هەموو لیبیا دەگرێتەوە. دەبێ قڕ بخەمە ناو ئەو وەحشییانەی دژ بە

تۆ یاخی بوون و پێستیان بگرووم و فەرشی سووریان لێ دروست بکەم، تا بە سەریاندا بەرەو عەرشەکەت بڕۆیت."

"مەنسوور، نوقمبوون ڕوو نادات. ئیتر سوکانی کەشتییەکە بە دەستی هەرکەسێکەوە بێت. دەبێ چەند ڕۆژێک بەرگە بگرین، هەر ئەوەندە و بەس. گەلەکەمان دێتەوە هۆش خۆی و بۆی دەر دەکەوێ، کە ئەوەی لەسەر شەقامەکان ڕوو دەدات، دەستی قاعیدەی لەپشتەوەیە. بڕوام پێ بکە، مەسەلەکە تەنها کاتە و هیچی تر. ئەوسا هەموو ئەو مردووخۆرانە لە مەیداندا هەڵدەواسین، کە بە ناوی خواوە تاڵانی دەکەن و دەسدرێژی دەکەن و خەڵک دەکوژن."

قاییل بوو لەسەر ئەو کورسییە دانیشێت، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو، دڵنیا بوو کە لێی دەبوورم. هێشتا هەر مۆن بوو، بەڵام سێبەری متمانەیەک لە نیگایدا بەدی دەکرا.

بەر لەوەی درێژە بە قسەکانم بدەم، وازم لێ هێنا تا بێتەوە سەر خۆی، "مەنسوور، خەونێکی سەیرم بینیوە."

"ئێستاش ئەو خەونەم لەبیرە، کە ئێوارەی ئەو شەوە بینیت، کە عیراقی تیا داگیر کرا. هەموو شتەکانت بینی."

"کەواتە هەر زوو دڵنیا بە. ئەو خەونەی بینیم، ورەم بەرز دەکاتەوە: پێش کۆتایی ئۆکتۆبەر، سەرکەوتن بەدەست دەهێنین."

"سەرۆک، هەرچەند دەکەم ناتوانم لیبیایەک بهێنمە بەرچاوی خۆم، تۆ تێیدا سەرۆک نەبیت. هەر زۆر بێمانایە."

دەنگی لەوە کزتر بوو، بەباشی بگات پێم. زیاتر لە هەناسەبڕکێ دەچوو. مەنسوور لە پریشکێکی هەتیو دەچوو، هەر کە دەگەشایەوە، ئەوەندەی پێنەدەچوو دادەمرکایەوە.

شکۆکەی جارانی وەکو پەتویەکی شڕی سەر لاشەی مردوویەک، بەبەدبەختی دای پۆشیبوو.

دەستم دایە قورئانەکەی سەر قۆلی قەنەفەکە، بەبی دیاریکردن، لاپەڕەیەکم کردەوە و دەستم بە خوێندنەوەی کرد. سەرکردەی پاسەوانان نەیبۆلاند. خۆی دا بەسەر قۆلی کورسییەکەدا و چاوەکانی بڕینە بۆشایی. ئایەتێک و دووان و سیانم خوێندەوە... مەنسوور لە جێی خۆی نەجوولا.

قورئانەکەم دانا.

"هیچ شتێکت هەیە، بتەوێ پێمی بڵێیت؟"

ڕاپەڕی، "چۆن؟ گوێم لێ نەبوو."

"دەڵێم هیچ شتێکت هەیە، بتەوێ پێمی بڵێیت؟"

"نا... نەخێر..."

"دڵنیایت؟"

"بەڵێ..."

"ئەی کەواتە بۆ جێم ناهێڵیت؟"

"لەپەنا تۆدا، هەست بە ئارامی دەکەم."

بە لاچاوێک سەیرم کرد. ویستی ڕووی خۆی وەر بگێڕێت، بەڵام نەیتوانی.

"مەنسوور، ئەوەندە بێورە مەبە. کەمێک ئازایەتی، بەڵات لێ دا! تۆ خەریکیت خۆتت بۆ کۆنترۆل ناکرێ."

سەری بەلای ڕاست و چەپدا جووڵاند. خەریک بوو پەستی دەکردم.

"بیر لە چی دەکەیتەوە؟"

"لە بێداربوونەوە."

"تۆ بێداریت."

دەستی بۆ ڕیشی برد و پاشان بۆ پەڕەی لووتی و ئینجا گوێی خوراند. هەستم کرد، حەز دەکات بە هەردوو دەستی بمگوشێت.

بۆ خۆشکردنی کەشەکە، لێم پرسی، "دوای کۆتاییهێنان بەم ڕاپەڕینە دەبەنگانەیە، بەتەمای چیت؟"

ڕاستەوخۆ و وەک ئەوەی چاوەڕێی دەرفەتێک بووبێت، تا گوزارشت لە خۆزگەیەکی بکات، وتی، "دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە."

"ئەی دواتر؟"

"لە ماڵەوە سەقامگیر دەبم..."

"ماڵەگەی خۆت؟"

"بەڵێ، ماڵەگەی خۆم."

"بەڕاست؟"

"بەڕاست."

"واز لە سەرگردایەتیی پاسەوانە میلیلیەگانیم دێنیت؟"

"ئەو ئەرکە بە یەکێکی تر ڕاسپێرە."

"بەڵام من پێویستم بە تۆیە، مەنسوور."

سەرێکی نەرێی ڕاوەشاند.

"لێپرسراوێتی ئەرکێکی گەلێ قورسە، سەرۆک. منیش وام لێ هاتووە، جگە لە کراسەکەی بەرم، ناتوانم هیچ ئەرکێکی تر لەئەستۆ بگرم. لەبەر ئەوە جلە سەربازییەکەم ڕادەست دەکەمەوە و دەست لەکار دەکێشمەوە.

"بۆ ئەوەی جلی ماڵەوە لەبەر بکەیت؟"

"ئەی بۆ نا؟ حەز دەکەم بچمەوە ماڵەکەی خۆم، بەیانییان خزمەتی باخەکەم بکەم و ئێوارانیش بۆ نوێژ و نزا تەرخان

بکەم، بەڵکو خوا لە خراپەکانم خۆش بێت."

"تۆ خراپەت کردووە، مەنسوور؟"

"بێگومان. هیچ دەسەڵاتێک نییە، خاوەنەکەی بۆ خراپ فریو نەدات. هەڵبەتە منیش جاربەجارێک بەناچاری دڵڕەقیم نواندووە و ستەمم لە خەڵکێک کردووە."

ڕقم لە زمانی قسەکردنەکەیەتی.

"تۆ لەو بڕوایەدایت من دڵڕەق و ستەمکار بووبم؟"

"من باسی خۆمم کردووە، سەرۆک."

"کە قسەت لەگەڵدا دەکەم چاو ببڕە چاوم."

لەو هاوارەی بەسەریدا کردم، خەریک بوو دڵی بوەستێت.

"مەنسوور، من دڵڕەق و ستەمکار بووم؟"

گەرووی توند بوو و وەڵامی بۆ نەدرایەوە.

"دەی وەڵامم بدەرەوە. فەرمانت دەدەمێ بەڕاستی وەڵامم بدەیتەوە. بەڵێن بێت نایکەم بە کینە بەرامبەرت. من دەبێ ئەوە بزانم، تا لە داهاتوودا جارێکی تر خەڵکم لێ یاخی نەبێت."

"سەرۆک..."

هاوارم کرد، "من بەرامبەر بە میللەتەکەم هەڵەم کردووە؟"

دواجار وتی، "بەتەنها خوا هەڵە ناکات."

زۆر تووڕە بووم، وەک ئەوەی لەپڕێکدا نەزانم لەکوێم و لەکوێوە هاتووم. هەستم بە سووکایەتی و شکاندنی کەسێتیم کرد، دەتوت بەسەر ئاگرەوە لە خاچیان داوم. بێئاگایانە بەرامبەر بە سەرکردەی پاسەوانان هەڵسامە سەر پێ، هەڕەشەم لێ کرد و ئامادە بووم ونجڕونجڕی بکەم. تووڕەییەکی وەها سامناک گرتبوومی، هەناسەم توند ببوو.

هەستم کرد خەریکم دەخنکێم.
"هەی چەپەڵ."
"سەرۆک، تۆ بەڵێنت دا هەڵنەچیت."
"بۆ چەهەننەم. تا دوێنێ لە سەر سفرەکانی من دەژیایت، ئێستاش تفیان تێ دەکەیت. گوایە ویژدانت ئازاری داویت و داوای لێخۆشبوون دەکەیت. گەوجە، تۆ بە ئەرکی خۆت هەڵساویت. کاتێک مەسەلەی بەرگریکردن لە نیشتمان دێتە ئاراوە، هەستکردن بە ئازاری ویژدان قسەی قۆرە. زیانە لاوەکییەکان بەشێکن لە جەنگەکە. لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا، شتێک نییە پێی بوترێ هەست و سۆز، هەڵەکردنیش پاساوی خۆی هەیە... ئادەی با بزانم هەڵەکانی من چی بوون؟ ڕووداوەکەی لۆکەربی[1] و گەشتی ئاسمانیی ژمارە ٧٧٢ی یو. تی. ئەی[2]؟ ئەمەریکییەکان دەستیان پێ کرد. کۆشکەکەمیان وێران کرد و زڕکچەکەمیان کوشت. ئەوە ئەوان بوون لە معێتیقە، بۆردومانی هێزە ئاسمانییەکانی

---

١ ڕووداوەکەی لۆکەربی: بریتییە لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ئەمەریکی، لە ساڵی ١٩٨٨دا بە خۆی و سەرنشینەکانیەوە، لە دێی لۆکەربی سەر بە سکۆتلاند، کە بووە هۆی مردنی هەر ٢٥٩ سەرنشینەکەی و هەروەها یانزدە دانیشتووی دێیەکە. دوای لێکۆڵینەوەیەک دوورودرێژ، لیبیا بەوە تاوانبار کرا کە دەستی لەو ڕووداوەدا هەبووە و هەر بۆیە دوو لیبیایی لەلایەن ئەمەریکاوە داوا کران، کە دەبێ بدرێن بە دادگا. دواجار لە ساڵی ٢٠٠١دا لە دادگایەکی هۆڵەندا، یەکێک لەو دووانە بە بەندکردنی هەتاهەتایی حوکم درا.

٢ گەشتی ئاسمانیی ژمارە ٧٧٢ : کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی فەرەنسی بوو لە ساڵی ١٩٨٩دا، کە بەسەر ئاسمانی چاددا دەفڕی، بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە تێیدا و بوو بە هۆی کوشتنی سەرنشینەکانی، کە یەکێک لەوانە هاوسەری باڵێۆزی ئەمەریکا بوو لە چاد.

منیان کرد، ئەوەی بە "ئیلدۆرادیۆ کانیۆن[1]" ناسراوە. ئەمە جگە لەوەی، گەمارۆیان خستە سەرمان و منیان بە ئەهریمەن دەشوبهاند و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چاودێرییان خستە سەرم و هەموو شتێکیان لێ قەدەغە کردم. ئەی لەبریی ئەوە سوپاسم بکردنایە؟ چیی تر؟ کوشتارگەکەی زیندانی ئەبو سەلیم؟ من ئەوەم کرد، تا گەلەکەمان لە میکرۆبێکی ترسناک ڕزگار بکەم، لە کۆمەڵێک گەجەروگوجەری نەخوێندەوار و تیرۆریست. ئەو خائینانە هەڕەشەیان لە سەقامگیریی وڵاتەکەمان دەکرد. ئەگەر ئەو دڕندانە بیانتوانیایە دەرباز ببن، دەزانیت چ ئاژاوەیەکی گەورەیان دەنایەوە؟ ئەو شەوەی هەزاران زیندانی لە بەندیخانەی لامبیز هەڵاتن، جەزائیر لەناو ترسدا پەلی دەکوتا. ئیتر باقیی بەسەرهاتەکە دەزانن؛ دەیان کردەوەی تیرۆریستی و کوشتار. من نەمویست وڵاتەکەم دووچاری هەمان چارەنووس بێت."

توند دەستم کێشا بە قۆڵی قەنەفەکەدا.

- "مەنسوور، ئەم وڵاتەی ئێمە بەردەوام لەژێر زەڕەبیندا بووە. دوژمنەکانمان دەیانەوێ پڕۆژەکانمان تێکوپێک بدەن و بۆ ئەو مەبەستەش پەنا بۆ هەموو شێوازێک دەبەن، تەنانەت بەکارهێنانی لێپرسراوانی وڵاتەکەی خۆشمان. ئەوانەی وەکو برا گرتمنە خۆم و سەرشان و سنگیانم بە نیشان و مەدالیا ڕازاندەوە، ئەوانەی بەختەوەرم کردن و شەرەفم پێ بەخشین، ئەوانەی وەکو پاشا ڕەفتارم لەگەڵیاندا کرد، هەموو ئەو دەسودلکراوەییەم تێری نەکردن و دەیانویست

---

١ ئیلدۆرادۆ کانیۆن: بریتییە لە بوردومانکردنی لیبیا، لەلایەن هێزی ئاسمانیی ئەمەریکاوە لە ساڵی ١٩٨٦دا.

کەللەسەرمیان لەسەر سینییەک پێشکەش بکرێ. ئاخۆ من هەڵە بووم، کە خۆمم لێ ڕزگار کردن؟ ئەو کارەی کردم هەڵە بوو؟ مەنسوور، هەر شتە و نرخی خۆی هەیە. وەک چۆن خیانەت نرخی خۆی هەیە، وەفاش بە هەمان شێوە. بۆ ئەوەی دڵی تیمساح نەرم بکەین، ناکرێ بچین فرمێسکەکانی بسڕین. یان ئەوان یان من، یان بەرژەوەندیی خاچپەرستەکان یان بەرژەوەندیی لیبیا. کاتێ بیر لە هاوڕێ هاوسەنگەرەکانم دەکەمەوە، ئەوانەی ڕیسکیان بە ژیانی خۆیان کرد و یارمەتییان دام، تا ڕژێمەکەی ئەو شائیدریسە تەپۆیە بڕووخێنین، چۆن بە بەڵێنی ئیمپریالیستەکان فریویان خوارد و بەبێ دوودڵی کەوتنە پیلانکردن دژ بە من و دژ بە گەلی لیبیا و ئەم نیشتمانە نەمرەمان... کاتێ بیر لەو خائینانە دەکەمەوە، لۆمەی خۆم دەکەم، کە بەپێی پێویست توند نەبووم لەگەڵیاندا، دەبووایە دڕتر و خوێناویتر بوومایە. من لایەنی باوکانەم زاڵ کرد بەسەر ئەو لایەنەدا، کە فەرمانڕەوایی دەیخوازێت، بۆیە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ئەم لێشاوی یاخیبوونە بوومەتەوە. دەبووایە نیوەی میللەتم لەناو ببردایە، تا نیوەکەی تر ڕزگار بکەم، تا ئیتر هەموو کەسێک ژیانێکی ئاسوودە بژیایە."

دەستم دایە ئێخەی کراسەکەی و بەرزم کردەوە. لیکەکەم بە دەموچاویدا پڕژا. لەبەینی دەستەکانمدا شڵەژابوو، نەیدەزانی چۆن خۆی لە نیگاکانم ڕزگار بکات. هەر دەستی لێ بەر بدەم، وەکو پارچەخشتێک دەکەوێت.

"تەماشاکە ئەمڕۆ بە چی گەیشتووین. پیلانگێڕەکان هەموو پەلامارمان دەدەن. ئەو دەوڵەتانەی کە هیچ دوژمنایەتییەکمان

نەبوو لەگەڵیاندا، بۆمبارانمان دەکەن. تەنانەت قەتەریش خۆی کردووە بە میوانی ئەم چێشتی جەژنە. دەوڵەتە عەرەبییەکان چی دەکەن؟ کوان؟ بە بۆنەی کەوتنمانەوە ئاهەنگ دەگێڕن و خەریکی ئامادەکردنی جەنازەکەمانن."

بە نارەزاییەکەوە پاڵی بە مەچەکەکانمەوە نا و خۆی ڕاپسکاند و وتی، "ئەی تۆ چاوەڕێی چیت دەکرد؟ بە بووق و کەرەناوە بێن بە هانامانەوە و ئاڵاکانیان بەرز بکەنەوە؟"

مەنسوور پڕکێشیی کرد و دەنگ و دەستی بەسەرمدا بەرز کردەوە. ئازاری مەچەکی دام. بەناقاییلییەوە کەمێک چوومە دواوە. نیگایەکی تووڕەی ئاڕاستە کردم، ڕووی گرژ بووە و پەڕەی لووتی دەلەرزێت. دەڵێی دەیەوێ پەلامارم بدات. تەقییەوە و وتی، "من هیچ بایەخێک بە دەوڵەتە عەرەبییەکان نادەم، بەڵام ئەوە تۆ بوویت ئاسانکاریت بۆ کردن، تا سواری پشتمان بن. بە سووک تەماشات کردن و ڕیسوات کردن. ئەوانت بە مەڕومالاتێکی گەڕ شوبهاند، کە سەگی خوێڕی ڕێنماییان دەکات. هەر بۆیە شتێکی سروشتییە، کەوتنی ئێمەیان پێ خۆش بێت."

هەر وا بێدەنگ بووم، نەمدەزانی خەون دەبینم یان وڕێنە دەکەم. لە ڕۆژانی ئەکادیمیاوە، ئەمە یەکەم جارە ئەفسەرێک بێحورمەتی بکات بەرامبەرم. وا هەست دەکەم، خەریکە سەکتە لێم دەدات. مەنسوور لە هەڵچوونەکەیدا بەردەوامە و ئەوەندە تووڕە و پەستە، گشت گیانی دەلەرزێت.

پەنجەی بۆ لای پەنجەرەکە درێژ کرد، "سەرۆک، ئەوەی لە دەرەوە ڕوو دەدات چییە؟ ئەو ژاوەژاوە چییە؟ دەنگی چەکوش و بزمارە؟"

بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت و بە کەشکەک کێشای بەو پەردانەدا، کە چوارگۆشەکان دادەپۆشن، "چی دەبیستیت سەرۆک؟"

"قابیلە چی ببیستم هەی شێت؟"

"ئاوازێکی تری جیاواز، جیاواز لەو سروودانەی لە دەمی مەراییکەر و ماستاوچییەکانەوە دەتبیستن، جیاواز لە ڕاپۆرتە نەرمەکانی هەیئەی ئەرکانت. تەواو، ڕۆژگاری درۆ بەسەر چوو، ڕۆژگاری "فەرمانی جەنابتانە گەورەم" و "هەموو شتێک باشە و لە جێی خۆیدایەتی خانم." ئەوەتانێ لە دەرەوە میللەتێکی تووڕە هەیە."

"ئەوەی لە دەرەوەیە، ڕێکخراوی قاعیدەیە."

"ئەو ڕێکخراوە ژمارەیان چەندە؟ پێنج سەد، هەزار، دوو هەزار؟ کەواتە ئەو هەزاران دڕندەیەی شارەکانیان تەنیوەتەوە و کەللەسەری پیرەکان دەپەڕێنن و سەرەنێزە لە سکی ژنە دووگیانەکان دەچەقێنن و بە قۆناغەتفەنگ سەری منالەکانمان پان دەکەنەوە، لەکوێوە هاتوون؟ سەرۆک، ئەوانە هەموو خەڵکی لیبیان، هەر ئەوانەن کە تا دوێنێ بە شان و باڵی تۆدا هەڵیان دەدا و ئەمڕۆش داوای سەری تۆ دەکەن. بۆچی سەرۆک؟ ئەم گۆڕانە کوتوپڕە چی بوو؟ بۆچی لەپڕێکدا کارژۆڵەکە بوو بە کەمتیار؟ بۆچی منالەکان بڕیاریان دا باوکەکانیان قووت بدەن؟ بێگومان لەبەر ئەوەی ئێمە هەڵەمان کردووە، کاروکردەوەمان خراپ بووە، برای سەرکردە. تۆ بیرت لە بەرژەوەندیی گەل دەکردەوە، بەڵام تۆ چی سەبارەت بەم میللەتە دەزانیت؟ هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە برای سەرکردە. ئێستا کە خۆمان بێ پشت و

پەنا دەبینینەوە، مەسەلەکە ڕێکەوت نییە. ئەو کوشتار و وێرانکارییەی لە دەرەوە ڕوو دەدات، کاریگەریی سیحری ڕەش نییە لێمان کرابێت، بەڵکو بەرەنجامی وڕێنە و لەخۆباییبوون و سنووربەزاندنەکانی خۆمانە."

ئەم قسانەی سەرکردەی پاسەوانان تووشی شۆکی کردم و بە ڕادەیەک تووڕە ببووم، خەریک بوو ئەژنۆکانم شل دەبوون. هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم ڕۆژێک لە ڕۆژان بەم جۆرە قسەم لەگەڵدا بکرێ، چونکە قەت کەسێک بەرپەرچی نەداومەتەوە و لە ڕوومدا نەوەستاوەتەوە، هیچ یەکێک لە پیاوەکانم پێی نەوتووم تۆ هەڵەیت، هەستم کرد خەریکم دەبم بە هەزار پارچەوە.

خەڵکی هەموو دەزانن، کە من قسە زوو کارم تێ دەکات، دەزانن بەرامبەر بە تێبینی چەند هەستیارم، بەتایبەتیش ئەو تێبینییە ڕەقانەی، کە سەرشێتم دەکەن و لەو کاتانەدا حەز دەکەم خوێنی ئەو کەسە بخۆمەوە، کە بێشەرمانە ڕەفتارم لەگەڵدا دەکات.

ئاخۆ مەنسوور تێک چووە؟

چووم لەسەر سیسەمەکە دانیشتمەوە، سەرم خستە بەینی هەردوو دەستمەوە. فەرمان بدەم، هەر ئێستا مەنسوور گوللەباران بکەن؟ یان خۆم بە دەستی خۆم بیکوژم؟ تەواو تووڕەم.

"سەرۆک، من دادگاییت ناکەم..."

"دەمت داخە هەی سەگ."

لە بەردەممدا کەوتە سەرئەژنۆ. لەپڕێکدا دەنگی هێور بۆوە و بۆ ئەوەی قاییلم بکات وتی، "سەرۆک، هەرچی

خامۆشیی زەوی هەیە، ناتوانێ هەقیقەت بێدەنگ بکات. من لومەت ناکەم، بەڵکو شتەکانت وەکو خۆیان بۆ باس دەکەم. خوا دەزانێ تا سبەینێ لە ژیاندا دەمێنین یان نا. موعەممەر، برا و هاوڕێ و مامۆستام، من گوێ نادەم بەوەی خۆم یا خێزانەکەم چیمان بەسەر دێ. ئەوەی حیسابی بۆ نەکەن منم، من بایەخێکی ئەوتۆم نییە، بەڵام من خەمی تۆمە، هیی تۆ. تۆ شتێکت لێ بێت، ئەم لیبیایە خۆی ناگرێتەوە. ئەم وڵاتە جوانەی کە سەرباری هەموو ئاستەنگەکان، تۆ دروستت کرد، وەکو کۆنەعەمبارێکی ڕزیو هەرەس دێنێت. هەر ئەمڕۆ ئاڵا سەوزەکەیان سووتاند، تا ئاڵای خوێن و ماتەمینی هەڵکەن. سبەینێش سروودێکی پڕوپووچ، جێی ئەو سروودە نیشتمانییە دەگرێتەوە، کە تۆ بۆت هەڵبژاردین. پەیکەرەکانتیان شکاند، وێنەکانتیان تێک شێواند و کۆشکەکانتیان تاڵان کرد. ئەمە کارەساتی کۆتاییی دنیایە، برای سەرکردە. منیش ئەمەم بۆ هەرس نابێت. بەبێ تۆ، کەشتییەکە بەرەو کەنارە تاریکەکان دەڕوات و شەپۆلەکان هەپرون بە هەپرونی دەکەن و ئاسەواری هیچ شتێک نامێنێت. بەبێ تۆ، خێڵەکان ئەو چەکانەی جەنگ دەر دەهێننەوە، کە وان لەژێر چەندین سەدە ڕق و تۆڵەسەندنەوەدا و ئەو خیانەتانەی کە بەبێ سزا ماونەتەوە. چەند خێڵ هەن لەم لیبیایەدا، ئەوەندە دەوڵەتۆچکە لەسەر ئەم خاکە دروست دەبن. ئەو میللەتەی کە تۆش وات دەزانی برین و شکاوییەکانیت تیمار کردووە، دەبینن کە ئەو برین و شکاوییانە وەکو خۆیان وان و ساڕێژ نەبوون. ئەم وڵاتەی تۆ بینات کرد، دەبێت بە زبڵخانەی نمەکحەرامان و گۆڕستانی پەیمان و نوێژ و نزاکان...

"تکایە بێدەنگ بە."

مەنسوور دەستی کرد بە گریان.

هەردوو دەستمی گرت و خستنیە سەر سنگی خۆی، دەتوت چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتیی گرتۆتە ئەستۆ.

"سەرۆک، دەبێ بەسەر ئەم مەینەتییەدا زاڵ بین. لەپێناوی نیشتمان و سەقامگیریی ناوچەکەماندا. بۆ ئەوەی لیبیا بەدەست بهێنیتەوە، من ئامادەم ژیان و جەستە و ڕۆحی خۆم بەخت بکەم."

بەهێواشی و بەسڵەوە لە خۆمم دوور خستەوە.

"مەنسوور بڕۆ، بەتەنیا جێم بێڵە."

"کاتێ چاوم بەرز کردەوە، مەنسوور ڕۆیشتبوو. وا بزانم بۆ ماوەیەک لەهۆش خۆم چووبووم."

٨

بەپانی و بەدرێژی بە ژوورەکەدا دەهاتم و دەچووم و شەقم لە بۆشایی دەدا. مەگەر بۆ ئەوە بوەستامایە، پەنجەی هەڕەشەم لە سێبەرێک بەرز بکردایەتەوە، یان دەستم بنایەتە بینەقاقای ملێکی وەهمی. تا ڕادەی شێتی تووڕەم. ئەو مێرووە؛ مەنسوور، پڕکێشیی کرد و دەستی بە ڕوومدا بەرز کردەوە. زۆر کەسی نزیکی خۆمم کوشتووە، لەسەر شتی لەوە بچووکتر. زیندانەکانم سیخناخن لە نمەکحەرام و گومانلێکراو و کەسانێکی یاخی و هەڵەشە و سەرەڕۆ و هەموو ئەوانەی، کە بەدبەختییان لە کاتی نەگونجاودا بۆ شوێنی نەگونجاو ڕاپێچی کردوون. من بەرگەی ئەوە ناگرم کەس مشتومڕ لەسەر فەرمانەکانم بکات، یان گومانیان لێ بکات، یا بە قسەکانم پەست بێت و زماندرێژیم بەرامبەر بکات. ئەوەی من دەیڵێم کەلامە و لە ئاسمانەوە دێت، ئەوەی بیریشی لێ دەکەمەوە پێشبینیی پێغەمبەرانەیە. ئەوەی گوێم لێ ناگرێت، کەڕە. ئەوەی گومانیشم لێ دەکات، فەوتانی خۆی

مسۆگەر کردووە. تووڕەبوونی من چارەسەرە بۆ کەسێک وەری بگرێت، بێدەنگیشم زوهدە بۆ کەسێک لێی ڕابمێنێت و بەوردی بیری لێ بکاتەوە.

مەنسوور چیی دەوێت؟ قەوارەی وڕێنەکەی خۆی دەزانێت؟ شتێک دەڵێت و پاشان دژەکەی دەڵێت. زۆر بەئاسانی و بەنیگەرانیشەوە لە بابەتێکەوە دەچێتە سەر بابەتێکی تری دژ بەو بابەتە، لە دڵسۆزییەوە بۆ نمەکحەرامی.

سەری لێ تێک دام.

لیبیا بەبێ من نەگبەتییەکی بێناو و بێئایینده‌یە. ئەم خاکە پیرۆزە دەبێت بە خاکی بەدبەختی و شوورەیی. گۆڕستانەکانمان تارماییەکانیان بەر دەدەنە شەو و ڕۆژەکانمان. زیندووەکانیشمان دەبن بە مردووی زیندوو. مۆنۆمێنتەکانیشمان دەبن بە سەکۆی سێدارە. لەناو قەفەسەکەی خۆمدا دەخولێمەوە، وەک چۆن شێتێک بەدوای وەسوەسەکانی خۆیدا ڕادەکات، منیش ئاوا بەدوای بیر و بۆچوونە وێرانکەرەکانی خۆمدا ڕادەکەم.

"بەتەنها خوا هەڵە ناکات،" سەرکردەی پاسەوانەکانم مەبەستی لەم قسەیەی چییە؟ ئاخۆ مەبەستی ئەوەیە من هاندەر بووم بۆ تاوان، یان خۆم تاوانم ئەنجام داوە؟ من نە هەڵە بووم و نە لاوازیش بووم. من هەموو پەیمانەکانی خۆمم بردووەتە سەر و هەموو گرەوەکانی خۆشمم بردووەتەوە. لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکانیشدا بەسەرکەوتوویی دەر چووم. ئەو هەڵچوونە پڕ لە داخەی شەقامەکانی پڕ کردووەتەوە، هیچ نییە جگە لە بێرەوشتی و شوورەیی و کاری خراپ و نمەکحەرامی.

من دیکتاتۆر نیم.

من پاسەوانێکی ڕۆمانیی دڕم، ئەو گورگەم کە بە کەڵبە تیژەکانی بەچکەکەنی خۆی دەپارێزێت. ئەو پڵنگە سەرکێش و بەغیرەتەم، کە میز بەسەر ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا دەکات، بۆ ئەوەی سنووری خاکەکەی خۆی دیاری بکات. من ناتوانم پشتم بچەمێنمەوە یا سەر کز بکەم لە ئاستی ئەوانەدا، کە دەیانەوێ خۆیان بە گەورەتر لە من بزانن. بە سەرێکی بڵندەوە بە ڕێدا دەڕۆم و مانگە چواردەکەم خەرمانەیە بەدەوری سەرمدا، گەورەکانی دنیا و دەسوپێوەندەکانیان دەخەمە ژێر پێوە.

ئەو قسەیەیان بۆ هەڵبەستووم، گوایە من تووشی شێتیی خۆبەگەورەزانین بووم. ئەم قسەیە ڕاست نییە.

من بوونەوەرێکی ئاوارتەم. من ئەو توانا بەرجەستەیەی خودام، کە زانیی چۆن مەسەلەکەی خۆی وەکو بیروباوەڕێکی دینی لێ بکات، ئەو توانایەی خواوەندەکان ئیرەیی پێ دەبەن. ئاخۆ ئەوە گوناهی منە، کە میللەتە ئازاکەی لیبیا بۆ ئەو ئاستە نزمە دابەزیوە؟ وڵاتەکەی خۆی وێران دەکات و وەکو ئاوێکی لیخن خوێنەکەی دەڕێژێت، لە کاتێکدا یارییێکەرانی شاگەشکە بوون لە خۆشیدا و چاوەڕێن بەتەواوی بفەوتێ و دواکراسیشی بدزن؟

ناوچەوانم نا بە دیوارەکەوە و هەردوو دەستم لە پشتملمەوە لێک ئاڵاند و هەناسەم هەڵدەکێشا و دەدایەوە، "دەی موعەممەر، ڕۆحی خۆت لە پیسی و پۆخڵییەکان پاک بکەرەوە. زۆر لەسەرخۆ هەناسە هەڵکێشە، وەک چۆن بۆنی عەتری ژنێک هەڵدەمژیت، ئینجا ئەو هەڵمە بۆگەنەی لەناو

ناختدایە بیدەرەوە... ئاوەها، زۆر باشە، هەناسە بدە، هەناسە بدە. وا هەست بکە لەناو باخچە هەڵواسراوەکاندایت و پڕ بە سییەکانت بۆنی عەتری بابل هەڵمژە. با هزرت بەرەو بەرزاییەکان بفڕێت، بەرزتر لە چۆلەکەکانی بەهەشت. تۆ موعەممەر قەزافیت... بیرت چووەتەوە؟ مەهێلە ئەو گەجەروگوجەرانە لەو بەرزاییە داتبگرن."

دەنگم هەستەکانم دەبڕێت، گشت خانەکانی لەش و دەروونم پاک دەکاتەوە. ترپەی لاجانگەکانم خاو ببوونەوە. لێدانی دڵم ڕێک ببۆوە، هەستم کرد حاڵم زۆر باشترە.

چوومەوە سەر کورسییەکەم و قورئانەکەم هەڵگرت و بێ دیاریکردن، کردمەوە. هەرچەندم کرد نەمتوانی بخوێنمەوە. نوکەنوکەکەی مەنسوور دەتوت گاڵۆکە و دەکێشنەوە بە سەرمدا.

چاوەکانم توند نووقاند تا ئەو دەنگە کپ بکەم، پەنام بۆ دەنگی ڕۆحم برد.

من ناتوانم بەباشی گوێ بۆ هیچ دەنگێک شل بکەم، تەنها ئەو "دەنگ"ە نەبێت، کە لە ناخی ناخمەوە بانگم دەکات و وەک چۆن ژەنیارێکی کارامە یاری بە ژێیەکانی چەنگێک دەکات، ئەویش ئاوا قووڵاییەکانی ڕۆحم دەهەژێنێت. هەر ئەو بوو هانی دام، تا ڕژێمی شا بڕووخێنم و ڕووبەڕووی ئیمپراتۆرییەتەکان ببمەوە و چارەنووس بهێنمە سەر چۆک.

هەمیشە دەرکم بەوە کردووە، کە بۆیە هاتوومەتە ئەم دنیایەوە تا پەنجەمۆری خۆمی لێ بدەم، ئەمەش بە ڕێنوێنیی ئەو "دەنگ"ە گەردوونییەی، کە هەرکاتێک گومان سەرەتاتکێم لەگەڵدا دەکات، ئەو لە ناخمدا دەگرمێنێت تا

بەڵگەیەکی ترم بداتێ، لەسەر ئەوەی کە ئاسمان پیرۆزیی خۆیم پێ دەبەخشێت. هەرگیز جگە لە دەنگی خۆم، گوێم بۆ هیچ دەنگێکی تر شل نەکردووە.

دایکم قژی خۆی دەڕنیەوە، کاتێ دەیبینی من گوێی لێ ناگرم، بۆیە دڵنیا دەبوو لەوەی گوایە بوومەتە قوربانیی سیحری ڕەش. بۆ ئەو مەبەستەش بردمی بۆ لای کۆمەڵێک جادووگەر، بەڵام نە ڕەچەتەکانیان کاریگەرییان لەسەرم هەبوو و نە نوشتەکانیان.

شتێک خۆم نەمویستایە نەمدەکرد. هەردوو گوێی خۆمم لە ئاست سەرزەنشتکردندا کەڕ دەکرد و هەرچییەکیشم بەدڵ نەبووایە، زۆر توند ڕەتم دەکردەوە. دایکم دەیوت "ئەهریمەن وا لە ناختدا،" ئەوەندەش دەکڕووزایەوە تا هێزی تیا نەدەما. "من چ گوناهێکم کردووە دەرهەق بە تۆ، تا ئاوا لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەردەدارم بکەیت؟" "هەوڵ بدە تەنها جارێک گوێ لە ئەقڵی خۆت بگریت، بۆ تاقە جارێک و بەس." منیش لەبەر دڵی ئەو، بە قسەم دەکرد، کەچی دوای چەند سەعاتێ ژنێکی دراوسێمان لە دەرگای حەوشەی دەدا و کوڕە گرینۆکەکەی وەکو بەڵگەیەک پیشانی دایکم دەدا و بە ڕووی دایکمدا دەیقیژاند، "جنۆکەکەت بەرەڵڵا مەکە، هەر کە منالێکمان لە ڕێگادا دەبینێت، پەلاماری دەدات."

لە ڕاستیدا نەمدەویست گوێم لە کەسیان بێت، تا درۆکانیان نەبیستم. بەردەوام درۆیان لەگەڵدا دەکردم. کاتێک پرسیاری باوکمم دەکرد، یەکسەر دایکم وەڵامی دەدایەوە، "لە بەهەشتە." زۆر هەستم بە بێباوکی دەکرد. نەبوونی وای لێ کردبووم، هەستم بە کەموکووڕی دەکرد. ئیرەییم بەو

منالانە دەبرد، کە بەدەوری باوکیاندا هەڵدەقونانەوە. ئەو دەمە ئەو باوکانە وەکو خواوەند دەهاتنە پێشچاوم، گەرچی ڕواڵەتیشیان وای پیشان نەدایە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، بیرۆکەی خۆکوشتن هات بە مێشکمدا. دەمویست بمرم، تا بچم بۆ لای باوکم لە بەهەشت. ژیانم بێ ئەو، هیچ تام و چێژێکی نەبوو. گیایەکی ژەهراویم خوارد، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوە بوو تووشی تا و سکچوون بووم. کاتێک تەمەنم بوو بە نۆ ساڵ، تەنگم بە خاڵم هەڵچنی، هەقیقەتی باوکمم پێ بڵێت. "لە شەڕێکی بەرگریکردن لە شەرەفی هۆزەکەماندا کوژرا." تکام لێ کرد گۆڕەکەیم پیشان بدات. "پیاوە ئازاکان بەتەواوەتی نامرن، ڕۆحیان دەچێتە ڕۆحی کوڕەکانیانەوە." بڕوام بەو گریمانەیە نەکرد، کە لە ڕاستییەوە دوورە و ئیتر دەستم دایە لاساری. هەر کە یەکێک لە خزمانیش بە ئاماژەیەکی کوشندە پشکۆی خەمەکانمی دەجووڵاند، لاساریەکەم زیاتر دەبوو، ""هۆزەکەتان حاشای لە باوکت کرد، دیارە گوناهێکی کردووە" یەکێک لە دراوسێکانم پێی وتم، کاتێ ڕۆمڵ هێرشە بەرفراوانەکەی خۆی کرد، دەبابەیەک بەسەر باوکمدا ڕۆیشت، ئیتر شێلای و مرد. "بەسزمانە لەگەڵ بزنەکەیدا، لەناو باوبۆرانێکی لمیندا ون ببوو، دەبابەکەی نەبینیبوو." زۆر تووڕە بووم. "کەواتە لاشەکەی دۆزراوەتەوە، وا نییە؟" "لاشەیەک دەبابە بەسەریدا بڕوات، چیی لێ دەمێنێتەوە؟" لەو شۆربایەدا، چۆن گۆشتی بزنەکە جیا دەکرێتەوە؟" لە تووڕەییدا گریام، کاتێکیش ئەو دراوسێیە بەپێکەنینەوە گاڵتەی پێ کردم، بەتوندی پەلاماریم دا. حەزم دەکرد، هەموو مرۆڤایەتی بخەمە ژێر داروپەردووەوە.

کاتێ خەڵکی لای خاڵم سکاڵایان لە ڕەفتار و کردەوەکانم دەکرد، ئەو وەکو نیشانەی بێدەسەڵاتی هەردوو دەستی دەکێشا بە یەکدا و داوای لێبوردنی لێ دەکردن.

تا یانزدە ساڵی، بە کوڕێکی خراپیان دەژماردم. خۆ ئەگەر خێزانەکەمان زۆر هەژار نەبوونایە، ئەگەری ئەوە هەبوو بمخەنە نەخۆشخانەی دەروونییەوە. دواجار، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەش ڕزگاریان بێت لە دەستم، هۆزەکەمان پیتاکیان بۆ کۆ کردمەوە تا بمخەنە قوتابخانە.

لە بەردەم یەکێک لە ئاودەستەکانی قوتابخانەکەدا بوو، کە ئەو "دەنگ"ە لەناو ناخمدا خۆی ڕاگەیاند. ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە نابێ لە شەرماندا سوور هەڵگەڕێم، هەر لەبەر ئەوەی بێ باوکم. نە پێغەمبەرەکەی خۆمان باوکی خۆی ناسیوە و نەمەسیحیش. دەنگێکی نایاب بوو و وەکو ئیسفەنجێک توانیی ئازارەکانم هەڵمژێت. زۆربەی کاتەکانم گوێم بۆ ئەو شل دەکرد. هەندێ جاریش بەتەنیا بەرەو بیابان دەچووم، تا جگە لەو گوێم لە هیچ دەنگێکی تر نەبێت. لەوەبەدوا، دەمتوانی بەبێ ئەوەی لە گاڵتەپێکردنی لاپرەسەنەکان بترسم، بەئازادییەوە قسە لەگەڵ ئەودا بکەم. ئەو دەمە تێگەییم لەوەی، من بۆ ئەوە دروست بووم ببم بە ئەفسانەیەک.

لە قوتابخانەی سەبها و دواتریش لە قوتابخانەی میسراتە، هاوڕێکانم بە وشەکانم تەواو سەرسام دەبوون. ئەوە من نەبووم کە بە ڕەخنە توندەکانم سیحرم لێ دەکردن، بەڵکو ئەو دەنگە بوو کە لە ناخمدا دەیچریکاند. مامۆستاکانم لێم بێزار ببوون. من بەرگریم لە قوتابییە تەمەڵەکان دەکرد و

نارەزاییم دەر دەبڕی بەرامبەر بەو نمرە کەمانەی وەکو سزایەک دەیاندامێ. قوتابییەکانم بۆ مانگرتن هان دەدا و کەتنم دەنایەوە و دژ بە قوتابییە دەوڵەمەندەکان هانم دەدان. بێ هیچ سڵەمینەوەیەک، ڕەخنەم لە شا دەگرت. چەند جارێک لە قوتابخانە دەریان کردم، بەڵام سوودی نەبوو.

لە کۆلیجی سەربازی بۆم دەر کەوت، کە مەیلێکم بۆ هەراسانکردن و هاندان تیایە. بۆیە بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە ڕژێم، هەندێ شانەم پێک هێنا و تۆوی بەرهەڵستی و نارەزاییم تیا چاندن. خەونم بە شۆڕشێکی گەورەوە دەبینی، شۆڕشێک بمخاتە ئاستی ماوتسی تۆنگ یا جەمال عەبدولناسرەوە.

لەودیو دەرگاکەوە یەکێک بانگی کردم، "برای سەرکردە، فەریق تکا دەکات بچیت بۆ لای، ئەو لە خوارەوە چاوەڕێت دەکات."

٩

ئەبوبەکر لە خوارەوەی پلیکانەکان پێی ڕاگەیاندم، "وا کاروانی ئوتومبێلەکان گەیشتن."

"ژمارەی ئوتومبێلەکان چەندە؟"

"دوانزدە، لەگەڵ پەنجا سەربازی تەواو ئامادە و چەکدار."

"ئەی کوڕەکەم؟"

"وەکو موقەدەم تەرید دەڵێت، ئەوەندەی پێناچێت ئەویش دەگات."

ناوهێنانی تەرید بەسە بۆ ئەوەی ببووژێمەوە.

"تەرید لێرەیە؟"

دەنگێک لە دەستەچەپمەوە وتی، "بە گۆشت و خوێنەوە، برای سەرکردە."

سڵاوی سەربازیی بۆ کردم. بە بینینی خۆشحاڵ بووم و حەزم کرد باوەشی پیا بکەم. ئیبراهیم تەرید، لاوترین موقەدەمە لە سوپاکەمدا. تەمەنی سی ساڵە، بەڵام بە کۆمەڵێک دەسکەوتی گەورەوە لە تۆمارنامە سەربازییەکەیدا.

کوڕێکی قۆزی کورتەباڵایە، سمێڵێکی پێوەیە، کە بە دەموچاوە هەرزەکارانەکەی نامۆیە. تەرید بەرجەستەکەری ئەو نموونەیەیە، کە خۆزگەم دەخواست هەر تاکێکی سەر بە سوپاکەم، وەکو ئەو بووایە. ئەگەر سەد پیاوی وەکو ئەوم لەگەڵدا بووایە، هەرچی سوپای دنیا هەیە دەمبەزاند. سەروسیمایەکی بەشکۆی هەیە، جلوبەرگەکەی هیچ چرچولۆچییەکی تیا نییە، پێڵاوەکانی تازە بۆیاخ کراون، دەڵێی هیچ پەیوەندییەکی بە جەنگ و بەو ئاژاوەیەوە نییە، کە لەئارادایە. تۆزی سەر جلەکەی، دەڵێی سورمەیە دەبریسکێتەوە. "ئۆتۆ سکۆرزینی[1]" بۆ هیتلەر چۆن بوو، موقەدەم تەریدیش لە ئێستادا بۆ من ئاوایە. تا بڵێی پیاوێکی ئازا و زیرەکە. گەلێ ئەرکی سەختم پێ سپاردووە و بە حەماسێکی بێوێنەوە بەجێی هێناون: جڵەوکردنی ئەزاودەکانی مالی، بەسەربازکردنی شۆڕشگێڕە مۆریتانییەکان، ئەو کارانەی بۆ تێکدانی سەقامگیری لە ساحیل دەدران. وەک چۆن ڕاشمسپارد، هەندێ لە کەسانی سەر بە خێزانەکەم بگەیەنێتە جەزائیر، تا سەلامەتیان پارێزراو بێت. هەرگیز بیئومێدی نەکردووم. حەماس و سووربوون و ئازایەتیی وایان کردووە بەئاسانی لەپێش ئەفسەرە هاوتەمەنەکانیەوە بێت. بوونی لەناوماندا، بەسە بۆ ئەوەی کەشێکی ئاسوودە باڵمان بەسەردا بکێشێت، تەنانەت مەنسووریش بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، بزە کەوتە سەر لێوی.

---

١ ئۆتۆسکۆرزینی (١٩٠٨-١٩٧٥): ئەفسەرێکی هەواڵگری و ئوپەراسیۆنە تایبەتەکانی هیتلەر بوو، لە دووەم جەنگی جیهانیدا. لە ئوپەراسیۆنێکدا، توانیویەتی مۆسۆلینی لە چیاکانی ئەلب لە یەخسیری ڕزگار بکات.

نەمویست بزانێ کە هاتنەکەی زۆر خۆشحاڵی کردووم و لێم پرسی، "دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە مردوویت."

هەردوو باسکی کردەوە، تا پیشانم بدات کە چەند تەندروستە و وەڵامی دامەوە، "دەنگۆکان بە هەڵەدا چوون."

"ئەی چۆن ئێمەت دۆزییەوە؟"

"برای سەرکردە، یەکێک یەکێکی خۆش بوێت هەر دەیدۆزێتەوە. خەرمانەی تۆ، وەک ئەستێرەی قوتبی وایە بۆ من."

"هەر بەڕاست وایە."

"نارێکی لە ڕیزەکانی شۆڕشگێڕەکانی بەنغازیدا دەرفەتێکی وای خولقاندووە، هەر دەستەیەک بیانەوێ، دەتوانن بەئاسانی بە ناویاندا تێبپەڕن. من تا شار دوایان کەوتم، پاشان خۆم کرد بە بەینی دوو شوورەدا، تا گەیشتمە کەرتی دوو. پیاوەکانی عەقید موعتەسیم تا خاڵی سیوشەش لەگەڵم هاتن، ئیتر لەدوا ئەوەوە، بە چاوی نووقاوەوە ڕێگاکەم بڕی."

"کوڕەکەمت بینی؟"

"بەڵێ گەورەم. کاری گەورە دەکات. لە خۆرهەڵات هێرشێکی تێک شکاند، عەمبارەکانمانی تەقاندەوە. وەختێ من جێم هێشت، خەریکی کۆکردنەوەی فیرقەکانی بوو. عەقید مەنسوور ئەم یانزدە ئۆتۆمبێلەی دامێ، کە هێناومن بۆ ئێرە."

"ئەی دەنگوباسی چییە؟"

"زۆر باشە. خۆی پێی وتم، کە پێتان ڕابگەیەنم بۆ ماوەی سەعاتێک یان دوو سەعات دوا دەکەوێت، بەڵام تەواو دۆخەکەی کۆنترۆل کردووە."

کوپەکانی سەر یەکێک لە مێزەکانی لا برد و نەخشەیەکی سەرکردایەتیی ئەرکانی لەسەر بڵاو کردەوە، من و فەریق مەنسووری بانگ کرد تا لێی نزیک بینەوە.

"دۆخەکە ئاڵۆزە، بەڵام عاسی نابێت لێمان."

ئینجا قەڵەمێکی ڕەنگیی گرت بە دەستەوە، تا پێگەکانی خۆمان و پێگەکانی دوژمن دیاری بکات.

"ژمارەی زۆری هێزەکانی شۆڕشگێڕەکان لە خۆرئاوادا جێگیرن. ئەو کەرتە میلیشیای میسراتەی لێیە. بەشێکیان لە ڕێگای ساحیلەوە پێشڕەوی دەکەن و بەشەکەی تریش لە سیدی بل ڕوەیلحەوە، بە ڕێگایەکی لاوەکیدا، بە ئاقاری دووڕیانی سەد و شەستوحەوت، بەڵام لەو ناوچەیە هەموو شتەکان وان لەژێر دەسەڵاتی قاعیدە و کەتیبەی حەڤدەی شوباتدا... لە دەستی خۆرهەڵاتیشەوە، خائینەکانی بەنغازی بە ڕێگای ئەبو زوهیاندا پێشڕەوی دەکەن. هەردوو هێزەکە هەوڵ دەدەن بگەنە دووڕیانی سەد و شەستوحەوت، تا ڕێگای بیر ئەلحممە دابڕن."

"بە شوێنی ئێمە دەزانن؟"

"بڕوا ناکەم."

"ئەی پلانی تۆ چییە؟"

"بۆ شکاندنی گەمارۆکە دوو ڕێگامان لە بەردەمدایە؛ یەکەم، دەربازبوون لە ناوچەی خۆرهەڵاتەوە، چونکە ئەو هەمەجییانە لەبەر وێرانکاری و فەرهوود، ئاگایان لە سەنگەرەکانیان نەماوە."

وەزیری بەرگری وتی، "نا وا نییە، پێشڕەوی لەو ناوچەیەوە ڕیسکێکی گەورەیە."

"جەنابی فەریق، هیچ هەنگاوێک بێ ڕیسک نییە، هەموو هەنگاوێکیش قابیلی جێبەجێکردنە."

"بەڵام ئێمە سەرۆکمان لەگەڵدایە."

موقەدەم سەری لەقاند و چووە سەر پلانەکەی تر، "ئەم دوانیوەڕۆیە، بە درێژاییی ئەو خەتەی سەنگەری پێشەوەی شۆڕشگێڕەکان دیاری دەکات، پاشەکشێیەکی تەکتیکی هەبووە. دوژمن لە باشووری خۆرهەڵات و باشووری خۆرئاوا، دوو بۆ سێ کیلۆمەتر پاشەکشێی کردووە، بەمەش ڕووبەرێکی تا ڕادەیەک فراوان و چۆڵمان لە بەردەستدا دەبێت، کە دەتوانین بۆ مەبەستی خۆمان بەکاری بێنین. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی هەواڵگریشمان، دەتوانین دەست بەسەر تەوەری بیر ئەلحممە و خەرب ئەلئەکوازدا بگرین."

مەنسوور وتی، "لەوانەیە ئەمە کەمین بێت. کەلێنەکە هێندە فراوانە، کە دیارە داوێکە و بۆیان ناوینەتەوە. ئەگەر بچینە ئەو ناوچەیەوە، دوژمن دەتوانێ گەمارۆمان بدات و قەلاچۆمان بکات. لە حاڵەتێکدا ئەگەر میلیشیای میسراتە، دووڕیانی سەد و شەستوحەوت کۆنترۆڵ بکات، ئەوا تەنانەت توانای کشانەوەشمان نابێت."

موقەدەم سوور بوو لەسەر قسەی خۆی، "ئەوەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە سوپایەکی ڕێکخراو نییە، بەڵکو لێشاوێکی مرۆییە و هەرچییەک بێتە ڕێی ڕای دەماڵێت. لە خۆرئاوا، ئیسلامییەکان شارەکەیان ڕاماڵیوە. لە خۆرهەڵاتیش، وێڕای ئەو بێسەروبەرییەی لەناو هێزەکانی بەنغازیدا هەیە و ئێمەش ئاگاداری ڕێکخستنەکانیان نین، لەوانەیە لەناوەوە بۆمان هەڵتۆقن و ڕێمان پێ بگرن. بە هەزاران کەس دەبن،

بەناو ئەو خۆڵ و تەپوتۆزەدا بڵاو بوونەتەوە و بەدوای کاروانێکدا دەگەڕێن، تا بدەن بە سەریدا و تاڵانی بکەن. هەر بۆیە باشوور تاقە دەرچەیە بۆ ئێمە."

ئەو پێشنیازەی موقەدەمم پەسەند کرد، نەک لەبەر ئەوەی بەڵگەکانی قابیلی پووچەڵکردنەوەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی مەزەنەم درۆم لەگەڵ ناکات. من خۆم ئەم بەیانییە پێشنیازی کشانەوەم کرد بۆ باشوور. کەمێک لەمەوپێش کە ئەوەم بیرچووبۆوە، ئەوە بەڵگەی ئەوە بوو، کە "دەنگ"ەکە لەبریی من قسەی کردبوو. ئەوەی بڕیاری لەسەر دەدەم، ئەوەیە کە خوا دەیەوێ. ئەی ئەو شەوەی لە بابولعەزیزییە کۆشکەکەم بۆردومان کرا، لە کوشتن ڕزگارم نەبوو؟ ئەو شەوەی لەگەڵ کەسانی خێزانەکەمدا، پێکەوە بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی نەوە خۆشەویستەکەمەوە ئاهەنگمان دەگێڕا و تێیدا کوڕە بچووکەکەم سەیفولعەرەب و سێ کوڕەکەی بوونە قوربانی. لەژێر داروپەردووەکانەوە هاتمە دەرەوە، بەبێ ئەوەی شوێنێکم ڕووشابێت. ئەو مەترسییانەی بە درێژاییی ماوەی حوکمڕانیم تووشیان بووم، ئەو پیلان و هەوڵی ڕەشەکوژییانە، هەرکەسێکی تر بووایە لەبریی من، دەمێک بوو تیاچووبوو. من خوا دەمپارێزێت، هیچ گومانێکم لەمە نییە. هەمووی چەند سەعاتێک نابات، وەک چۆن دەریاکە لە بەردەمی مووسادا شەقی برد، بە هەمان شێوە گەمارۆکەش لە بەردەمی مندا شەق دەبات و وەکو چوونی دەرزی بە قوماشێکی نەرمدا، سنووری دوژمن دەڕەتێنم. سەرەنجام وتم، "ئێستا هیچمان نەماوە، ئەوە نەبێت چاوەڕێی موعتەسیم دەکەین. هەر کە هات، ئیتر ئەم کەرتە

جێ دێڵین."

فەریق پێشنیازی کرد، "سەعات چوار، کاتێکی گونجاوە."

قسەکەیم پێ بڕی، "کاتمان بە دەستەوە نییە. سەعاتی گونجاو و مونجاو نییە ئەبو بەکر. دەبێ بە زووترین کات ئەم شارە زەردەواڵەیە جێ بێڵین. ئەوەندە نابات، هێزە هاوپەیمانەکان دێن و بۆردومانمان دەکەن."

مەنسوور وتی، "زۆر چاکە، منیش ڕازیم."

هاوارم کرد بە سەریدا، "ڕازی بیت و ڕازی نەبیت، لای من گرنگ نییە. ئەوەی لێرە فەرمان دەر دەکات، منم. خۆتان بۆ جێهێشتنی ئەم شوێنە ئامادە بکەن. کە موعتەسیم هات، پێویست ناکات لە ئوتومبێلەکەی دابەزێت. هەر ئەوەندە کاروانەکەیان نزیک بۆوە، یەکسەر ڕیزەکانمان ڕێک دەخەین و دەر دەچین."

موقەدەم نەخشەکەی کۆ کردەوە و بەڕێکوپێکی قەدی کرد و خستیە ناو جانتاکەیەوە.

"موقەدەم تەرید، دەتوانیت بڕۆیت. تۆ پێویستیت بە کەمێک پشوو هەیە."

پاشان، بەتەوسێکەوە و بە لاچاو سەیرێکی فەریق و سەرکردەی پاسەوانانم کرد و بە تەریدم وت، "تۆ ئەفسەرێکی تایبەتیت، شایانی ڕێزگرتنی منیت."

ئەفسەرە لاوەکە نەڕۆیشت و بەدەم سووکە زەردەخەنەیەکەوە وتی، "برای سەرکردە، بە دەستی بەتاڵەوە نەهاتووم بۆ لات."

چەقەنەیەکی لێ دا، دوو سەرباز هاتن و زیندانییەکی کەلەپچەکراویان لەگەڵ خۆیان هێنا، کە تراکسوودێکی لەپێدا

بوو، سەرئەژنۆکانی دڕابوون، بلووزێکیشی لەبەردا بوو، کە ڕەنگەکەی کاڵ بووبۆوە. دەموچاوی ڕەش داگەڕابوو و قەڵەوییەکەشی وای کردبوو، شتێک لە ورچ گەڕابۆوە. ئاسەواری لێدان بە ڕوخساریەوە دیار بوو، چاوەکانی تەواو ئاوسا بوون و بەحاڵ کرابوونەوە و چواردەوریان شین هەڵگەڕابوو. قژە سپییەکەی لاجانگەکانی و شەویلگە داکەوتووەکەی نیشانەی ئەوە بوون، کە تەمەنی پەنجا ساڵێک دەبوو.

فرێیان دایە بەرپێم، کەوتە سەر ئەژنۆکانی. برینێکی قووڵم لە ملیدا بینی، خوێنی لێ دەهات.

"ئەمە کێیە؟"

تەرید بەدەم شانازیکردنێکەوە بە نێچیرەکەی، وتی، "نەقیب جاروود، یاوەری لیوا یونس."

"باشە ئەم تەمەنەی هیی ئەو کارەیە؟"

"بەڵێ. ئەم ترسنۆکە عەریف بوو. ئینجا بوو بە ڕەقیب و شۆفێری تایبەتیی لیوا. پاشان بەبێ ئەوەی پەیمانگای باڵا تەواو بکات، یونس کردی بە ئەفسەر."

بە نووکی پێ، پاڵێکم بە زیندانییەکەوە نا. بۆنێکی ناخۆشی لێوە دەهات، ناچار بە دەستم کونەلووتەکانمم گرت.

"لە زێرابدا دەسگیرت کردووە؟"

موقەدەم بەلاقرتێوە وتی، "لەسەر ڕێگای خێرا، لە "ئوتۆ ستۆپ"ەکە بینیم و لەگەڵ خۆمدا هەڵم گرت!"

زیندانییەکە بەدەم ئازارەوە وتی، "گەورەم، سوێند بێ دەمویست بێمە ناو ڕیزەکانی ئێوەوە."

بە نیگایەکی قێزەونەوە سەیرم کرد، "لەبەر ئەوەی لیوا

یونس دەسبەردارت بووە؟"

"گەورەم، من کەسێکی وا نیم بمکەن بە مەسەلەیەکی گەورە."

"لیوا یونس بۆ خیانەتی لێ کردم؟"

"نازانم، گەورەم."

مەنسوور وتی، "لەبەر ئەوەی وای دەزانی دەرفەتی ئەوەی بۆ دێتە پێشێ، تا لای یاخیبووەکان شتێک بپچڕێت و بەو جۆرە پێگەی خۆی بپارێزێت.

وەزیریش قسەکەی بۆ تەواو کرد، "تەماحی لەڕادەبەدەر بوو."

دیسان بە نووکەپێ کابرای کۆنە یاوەرم جوولاندەوە، "چییە، زمانت قووت داوە؟"

یەکێک لە پاسەوانەکان کێشای بە ملیدا.

"وەلامی پرسیارەکەی سەرۆک بدەرەوە."

کابرای زیندانی بەر لەوەی بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وەلام بداتەوە، چەند جارێک تفەکەی ناودەمی قووت دایەوە، "گەورەم، لیوا یونس ئیرەییی بە جەنابتان دەبرد. ئەو ئیوەی خۆش نەدەویست. جارێکیان لە ئۆفیسەکەی بوو، کە بەسەریدا چووم، بینیم لوولەی دەمانچەکەی کردبووە وێنەکەی جەنابت."

"ئەی ئەو کاتە بۆ نەهاتیت و ئەمەمان پێ بڵێیت؟"

سەری دانەواند. بە جۆرێک دەگریا هەردوو شانی لەگەڵیدا بەرز دەبوونەوە.

"دەتتوانی لەوە ئاگادارم بکەیتەوە."

موقەدەم وتی، "ڕەنگە لیوا بەڵێنی پێگەیەکی گرنگتری پێ

دابووبێت."

مەنسوور نیگایەکی وەهای کرد، کە تێی بگەیەنێت لەم گفتوگۆیەدا بەشدار نەبێت.

کابرای خائین مرخاندی و بە شانی لووتی سڕی. غیرەتی ئەوەی نەبوو سەیری من بکات. پاسەوانەکە بە لوولەی تفەنگەکەی پێیدا کێشا.

"سەرۆک پرسیاری لێ کردیت."

زیندانییەکە دانی پیا نا، "من لێی دەترسام. یاوەری بازێکی وەها بیت، مانای وایە چاوەڕێ بیت بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت، پەلامارت بدات و لرفت بدات. لە دوورییی چەندان میلەوە، بۆنی شتەکانی دەکرد و چۆن یەکێک کتێبێک دەخوێنێتەوە، ئەویش ئاوا مێشکی خەڵکی دەخوێندەوە. بەئەستەم گومانێکی بکردایە، یەکسەر کاردانەوەی دەبوو، تۆزقاڵێک بەزەییش لە دڵیدا نەبوو. من دەرمانی دژەخەمۆکیم دەخوارد."

"ئەی چۆن مرد؟"

"گەورەم، وەکو سەگ تۆپی."

وەزیری بەرگری لێی پرسی، "سەگ چۆن دەتوپێت؟ من سەگێکم هەبوو لە پیریدا تۆپی، منالەکانیشم دەورەیان دابوو و بەزەییان پیا دەهاتەوە. لیوا یونسیش وا تۆپی؟"

- ڕاستە کوژراوە یان ئەوەش پروپاگەندەیەکە بە مەبەستی شاردنەوەی؟ ئاسان نییە نیکۆلا سارکۆزی پێشوازیی لێ بکات. یونس دانوستانکارێکە جێی مەترسییە. لەبەر ئەوەی دڵنیاش بوو کە خۆی ڕزگار کردووە، وڵاتێکی هەڵبژاردووە، کە وەکو بەهەشت وایە لە ڕووی داهاتی

باجەوە و ئەویش سەروەتەکەی تیا سەرمایەگوزاری دەکات."

"گەورەم، گومان لەوەدا نییە کە کوژراوە."

"تۆ خۆت کوشتنەکەیت بینی؟"

"نەخێر، گەورەم."

"ئەی کەواتە چۆن لەوە دڵنیایت؟ هەر ڕۆژە و کۆمەڵێک درۆی هەڵبەستراو دەبیستین. تەنانەت بیستوومەتەوە وتوویانە، گوایە من لەپشت کوشتنەکەیەوە بووم. خۆ ئەگەر وا بووایە پێم خۆش بوو، بەڵام ئەوە ڕاست نییە."

گەرچی سەرکردەی پاسەوانان ئاگاداری کردبۆوە کە خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام موقەدەم وتی، "خۆی لەوێ نەبووە، بەڵام لایەنێکی هەواڵەکە دەزانێت."

کەوتە سەر چیچکان و گوێی زیندانییەکەی گرت، تا ناچاری بکات سەر هەڵبڕێت.

"ئادەی دەموچاوجرج، بە سەرۆک بڵێ چی ڕووی دا. تۆ لە پەنا گەورەکەتدا بوویت، کاتێ بۆ ئەو دەعوا وەهمییە بانگ کرا. وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژە بگێڕەرەوە، کە بینیوتن و بیستووتن."

کابرای خائین بەدەم ئاخوئۆفی ئازارەوە وتی، "من تینوومە."

وەزیر ناردی ئاوی بۆ بێنن. دوای ئەوەی تێر ئاوی خواردەوە، بێ ناوبڕ دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە کرد: وەک ئەوەی ئەم کابرایە گێڕایەوە، لیوا عەبدولفەتاح یونس زانیویەتی، کە تەرازووی هێز بەلای کەتیبەی حەڤدەی شوباتدا شکاوەتەوە، ئەو کەتیبەیەی سەرکردەی ئیسلامی "عەبدولحەکیم ئەلحاج" سەرکردایەتیی دەکات، چالاکوانێکی

ئیسلامی، کە شەش ساڵ لە زیندانەکانی مندا بۆگەنی کرد، بۆیە پەنای بۆ ئەوان بردبوو، بەڵام یاخیبووەکان سەرنجیان دابوو کە توانا کردەییەکانی ڕوو لە کزبوونە، ئیتر دووریان خستەوە، بەوەی کردیان بە ڕاوێژکارێکی سادە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیدا. لیوا هەستی کردبوو ئەو دۆخە دەیتاسێنێت، لەبەر ئەوە بڕیاری دابوو خۆی مشوورێکی خۆی بخوات، بەڵام هیچیان بۆ نەهێشتبۆوە، جگە لە چاوەکانی بۆ گریان. فەرەنسییەکان خۆشیان نەدەویست: وەکو داشی شەترەنجێک بۆ سازش بەکاریان دەهێنا و ئامادە بوون هەرکاتێک ویستیان دەسبەرداری بن، بەتایبەتیش کە زانیبوویان نە ڕۆڵێکی ئەوتۆ و نە هیچ کاریگەرییەکی بۆ سەر ڕووداوەکان ماوە، بەڵام ئەمەریکییەکان دیاریکردنی چارەنووسیان گرتە ئەستۆی خۆیان. لیوا لە خراپترین حاڵەتدا، هەر کوژراوێکی دواخراو بوو، لە باشترین حاڵەتیشدا تاوانبارێکی جەنگ بوو، کە دەبووایە ڕادەستی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکرایە.

مەنسوور فەرمانی بەسەردا کرد، "بەکورتی پێمان بڵێ گەورەکەت چۆن مرد."

"گەورەم، پێتان دەڵێم."

"ئێمە ناچار نین چاوەڕێ بکەین تا پێمان دەڵێیت، هەی چەپەڵ، یەکسەر بچۆرە سەر ئەو بابەتە."

خائینەکە قورگی پاک کردەوە و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، "جەنابی سەرۆک، تۆمەتی ئەوە خرایە پاڵ لیوا، کە سیخوڕێکی دوولایەنەیە و لە بەرژەوەندیی ئێوە و سارکۆزیدا کار دەکات. من لەگەڵیدا بووم، کاتێ ئەو یاداشتی

دەسبەسەرکردنەیان پێ دا، کە عەبدولجەلیل[1] خۆی ئیمزای کردبوو. لە تووڕەییدا تەواو هەڵچووبوو و هاواری دەکرد، کە خیانەتی لێ کراوە. لەگەڵیدا چووم بۆ دادگای سەربازی، تا لیستی تۆمەتەکانی پێ بڵێن. لیوا ناڕەزاییی دەر بڕی و وتی دان بە شەرعیەتی دادگایەدا نانێت و هەوڵی دا پەیوەندی بە سەرکردایەتیی گشتییەوە بکات. یەکێک لە خزمەکانم، کە چووبووە ڕیزی ئیسلامییەکانەوە و لە دادگا بینیم، ئامۆژگاریی کردم یاوەریی لیوا نەکەم و بڕۆمەوە بۆ ماڵی پوورم لە تەرابلوس و لە شەقامەکاندا خۆم پیشان نەدەم. وەختێ لیوا لە دادگا چووە دەرێ، ئیسلامییەکان ڕێیان پێ گرت و سواری ئوتومبێلێکی تیژڕەویان کرد و هەر هەمان ڕۆژ گوللەبارانیان کرد."

"چۆن؟"

"زاواکەم کە خۆی یەکێک بوو لە ڕفێنەرەکانی لیوا، لە ماڵی پوورم هات بۆ لام، پێی وتم کە لیوا هەوڵی داوە لە جامی ئوتومبێلەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، ئیتر ئەوانیش کێشاویانە بە سەریدا و بردوویانە بۆ زیندانێک و لەوێ لێیان پرسیوەتەوە. بە پلایس و ئاگر ئەشکەنجەیان داوە، پەنجەکانی پێیان بڕیوە و هەردوو چاویان هەڵکۆڵیوە و ئینجا بە مشارێکی ئاسنیش ناوسکیان هەڵدڕیوە."

مەنسوور کە ترسێک لێی نیشتبوو، وتی، "ئەو خزمەت

---

١ مستەفا محەمەد عەبدولجەلیل: لە سەردەمی قەزافیدا بۆ ماوەی چوار ساڵ وەزیری داد بوو. بەوە ناسرابوو، کە دژ بە گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بووە لە لیبیادا. دواتر لە ساڵی ٢٠١١دا، لە قەزافی هەڵگەڕایەوە و چووە ڕیزی یاخیبووەکانەوە، دژ بە ڕژێمەکەی قەزافی و کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئینتیقالیی لیبیا.

گەلێ فیلمی خوێناویی دیوە."

- بە مۆبایلەکەی دیمەنی کوشتنەکەی لیوای گرتبوو و پیشانی دام. سێ شەو و سێ ڕۆژ من ڕشاومەتەوە و بەدەم خەوەوە قیژاندوومە. تا ئێستاش لەشم دەلەرزێت..."

لەپڕێکدا سەری بەرز کردەوە و بە ڕوخسارە زەردەکەیەوە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، "سەرۆک، ئەوانە بەشەر نین! ئەوەندە بەس بوو لە ڕێگا چاوم پێیان بکەوێ، تا هەموو گیانم بکەوێتە لەرزین. لافی موسڵمانێتی لێدەدەن، بەڵام هیچیان بۆ ئەهریمەن نەهێشتۆتەوە. وەک مێش منالی خەڵکی دەکوژن. نیگایان زۆر ترسناکە و هەست دەکەیت زەفەر بە مەرگیش دەبات. وەختێ زاواکەم پێشنیازی بۆ کردم بچمە ڕیزەکانیانەوە، بێ سێ و دوو قاییل بووم. ئەگینا هەر بە بەرچاوی پوورمەوە و بێ هیچ دوودڵییەک ناوسکی هەڵدەدڕیم. بەڵام هەرچەندم دەکرد بەرگەی ئەوەم نەدەگرت، ئەوە بهێنمە پێشچاوی خۆم کە دەچمە ناو ئەو دڕندانەوە. هەر کە بیرم لەوە دەکردەوە لەگەڵیاندا دانیشم و نان بخۆم، خەریک بووم لە ترساندا گیانم دەر دەچوو. شەو، کاتێ زاواکەم نوست، لە ماڵەکە چوومە دەرێ و تا هێزم تیا بوو ڕام کرد و بەبێ ئەوەی ئاوڕێک لە دواوە بدەمەوە. دەمویست خۆم بگەیەنمە سیرت، تا بێمە ڕیزەکانی ئێوەوە، سەرۆک، بەڵام شارەکە پڕ بوو لەو یاخیبووانەی، کوێرانە تەقەیان لە هەر شتێک دەکرد بیانبینیایە یان بجووڵایەتەوە. سەری خۆم هەڵگرت و لە پەنا و پاسارەکاندا خۆم شاردەوە، تا ئەوە بوو لەسەر ڕێگای خێرا موقەدەمم بینی و ئیتر هەستم کرد لە کابووسێکی سامناک ڕزگارم بووە."

موقەدەم پێی وت، "هێشتا لە ناوجەرگەی کابووسەکەدایت."

زیندانییەکە کەوتە سەر ئەژنۆ و پاڕایەوە، "سەرۆک، من خیانەتم لێ نەکردوویت. بڕوا بکە هەر لە سەرەتاوە بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن خۆم بگەیەنمەوە ڕیزەکانی ئێوە. سوێندت بۆ دەخۆم درۆ ناکەم و ئەمە ڕاستییە."

"ڕاستی بوونی نییە. خەڵکی باوەڕ بەو شتە دەهێنن کە بۆ خۆیان گونجاوە، بەسەرهاتەکەی تۆش بۆ من نەگونجاوە."

خۆی گەیاندە بەرپێم.

"برای سەرکردە، من لە باو و باپیرانی خۆم زیاتر ڕێز لە تۆ دەگرم. چوار کوڕم هەیە لەگەڵ ژنێکی نیوەشێتدا، توو خۆشەویستیی پێغەمبەر لێم ببوورە. دەمەوێ ببمەوە بە سەربازێکی تۆ و دڵنیا بە دەبمە جێی متمانەت."

متمانە؟

من بەر لەوەی پێ بگرم، ئەم وشە ژەهراوییەم لە قاموسی خۆم دەر هێناوە. متمانە، مردنێکی بچووکە. دەبووایە لەگەڵ هەموواندا بەئاگا بوومایە و سڵم لێ بکردنایەتەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی زۆر بەوەفا بوون بۆم، چونکە ئەوانە لە هەموو کەسێک زیاتر ئاگاداری کەموکورتییەکانی من بوون. بۆ ئەوەی حوکمڕانییەکی درێژخایەن مسۆگەر بکەم، بەتەنها کەسە بەئاوەزەکانم دەسگیر نەدەکرد و ویژدانەکانم گەندەڵ نەدەکرد، بەڵکو ئامادە بووم خۆم لە برای جمکیشم ڕزگار بکەم، تا بەوە تاوانبار نەکرێم کە برای خۆمم خۆش دەوێ.

گەرچی وێڕای هەموو ئەو ڕێوشوێنە توندانەی گرتمنە بەر و هەموو ئەو وریاییە و ئەو پاکسازییانەی ئەنجامم دان، هەر خیانەتم لێ کرا. لەسەر دەستی کێش؟ لەسەر دەستی

کەسانێک، کە تا سەر ئێسقان بەوەفا بوون بۆم. ئەم لیوا یونسەی کە لە ڕۆحی خۆم جیام نەدەکردەوە و لە برایەکی خۆم زیاترم خۆش دەویست، ئەم پیاوەی کە خۆی بەوەوە با دەدا، کە باوکی ڕۆحیی کوڕەکەمە و لە هەموو نوێژەکانیدا نزای خێری بۆ دەکردم و قسە دەرپەڕیوەکانیشمی بە کۆدی گرنگ دەزانی، ئەو خیانەتی لێ کردم. ئیتر چۆن ئەو کۆتاییە تراجیدییەی بە سزایەکی خودایی نەزانم؟ بە دەسبەرداربوونی لەو بەرەکەتەی من بەسەریدا ڕژاندبووم، مەرگی خۆی مسۆگەر کرد. ئەو هەستەی ئێستا هەمە بەرامبەری، نە ڕقە و نە سووکایەتیپێکردن، بەڵکو بەدبەختی و جۆرێکە لە بەزەیی، کە نازانم لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاسوودەم دەکات و ئیرادەم پتەوتر دەکات.

خائینەکە کرووزایەوە، "لێت دەپاڕێمەوە. دەمویست بێمە ڕیزەکانی ئێوەوە، سوێن بە گرانبەهاترین شتی ژیانم."

پێم وت، "گرانبەهاترین شتی ژیانت، کە لەم دنیایەدا بۆت ماوەتەوە کەللەسەرتە، ئەویش لای من تووڕێکی قوڕاوی ناهێنێت."

فەرمانم بە دوو سەرباز دا، "ئادەی یەکسەر بیبەن بۆ جەهەننەم."

خائینەکە هەوڵی دا بەرهەڵستیی ئەو دەست و باسکانە بکات کە دەوریان دا، گینگڵی دەدا و خۆی ڕادەپسکاند و دەموچاوی گرژ بووبوو. بەتوندی بەرەو حەوشەکە پەلکێشیان کرد. گوێم لێ بوو بەدەم گریانەوە لێم دەپاڕایەوە. تا دنیا تاریکتر دادەهات، هاواری ئازاری زیاتر تێکەل بە قیژەی

ترس دەبوو. کاتێکیش لە تکا و پاڕانەوەکانی نائومێد بوو، دەستی بە جنێودانم کرد، "موعەممەر، تۆ جگە لە پیاوێکی شێت هیچی تر نیت. تۆ شێتێکی جەللاد و خوێنڕێژیت و پێویستە ببەسترێیتەوە. نەفرەت لەو سکەی لێی بوویت و لەو ڕۆژەی تیا هاتیتە دنیاوە... تۆ بەزۆلی لەدایک بوویت موعەممەر. تۆ زۆلیت، زۆل..."

دیار بوو کەسێک چووبوو دەمی گرتبوو، چونکە لەپڕێکدا دەنگی کپ بوو.

لە ناوجەرگەی ئەو بێدەنگییەی بەدوای ئەو ڕووداوەدا هات، ئەو وشەی "زۆل"ە بە شێوەی جۆراوجۆر و پچڕپچڕ لە سەرمدا دەنگی دەدایەوە، بە جۆرێک کە "دەنگ"ە گەردوونییەکەی ناو ناخم، کە هەمیشە باش دەیزانی چۆن لە تەنیاییدا بمدوێنێت، وەکو هێلکەئەهریمەنۆکەیەکی ترساو چووبووەوە ناو خۆی.

لە هۆڵەکە، مەنسوور و وەزیر و موقەدەم سەریان داخستبوو و سەیری ئەرزەکەیان دەکرد، مێشکی ئەوانیش پڕ بووبوو لەو سووکایەتییانەی کە ئەو نەگریسە بە منی کرد.

چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، تا ئەو سووکایەتییە هەرس بکەم.

١٠

زۆڵ، زۆڵ، زۆڵ...

دەنگدانەوەی ئەو سووکایەتییە بەر دیوارەکانی ژوورەکەم دەکەوێت و دەگەڕێتەوە و هەڵبەزودابەز دەکات، جەستەم دەبڕێت و بەناو گۆشتەکەمدا ملیۆنەها ژەهر دەڕێژێت و بڵاوی دەکاتەوە. لەگەڵ هەر تەقینەوەیەکی ناو شار، یان داخرانی دەرگایەکی خوارەوە و یان کەوتنی شتێکدا بۆ سەر زەوییەکە، من بەتەنها دەنگدانەوەی وشەی "زۆڵ" دەبیستم. دەتوانم هەردوو گوێم بە قوڕ سواغ بدەم، یان پەردەی گوێیەکانم بدڕێنم، تا چیی تر ئەو وشەیە نەبیستم، کە جێی تەقە و زرمە و گرمەکانی شەڕی گرتۆتەوە لام.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم وشە قێزەونە کە لە بۆسەدا بوو بۆ خەوزڕانم، بەردەوام ئامادە بوو و کە سەرم دەخستە سەر سەرین، گەمارۆی دەدام. وەختێ ژاوەژاوی دەرەوە کپ دەبوو و پەردەکانی پەنجەرەکە دادەدرانەوە، تا بەتەنیا لەگەڵ خۆمدا بم و ژنە دۆستەکانم بە نەشئەی ئەو تۆوانەوە

پاڵدەکەوتن، کە تێیاندا دەمچاندن و ڤان گوخ لە تابلۆکەیدا دەتوایەوە و خامۆشی تێکەڵ بە تاریکی دەبوو، ئەم وشەیە خۆی دەکرد بەناو نوێنەکەمدا و هەندێ جار تا بەیانی بەبێداری دەیهێشتمەوە.

ئەم وشەیە سەربردەیەکی هەیە، کە ئاسەوارێکی خراپی لەسەر ژیانم جێ هێشتووە. ئەو ئێوارەیەی هەواڵی ئەوەیان دامێ، کە پلەم بەرز کراوەتەوە و کراوم بە نەقیب، لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشابووم، دوودڵ بووم لەوەی، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ لە ماڵەوە بگێڕم لەگەڵ هاوسەرەکەم و کۆمەڵێک هاوڕێمدا، یان لەناو هۆزەکەمدا لە فەززان. کە خەوتم، ڤان گوخ لە جلوبەرگی سوارچاکێکدا هات بۆ لام، لەناو دەریاچەیەکی سەهۆڵیندا گیری خواردبوو... بۆ بەیانی، لە بەردەرگای بیناکەماندا ئوتومبێلێکی جێب بەردەمی لێ گرتم و شۆفێرەکەی، کە لاوێکی سوورفل بوو و جلوبەرگێکی ناڕێکی لەبەردا بوو، پێی وتم، ڕاسپێردراوە کە بمبات بۆ مەڵبەندی سەرکردایەتیی گشتی. من وام زانی بۆ ئاهەنگ یان شتێکی لەو بابەتەم دەبەن، بۆیە خۆم فڕێ دایە ناو پێشی جێبەکەوە لای شۆفێرەکە و چاکەتەکەم و کڵاوەکەم ڕێک کردەوە. لە مەڵبەندی سەرکردایەتیی گشتی، ئاماژەیان بۆ کردم کە بچم بۆ ساختومانی ب، کە ساختومانێکی تەنگ و ناخۆشە و ئۆفیسەکانی هەواڵگریی تایبەت بە خاوەن شکۆ، شا ئیدریسی سنووسیی لێیە، چونکە من خۆم هەمیشە ئەو خولیایەم هەبووە، ببم بە بەرپرس لە یەکێک لە باڵوێزخانەکانی وڵاتەکەم لە دەرەوە، بۆیە بە پێپلیکانەکاندا تا نهۆمی سێیەم سەر کەوتم و پڕ بووم لە ئومێد و دەشترسام

پێم لە فەرشەکە گیر بێت و ساتمەیەک بدەم.

ڕەقیبێک بە خراپترین شێوە پێشوازیی لێ کردم. ئەمەندە لەخۆبایی بوو، دەتوت من خزمەتکارێکی زەبوونم و وام لە بەردەمی گەورەکەیدا، کە دەیچەوسێنێتەوە، بەڵام گوێم نەدایێ. بردمیانە هۆڵێکی چاوەڕوانیی ئاساییەوە، کە مێزێکی بچووکی کۆن و ڕیزێک کورسیی ئاسنی لێ بوو، بۆیەکەیان لێ بووبۆوە.

سێ دانە سەعات لەوێ چاوەڕێم کرد، بەبێ ئەوەی یەکێک بێت و بڵێ ئەرێ ئەوە ماویت یا مردوویت. کاتێک دووبارە ڕەقیبەکە پەیدا بۆوە، ئەوەندە تووڕە بووم، خەریک بووم لە پێستی خۆم دەر دەچووم.

موقەدەم جەلال سنووسی، بە دەموچاوە کونجکونجەکەی و گوێیە گەورەکانی و چەند تاڵ قژەکەی سەریەوە، لە ئۆفیسەکەی خۆی چاوەڕێی دەکردم. چڕوچاوی کە هەر لە هیی بەراز دەچوو، نیشانەی چاوچنۆکییەکی لەبننەهاتوو بوو، بەڵام هەر یەک سەیرکردنی بەس بوو، بۆ ئەوەی مەڕێکی گەڕ تووشی دەردەکۆپان بکات. ئەوەی من پێم ناخۆش بوو لە ئەفسەردا هەبێت، ئەو هەیبوو؛ ورگ. ئەو ورگەی هەرچی نیشانە و ئەدگاری سەربازی هەبوو، لێی سەندبۆوە.

هەرگیز پێکەوە تەبا نەبووین. لە ڕۆژگاری ئەکادیمیاوە دەمناسی، کاتێ لە ساڵی دووەمدا وەکو ئەفسەرێکی قوتابی مەشقی پێ دەکردین. تۆبۆگرافیای پێ دەوتینەوە، کەچی خۆی بە نەخشە و قیبلەنماش نەیدەتوانی شوێنێک بدۆزێتەوە. لە ڕاستیدا، لە ئەکادیمیا کار ئەوە بوو، ڕاپۆرت بدات لەوانەی کە ڕەفتاریان باش نییە و بۆ کوێ دەچن و بۆ کوێ ناچن.

ئەو سیخوڕ و ڕاپۆرتنووسی ڕەسمی بوو.

پێم سەیر نەبوو کە لە ئۆفیسەکەی خۆیدا، لە نهۆمی سێیەمی ساختومانی ب بینیم، بەڵام هەر زوو زانیم، ک خەونەکەم بۆ کارکردن لە باڵیۆزخانە بوو بە هەڵم.

موقەدەم جەلال سنووسی، فەرمووی دانیشتنی لێ نەکردم. ورگە زلەکەی بەرز کردەوە تا بتوانێ دابنیشێت، ئینجا ب پەنجەیەکی قێزەونی، هەندێ ئەوراقی فایلێکی هەڵدایەوە. دوای ئەوەی لووتی خوراند، لێم ورد بۆوە، "مولازمی یەک دەزانیت بۆچی بانگم کردوویت؟"

بۆم ڕاست کردەوە و وتم، "نەقیب."

"نەخێر، جارێ دوو مانگت ماوە و منیش دەتوانم نارەزایی لەسەر دەر ببڕم."

"موقەدەم، نارەزایی لەسەر بڕیار دەر دەبڕیت؟"

"بێگومان، پێگەکەم ئەو دەسەڵاتەی پێ داوم. دەزگای هەواڵگریی خاوەنشکۆ، مافی ئەوەی هەیە ئەو بڕیارانە ڕەت بکاتەوە، کە مەترسی بۆ سەر مەملەکەتەکەمان دروست دەکەن، با لەلایەن دەسەڵاتی باڵاشەوە دەر چووبێت."

زۆری پێوە دەنا. ئەو هیچ نەبوو، جگە لە لێپرسراوێکی لاوەکی، کە خۆی لە ژوورێکی تەنگدا بەند کردبوو و هەندێ سەربازی خاکی بۆ کار دەچوون بۆ لای و ئەویش خۆی بەسەریاندا با دەدا. کابرایەکی چاپلووسە و لە بەردەم کەسێکی گەورەتر لە خۆیدا، تەواو بچووک دەبێتەوە و ئامادەیە بێتاوانێک بۆ سێدارە بنێرێت، تەنها بۆ ئەوەی بۆ گەورەکانی بسەلمێنێت، کە کەسێکی وریا و بێدارە.

لەبەر ئەوەی نازناوەکەی وەکو نازناوەکەی شایە،

موقەدەم جەلال سنووسیش لافی ئەوە لێدەدات، کە ئەویش وەکو شا، بە بنەچە جەزائیرییە و پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ وەلیعەهددا هەیە.

ڕاستییەکەی، چەقەڵێکی پیس و بوغزن چەند نازناوی ئابڕوومەندی هەیە، ئەم پیاوەش ئەوەندە. دەستی لە هەموو کارێکی گوماناویدا هەیە، چاوچنۆکییەکەی بۆ خواردن، لەسەروو توانای ورگیەوەیە. بەرامبەر بە بچووکترین کار، بەرتیلی وەر دەگرت. لەسەر ئازووقەی دەربار دەژیا، بەبێ ئەوەی یەک فلسی خۆی خەرج بکات، تا ئەو ڕادەیەی گوزەرانی لەسەر ئەو ئازووقانە دابین دەکرد، کە بەرپرسان دەیاندایێ تا لێیان نەخوێنێت. هەموو ئێوارەیەک خۆراکی یەک مانگی خێزانێکی بۆ دەهات، باڵنە، بەرخی سەربڕاو و لەتەتکراو، میوە و سەوزە، خواردنی قوتوو. هەموو بەیانییەکیش برسییەکان دەوری تەنەکەی خۆڵەکەیان دەدا، ئەو تەنەکەیەی هەندێک ناویان نابوو "چێشتخانەی پەرجووەکان."

تا ڕادەی مەرگ ڕقم لێی بوو، خۆیشی ئەوەی دەزانی.

فایلەکەی دەستی بەتوندی فڕێ دایە سەر مێزەکە و هاواری کرد، "تۆ لێرەیت، لەبەر ئەوەی ئەو گەرماپێوەی لە دەمتدایە، ئەوەندە درێژە بەشی ئەوە دەکات ببێت بە پەتی سێدارەت."

هیچ کاردانەوەیەکم نەبوو. ئەم بەرازە قەڵەوە ئەگەر بەڵگەی هەبووایە دژ بە من، یەکسەر دەیدام بە تیمی گوللەبارانکردن. من دڵنیا بووم لەوەی هەوڵی دەدا هەڵم بخەڵەتێنێ، بۆیە درۆی لەگەڵمدا دەکرد تا شتێکم لێ هەڵبکڕێنێت.

"من هەمیشە چاوێکم لەسەرت بووە، موعەممەر."

"کام چاوەیان؟ چاوە حەسوودەکەت یان تەڵەکەبازەکەت؟"

"هەردووکیان کار بۆ ئەوە دەکەن مەرگت ببینن، مولازمی یەک. هەی ئیبلیس، ئاگام لە هەموو داوەکانتە. مێشکی گەمژەکان پڕ دەکەیت لە تیۆرییە پڕوپووچەکانت دەربارەی شۆڕش و پڕکێشی دەکەیت بەخراپ باسی دەربارەی شا بکەیت، ئەو دەربارەی ناکەس بەچەیەکی وەکو تۆی کرد بە ئەفسەر. ئەگەر دەتەوێ بزانیت، تا ئێستاش بۆنی ڕیخی حوشترت لێ دێ."

"گرنگ نییە لەکوێوە هاتووین، گرنگ ئەو ڕێگایەیە کە گرتمانە بەر، بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە مەبەست. من کەس خزمەتی نەکردووم. بەبێ یارمەتی خوێندنم تەواو کردووە و خۆم خۆمم دروست کردووە. لەبەر ئەوە موقەدەم، پلەکەت مافی ئەوەت ناداتێ سووکایەتیم پێ بکەیت."

- "مافی ئەوەم دەداتێ، پێشت پیا بنێم. من ئەگەر لە جێی تۆ بوومایە ڕۆڵی قارەمانم نەدەبینی. مەعدەنەکەی تۆ هیی قارەمانان نییە. تۆ جگە لە دەمێکی هەڵەوەڕ هیچی تر نیت. قسەکەرێکی باش، کە دواجار بڕوا بە وڕێنەکەی خۆی دەکات. پێیان وتووم و ئاگام لێیە، کە لێرە و لەوێ کۆبوونەوەی نهێنی دەکەیت و لە یەکەسەربازییەکەی خۆتدا، لە کەسانێکی گەلۆر هەندێ شانەت دروست کردووە، وا نییە؟"

"ئەگەر ڕاست دەکەیت، یەک بەڵگەم لەسەر ئەوە بدەری، موقەدەم. تۆ تاوانێکی زۆر مەترسیدارم دەخەیتە پاڵ. من ئەفسەرێکی لێهاتووم و کارەکانم بەڕێکی ئەنجام دەدەم. لە چوارچێوەی پرنسیپەکاندا ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم و

دەزانم مافەکانیشم چین. من بەشی ئەو کەسانە ناخۆم، کە لەلام کار دەکەن و بەرامبەر هیچ ئیشێکیش کە بۆیان دەکەم، یەک فلس وەر ناگرم."

هەڵچوو و خەریک بوو ئەوراقەکانی ناودەستی بدرێت.

"مەبەستت چییە مولازم؟"

"مەبەستم هیچ نییە. من قسە دەکەم، ئامادەم لە دادگاش بەرگری لەو قسانەی خۆم بکەم. بۆ تۆ کاری لەو جۆرە دەکەیت؟"

"نا، نا، بگەڕێرەوە بۆ ئەوەی وتت. مەبەستت لە بەش و لە فلس چییە؟"

"موقەدەم، دەتەوێ ڕوونکردنەوەی زیاترت بدەمێ؟ باشە. هەموو ئاگاداری بازرگانییە نایاساییەکەتن. سەبارەت بەوەش کە کێ تۆی دژ بە من هان داوە، نازانم مەبەستی لەوە چییە. بەڵام من کەسێک نیم بخرێمە ژێر پێوە. شتێکیشم نییە لۆمە بکرێم لەسەری. ئەو ئیدیعایانەی تۆ بێبنەمان و مەترسیداریشن. تۆ ئاگات لە خۆتە چی دەڵێیت؟ تۆ دەڵێیت من کابرایەکی ئاژاوەچی و تێکدەرم؟"

بەئەنقەست هاوارم کرد، تا ئەو متمانەیەی لەق بکەم.

داوای لێ کردم هێور ببمەوە و ئاماژەی بۆ کردم دابنیشم، بەڵام من دانەنیشتم و هەر بەپێوە بووم و لە تووڕەییدا دەلەرزیم. دەمزانی شتێکی ئەوتۆ لە فایلەکەی دەستیدا نییە و بگرە لەوانەیە ئەو فایلە هەر هیی منیش نەبێت.

بە دەستەسڕێک ئارەقەکەی دەموچاوی سڕی و هەناسەی سوار بووبوو.

توانیم دەماری بگرم.

"ئەو کەسە کێیە ئەم شتانەی بۆ چاندووم، دەبێ بیدەم بە دادگا. دەبێ لە بەردەم دادگادا بەرگری لەم تۆمەتە هەڵبەستراوانەی بکات."

موقەدەم وتی، "وەرەوە سەر خۆت، هێمن بەرەوە. من بۆیە بانگم کردوویت چونکە بایەخ بە مەسەلەکەت دەدەم. دەڵێن تۆ دوای هەندێ گوتاری هەڵچوو کەوتوویت."

"ئەوانە کێن، کە ئەم قسانە دەکەن؟"

"منیش ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم. بۆم نییە هیچ شتێک بدەمە دەست ڕێکەوت. بیستم وتیان کە..."

"کە چی؟"

موقەدەم تێک چوو.

منیش بۆ ئەوەی تێکی بشکێنم، سڵاوی سەربازیم کرد و ئۆفیسەکەم جێ هێشت و بە دەنگێکی زۆر بەرز بەڵێنم دا، کە مەسەلەکە بۆ دادوەری سەربازی بەرز دەکەمەوە. ڕاستییەکەی، من بۆیە ئەو گۆڵمەزەم نایەوە، تا سەری لێ بشێوێنم، چونکە خۆم زۆر ترسابووم، بەڵام لە ڕاڕەوەکەدا ڕەقیبێک خۆی گەیاندە لام و وتی، "موعەمەر قەزافی، وەرە بۆ ئۆفیسەکەم."

سڵاوی بۆ نەکردم. چاکەتەکەی لەسەر قاییشەکەی بوو، هەردوو قۆڵی هەڵماڵیبوو، بەو شێوە ناڕەسمییە بەرامبەرم ڕاوەستا. بێشەرمیی لەخۆباییبوونانەی ئەم مەئمورە بەلای کەسێکی وەکو منەوە، کە زۆر گرنگی بە نیزام دەدەم، هیچی لەگەڵ شکاندنی پیرۆزیدا جیاواز نییە. نەک هەر بە ناوی خۆمەوە و بەبێ ناوهێنانی پلەکەم بانگی کردم، بەڵکو فەرمانیشی بەسەردا کردم، کە بچم بۆ ئۆفیسەکەی. ئەوەندە

پەست بووم، خەریک بووم دەتەقیم.

لەشێکی بنێس، قژێکی زەرد، دوو چاوی شین و دەمێکی وەک دەمی کچ، سەروسیمای لەوانە دەچێت، کە لە سای نیعمەتدا گەورە بوون. وەکو بەچکەگورگ بە شیری بۆرژوای لیبیایی کۆن پەروەردە کراوە، تا خزمەتی خاوەنشکۆی بکات و فێر بێت چۆن پێ بە میللەتی بەسزماندا بنێت. پێشتر و لە قوتابخانەی ئامادەیی، نموونەی تری لەمانەم بینیوە و هەندێ جار فیز و لەخۆباییبوونیان بە ڕادەیەک قەڵسی کردووم، کە خەریک بووە تاوانی کوشتن ئەنجام بدەم. هەر ئەو ڕقەی لە ناخمدا بەرامبەر بەم توێژە گرژ و زێڕکفتەم هەڵگرتووە، لام بوو بە بناغەیەک بۆ ڕەخنە توندەکانم. هەر جارێ لە ڕێگا تووشم دەبوو بە تووشی یەکێکیانەوە، تفم دەکردە ناو کراسەکەی خۆمەوە، تا لە چاوی بەد بەدوور بم.

ڕەقیب خاڵێکی لا بووبوو بە کێشە، دەیویست چارەسەری بکات.

"موعەممەر، کێشەیەکی بچووک لە مەسەلەی ناوەکەتدا هەیە."

"کێشەی چی؟ پاشان پێویستە بە جەنابی مولازمی یەکەم بانگم بکەیت، کاتێ قسەم لەگەڵدا دەکەیت. ئەی ئێمە پێکەوە بزنمان نەدەلەوەڕاند؟"

بەلاقرتیوە وەڵامی دامەوە، "من هەرگیز شوانی بزن نەبووم. وا بزانم پێویستیش ناکات ئەوەت بەبیر بهێنمەوە، کە سروشتی کارەکەم دەچێتە سەروو مەسەلەی پلەوە، جەنابی مولازمی یەکەم. لەم ئۆفیسەدا جڵەوی کاروبارەکان لە دەستی منداید، ئیتر ئەمەت پێ خۆش بێت یان نا.

بەرپرسەکانم ڕایان سپاردووم، لە دروستیی زانیارییەکانی کارتی زانیارییەکەت بکۆڵمەوە. دەبێ بزانیت ئێمە چەند لە پلەدا بەرز ببینەوە، ئەرکی سەرشانمان گەورەتر دەبێت. لەبەر ئەوە، هەرکەسێک پلەیەکی پێ درا، ئێمە دەبێ وریا بین و سەبارەت بەو کەسە نەکەوینە هەڵەوە...

"کێشەکە چییە؟"

"باوکت..."

هەستم بە سووکایەتی کرد. نەک هەر لەسەر دەستی عەریفێک سەرزەنشتی دەکرێم، بەڵکو سەبارەت بە مەسەلەی خێزانەکەشمان لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا دەکات.

"باوکم لە شەڕێکدا لەپێناوی شەرەفدا مردووە."

"بەڵام لە کارتەکەتدا وا نەنووسراوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لە هۆزەکەتاندا کردوومانن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کەس نازانێ باوکت کێیە. تەنانەت هەندێکیان ڕاشکاوانەتر وتوویانە، کە لە پیاوێکی کۆرسیکی بوویت، کە ناوی "ئەلبێرت پرێزیۆسی"ە، کە فڕۆکەوانێک بووە، لە ساڵی ١٩٤١دا، فڕۆکەیەکی جەنگیی ئەڵمانی خستوویەتیە خوارەوە، ئیتر هۆزەکەی ئێوە ڕزگاریان کردووە و خزمەتیان کردووە."

بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم، یەک بۆکسم کێشا بە دەموچاوی ڕەقیبدا، یەکسەر بە لووتی شکاوەوە و بەپشتدا کەوتە سەر زەوییەکە. فریا نەکەوتم هەڵکوتمە سەری، چوار کەس بۆم هاتن و دایانم بە زەویدا. موقەدەم سنووسی لای دەرگاکەوە ڕاوەستابوو و بەگاڵتەپێکردنەوە پێدەکەنی و هەردوو دەستیشی لەسەر سنگی لێک ئالاندبوون. لەوپەڕی کەیفدا بوو، سەلماندی کە زۆر لە من زۆرزانتر بوو، توانیی

داوم بۆ بنێتەوە، هەر بۆ ئەوەش بۆ ئۆفیسەکەی بانگی کردم، تا ئەوە ببێتە وێستگەی یەکەمم لەو پلانەی بۆمی دانابوو، تا جڵەوی خۆم لەدەست بدەم و کاردانەوەم بۆ دەمارگرتنەکەی مەئمورەکەی هەبێت.

"هەی سارانشین، پێم نەوتیت دژی ئەوەم پلەکەت بەرز بکرێتەوە؟ ئێستا بڕوات پێ کردم؟"

منێک وام دەزانی سەربازێکە و هیچی تر و لەبریی مێشک، دووگ وا لە سەریدا، کەچی دەر کەوت لە ئەهریمەن ئەهریمەنترە. (لەو پرۆسەی چاکسازییەدا، کە خۆم ڕابەرایەتیم کرد بۆ پاککردنەوەی داموودەزگاکانی کۆمار لە پاشماوەکانی ڕژێمی پادشایەتی، موقەدەم جەلال سنووسیم ناچار کرد، بە دەستی خۆی قەبرێک بۆ خۆی هەڵبکەنێ و بچێتە ناوی).

منیان ڕەوانەی ئەنجومەنی تەمێکردن کرد. دوای ئەوەی بەسەربردنی ماوەی دەسبەسەرکراویم و ڕاگرتنی بەرزکردنەوەی پلەکەم بۆ نەقیب، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە لە فەززان، تا حسابێکی کۆن لەگەڵ هۆزەکەماندا یەکلایی بکەمەوە.

فەززان هەم شەڕەنگێزە و هەم مایەی بەزەییە، نموونەی بەرجەستەکراوی دۆزەخە. لەبەر ئەوەی چاکتریان دەست نەدەکەوت یان لەبەر ئەوەی قەومێکی نەفرەتلێکراو بوون، هۆزی غەوس خۆیان دا بەسەریدا، وەک چۆن کەمتیارێکی برسی خۆی دەدات بەسەر پاشماوەی کەلاکێکدا. ڕۆژگارێک بوو من بە کۆپییەکی تری دۆزەخم لەقەڵەمدەدا.

ئەو فەززانەی تینوویتی و سەراسیمەیی شەکەتی کردبوو، وێنەیەکی تری من بوو. منیش ڕووتوقووت و هیچ بووم،

وەکو ئەو پێدەشتانەی ڕەشەبا ڕووتەنی کردبوون و هیچیان پێوە نەمابوو، جگە لەو بەرد و چەوانەی، کە بەردەوام بازنەی وێرانییەکانیان فراوانتر دەکرد.

لەژێر درەختێکی ئەکاکیادا دانیشتبووم، بیرم لە سارانشینەکان و چەتەکان و حاجییەکان و هەڵاتووەکان و کاروانچییەکان و ماجەراجۆیان و سەرگەردانەکان و هەموو ئەو ئاغا و خزمەتکارانەش دەکردەوە، کە لەژێر سێبەری ئەم درەختە دڕکاوییەدا حەساونەتەوە و لە خۆم دەپرسی، گەرچی بە مەرامی خۆشیان گەیشتبن، بەڵام ئاخۆ دەبێ دوای حەسانەوەکەیان چ ڕێگایەکیان گرتبێتە بەر؟

من لەوپەڕی حاڵەتی بەدبەختیدا بووم، وەک ئەو سێبەرە باریکەی دەبێتە خەت بەسەر لمەکانەوە، کڵۆڵ بووم، وەک ئەو ڕەگوڕیشە ئەستوورانەی بەدەوری مندا لە یەک ئاڵابوون و نەیاندەزانی لەکوێ ئازارەکانیان بنێژن.

گڕوتینی چواردەورم بەو ئاگرە بەراورد ناکرێ، کە ڕۆحم دەسووتێنێ.

من هاتووم چیم لە بیابان دەوێت؟

زوهدی خامۆشی یان گیانەڵای زەمەن؟ هیچ شتێکم شک نەدەبرد لەوێ. هیچ خاڵێکی ڕێنیشاندەرم نەبوو زیاتر لە سەرابێک جێی متمانە بێت، کە خەریکە لە دوورەوە دروست دەبێت. ئاخۆ هاتووم تا گوێ لە "دەنگەکە" بگرم، یان تا دەنگەکەی ڕەقیب کپ بکەم؟ نە ئەمەیان و نە ئەوەیان لە توانایدایە لەناو ئەم ژاوەژاوەدا بمگەیەنێتە مەرام. وەکو تەنافبازێک لەناو بۆشاییدا دەهاتم و دەچووم، دڵنیا لەوەی بەرزبوونەوەش وەکو چوونەخوارەوە کارەساتبارە.

هەموو ئەو ڕۆژە پاڵم دابوو بە قەدی درەختی ئەکاکیاکەوە، تا ئەو کاتەی خاڵم دوای چاوەڕوانییەکی درێژ هات بۆ لام. پێی وتم، "بۆ تا ئێستا لێرەیت، موعەممەر؟"

- "ئەی دەتەوێ بۆ کوێ بچم؟"

"بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە. چەندین سەعاتە لە بەر ئەم خۆرەتاوە پڕووکێنەدا دانیشتوویت. بۆ تەندروستیت خراپە. تاوەسووت دەبیت."

"وەک ئەوەی ئەوە شتێکی زۆر گرنگ بێت."

"ڕاستە دەڵێن لە سوپا دەر کراویت؟"

"تەسریح کراوم."

"ئەوە چۆن ڕووی دا؟"

"لە سەربازێکم دا."

"لە سەربازت دا؟"

"ئامادە بووم لە خودی شا خۆیشی بدەم."

"چیت بەسەر هاتووە، کوڕم؟"

"من کوڕی کەس نیم."

ڕووم تێ کرد.

پشتی لەژێر باری قورسی تەمەندا چەماوەتەوە، دەموچاوی خەرمانەیەکە لە تەپوتۆز. خاڵم دەتوت پارچەپەڕۆیەکە و بە ستوونێکدا هەڵواسراوە.

بەدبەختی تا سەر ئێسقان دایقرماندووە و وەکو بەزەییهاتنەوەیەک بە چارەنووسیدا، بەتەنها ئەو دوو دەستە بەخشندەیەی بۆ هێشتۆتەوە.

لەناکاوێکدا لێم پرسی، "ئەلبێرت پرێزیوسی کێیە؟"

پەنجەیەکی بۆ ڕوومەتی درێژ کرد، پێڵووەکانی داگرت و

تیفکری، "ناوێکی خۆمانەیە؟"

"ناوێکی مەسیحییانەیە."

"هیچ مەسیحییەکم لە ژیانمدا نەناسیوە."

"هەوڵ بدە یادت بگەڕێنیتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر، سەردەمانێ کە مەسیحییەکان بەبێ ئیزنخواستن، خۆیان دەکرد بە ماڵماندا."

"ئیمپریالیستەکان حەزیان لە ناوچەکانی کەناردەریا بوو. بیابان بۆ ئەوان گونجاو نەبوو."

هەستام تا باڵام بە باڵای بپێوم، سەیرم کرد لە گرگنێک کورتەباڵاترە.

"دەتەوێ باوەڕ بهێنم بەوەی، کە هەرگیز سەربازێکی گاور نەپوێراوە پێ بخاتە ناوچەکانی ئێمەوە؟ ئێستاش لە هەندێ شوێن، ئاسەواری تانکەکانی سەرکردایەتیی گشتیی کەرتەکانی ئەڵمانیا لە بیابانی لیبیادا هەیە. بە کەمتر لە سێ کیلۆمەتر دوور لێرەوە پارچەی شکاوی تانکەکان ماون. تۆ لە ساڵی ١٩٤٠ەوە چوویتەتە ژیانی هاوسەرییەوە، بێگومان لەوساوە تا ئێستا، ڕێکەوتی مەسیحییەکت کردووە لە ژیاندا. ڕاکردوویەک لە سوپا یان بریندارێک کە پەنای بردبێتە بەر هۆزەکەمان و هۆزەکەشمان لە ڕووی بەزەییەکی ئیسلامییانەوە داڵدەی دابێت."

سەرێکی نەرێی ڕاوەشاند، هێندەی تر ناوچەوانی پڕ بوو لە چرچولۆچی.

"لە بیرت نییە ساڵی ١٩٤١، فڕۆکەیەک لە کاتی جەنگدا خرابێتە خوارەوە؟"

دیسانەوە سەری نەرێی ڕاوەشاند.

"فڕۆکەوانەکە نەکوژراوە. کەسانێکی سەر بە هۆزەکەمان بەپەلە چوون یارمەتیی بدەن و شاردوویانەتەوە و چارەسەریان کردووە. کابرایەکی فەرەنسی بووە، خەڵکی کۆرسیکا..."

"نە لە کاتی جەنگدا و نە پێش جەنگ و نە دوای جەنگ، هیچ فڕۆکەیەک نەکەوتۆتە خوارەوە."

دەنگم وەکو تەقینەوەیەک بەرز بۆوە، "سەیرم کە! ڕاستە من زۆڵم و بەرهەمی هەواوهەوەسێکی کاتیی کابرایەکی کۆرسیکیی نامەردم، کە بەم ناوەدا تێپەڕیوە؟"

شێوازە ڕەقەکەم وای لێ کرد سەری بەرز بکاتەوە. لەناو ئێمەدا عادەت نەبوو لە ئاست کەسانێکی گەورەتر لە خۆماندا قسەی ڕەق بکەین، بەڵام خاڵم تووڕە نەبوو. هەڵچوونەکەی منی لە بەرچاو گرت. بەدەم هەناسەهەڵکێشانێکەوە هاتە گۆ و وتی، "نازانم مەبەستت چییە."

"جا تۆ لە لووتی خۆت بەولاوە هیچی تر دەبینیت؟ دەی ڕاستیم پێ بڵێ. ڕاستە من کوڕێکی ناشەرعیی پیاوێکی کۆرسیکیی هیچوپووچم؟"

"کێ ئەم قسە قۆڕانەی پێ وتوویت؟"

"ئەمە وەڵام نییە."

"باوکت لە شەڕدا لەپێناوی بەرگریکردن لە شەرەفدا کوژرا. هەزار جار ئەمەم پێ وتوویت."

"باشە، ئەگەر وایە، ئەی قەبرەکەی لەکوێیە؟ بۆچی لە گۆڕستانی مردووەکانی خۆماندا نەنێژراوە؟"

"من..."

"دەمت داخە. درۆ دەکەیت. هەمووتان درۆتان کردووە

لەگەڵمدا. هیچ شتێک وام لێ ناکات، یەک تۆز متمانەتان پێ بکەم. ئەگەر باوکم لە ژیاندا مابێت، ئەوا دەیدۆزمەوە ئەگەر بەرد بە بەردی سەر زەویم هەڵداوەتەوە، خۆ ئەگەر مردبێتیش، دەبێ گۆڕەکەی بدۆزمەوە. بەڵام سەبارەت بە ئێوە، هەمووتان لە دڵی خۆم دەر دەکەم و هەتا ماوم بەنەفرەتتان دەکەم، تا خوا دەڵێ بەس."

ئیتر لەو ڕۆژەوە بەتەواوەتی بەینم لەگەڵ خاڵمدا تێک چوو.

دوای ئەوەی ڕژێمی شام ڕووخاند و ڕژێمی کۆماریم ڕاگەیاند، بە سەرێکی پڕ لە هەراوزەناوە گەڕامەوە بۆ لای هۆزەکەم، تا بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕم. گەڕامەوە تا تۆڵە لە هۆزەکەم بکەمەوە. ئەوان نهێنییەکیان لێ شاردمەوە، بەڵام من وا بۆیان دەسەلمێنم کە ئەو نهێنییەم تێپەڕاند. فەززان ئەم بەیانییە بەرگێکی تەواو جیاوازی پۆشیوە، چۆڵیی بیابانەکە، دەڵێی پەڕەیەکی نوێیە و ئامادەی پێشوازیکردنی سەربردەی ئەفسانە گەشەسەندووەکەمە.

لە خێوەتەکەی سەرۆکی هۆزەکەماندا دانیشتم و قاقای پێکەنینم لە هیلالی سەر منارەکان بەرزتر دەبۆوە و چێژم لەو جۆشوخرۆشە دەبینی، کە لەناو کەسانی هۆزەکەماندا دەموروژاند. چیی تر بەلووتبەرزییەوە سەیریان نەدەکردم، دەدهاتن و لە بەر پێیەکانمدا کڕنووشیان دەبرد. کوڕەکان بەکەفوکولەوە بەملاولادا ڕایان دەکرد، ژنەکانیش لەودیو ڕووبەندەکانیانەوە سەیریان دەکردم و پیاوەکانیش ئیرەیی خواردبوونی.

لەگەڵ خزمەکانم و چەند هاوڕێیەکی خەباتمدا دانیشتین

و چایمان خواردەوە، من جلە سەربازییەکانمم لەبەردا بوو و دەتوت میرم لە پۆشاکی شکۆمەندییدا. قاقای پێکەنینمان لە بیابانەکەدا دەنگی دەدایەوە، مانگی چواردەش لە قرچەی نیوەڕۆدا ئاسمانی ڕازاندبۆوە.

خاڵم لە دەرەوەی خێوەتەکە بوو، نەیدەزانی بە گەڕانەوەکەم دڵخۆش بێت یان مات و بێتاقەت. بایەخم پێ نەدا. چیی تر بەلامەوە گرنگ نەبوو، زۆڵێکم و لە پیاوێکی کۆرسیکی بووم یان کوڕی پیاوێکی خانەدانم.

من تۆرەمەی خۆمم.

خۆم باوکی خۆمم.

ئاخۆ ئێمە هەموومان منالی باوکمانین؟

مەسیح کوڕی خوا بوو یان بەرهەمی دەسدرێژییەکی نەدرکێنراو یان بەرەنجامی سەرکێشییەکی شێتانەی دڵداری؟ چ باک؟ مەسیح توانیی ژیانە کورتەکەی خۆی نەمر بکات و ڕێگای خاچ بکات بە ڕێگای کاکێشان و ناوی خۆی بکات بە پاسپۆرتێک بۆ بەهەشت. گرنگ ئەوەیە چی لەدوای خۆمان جێ دەهێڵین. ژمارەیان چەند زۆرە، ئەو ئازادیخوازانەی بوونە مایەی هێنانەئاراوەی پاشای سست و خاووخلیچک! چەند ژیار قڕی تێ کەوت، لەبەر ئەوەی میراتگرەکانی تەسکبین بوون! چەند کۆیلە کۆتوپێوەندی خۆی شکاند و ئیمڕاتۆریەتی دامەزراند! چیی تر پێویستم بەوە نەبوو بزانم باوکم کێیە یان گۆڕی لەکوێیە. من موعەممەر قەزافی بووم. بەلای منەوە، گەردوون ئەو بەیانییە دەستی پێ کرد، کە دەستم بەسەر ڕادیۆکەی بەنغازیدا گرت، تا بە میللەتێکی خەوتوو ڕابگەیەنم، کە ڕزگارم کردن و ئازادیم بۆ دەستەبەر کردن.

ئیتر زۆڵ بم یان هەتیو، چارەنووسی گەلێک بەستراوەتەوە بە منەوە و بووم بە مایەی ڕەوایەتی و شووناسی ئەو گەلە. لەپێناوی لەدایکبوونی هەقیقەتێکی نوێدا، چیی تر ئیرەییم بە خواوەندەکانی ئەفسانەکان و قارەمانەکانی مێژوو نەدەبرد.

من شایانی ئەوە بووم خۆم بم نەک کەسێکی تر.

١١

بەتەنیا لە ژوورەکەی خۆم، خەریکی خوێندنەوەی قورئان بووم، کاتێ گوللەتۆپێک لە کەرتی دووی دا، یەکێکی تری بەدوادا هات... پاشان سێیەم و لەگەڵیدا شووشەی پەنجەرەکان هاڕەی کرد و دەنگدانەوەیەکی ترسناکی هەبوو. بۆردومانی ئاشکرای هێزە هاوپەیمانەکان دەستی پێ کرد. چوومە ڕاڕەوەکە. گوێم لێ بوو لە نهۆمی خوارەوە، یەکێک هاواری دەکرد چراکان بکوژێننەوە و نەچنە دەرەوە بۆ حەسارەکە. هەر زوو ئەو مۆمانەیان کوژاندەوە، کە نهۆمی خوارەوەیان ڕووناک دەکردەوە. گوللەتۆپێکی تریش ناڵەی هات و دای بە شوێنێکدا، کە ئەوەندە لەو قوتابخانەیەوە دوور نەبوو، کە کردبوومان بە بارەگای سەرکردایەتیی گشتی. جۆرێک لە تووڕەیی بەسەرمدا زاڵ بوو و لاپرەسەنیمی ورووژاند. دەمەوێ ببینم چۆن شارەکەم بۆردومان دەکەن، بۆیە چوار چوار بە پلەکاندا بازم دەدا تا زوو بچمە خوارەوە.

من خۆم بۆ بینینی دیمەنێکی گەورە ئامادە کردبوو، دیمەنی

ئاسمانێکی پڕ لە تیرەستێرە و ڕازاوە بەو ئاگربارانەی، کە لە خۆری پارچەپارچەبوو دەچێت، دیمەنی ئەو لایتە پشکنەرانەی کە تیشکی خۆیان ئاڕاستەی سەرچاوەکانی مەترسی دەکەن، ئەو سەربازانەی دژە هێرش دەکەن، ماشێنەکانی ئاگرکوژێنەوە، کە بە فریای قوربانییەکانەوە دەچن، ئەو گڕ و کڵپانەی بە هەموو لایەکدا دەدرەوشێنەوە، بەڵام ئەوەی بینیم چەند سادە بوو، هێندەش جۆرە فۆلکلۆرێکی کارەساتبار بوو، ئەوەی بینیم شارێک بوو، ئازایەتیی لەدەست دابوو و ڕادەستی شێتیی ئەو فڕۆکانە بووبوو، کە بەبێ فڕۆکەوان بۆ ئاسمان نێردرابوون، شارەکەش وەکو سۆزانییەکی ناو نوێنە پیسەکەی، لەناو تەپوتۆز و خۆڵەکەی خۆیدا ڕاکشابوو. جگە لەو گوللەتۆپانەی لە ئاسمانێکی ناڕوونەوە دەبارین و ئەو نیشانە و ئامانجانەی وەکو تۆزی ناو با لە دووکەڵدا ون دەبوون، سیرت وەک گوناهێکی مێژوو، خوێنی لە دل دەچۆڕاند. نە لایتی ئوتومبێلێک، نە شووتی ئاژێرێک و نە دەنگی تفەنگێک لە خوارەوە دەهات. ئەوەی لەئارادا بوو، بەتەنها ژاوەژاوی بەیەکداچووی تەقینەوە و تاریکییەک بوو، کە ڕۆحە شەڕەنگێزەکان تەنیبوویانەوە و لەناکاویشدا خامۆش بووبوون، دەستیش خرابووە سەر دەم تا ئاشکرا نەبێت.

هەستم بە نائومێدی کرد.

شەوی هەینی، ڕێکەوتی ٢٨ی مارسی ٢٠٠٣م بیر کەوتەوە، ئەو شەوەی بەغدا بوو بە ئاگرباران. من لە ماڵەکەی خۆم لە بابولعەزیزییە، لەسەر کورسییەکەی خۆم دانیشتبووم سەیری تەلەڤزیۆنم دەکرد، واقم وڕ مابوو لەو تاریکییە چڕەی

شارەکەی هاروونە ڕەشیدی تیا نوقم بووبوو. لە ناوجەرگەی سەمای فڕۆکەکانی تۆماهۆکدا، مووشەکە درەوشاوەکان دەتەقینەوە و ڕەشاشەکانی بەرگریی ئاسمانییش هەندێ هێڵی پچڕپچڕی سەرسامکەری دەنەخشاند، کە ئاسمانیان ڕووناک دەکردەوە. ساختومانەکان بەسەر داروپەردووی کۆنکرێت و پۆلای خۆیاندا دادەڕمان، جبەخانەکانیش دەبوون بە هەزاران پریشکی بەناویەکداچوو. دیمەنێکی جادوویی و ترسناک بوو. ئازایەتیی عیراقییەکان، لە ڕووی هێزی پڕچەکی ئەفسانەیی هاوپەیمانەکاندا وەستابوو. داود و جالوت لە ململانێیەکی بەتیندا و بە ئیمزای دیزاینەرێکی بلیمەتی سەما. شووتی ئاژێرەکان لەگەڵ شووتی ئەمبولانسەکاندا، سیمفۆنییەکی بەدبەختیی وەهایان پێک هێنابوو، کە نە لە زەبروزەنگ و نە لە جوانیدا بەرگە نەدەگیرا. ئەو شەوە خۆزگەم دەخواست لە ئامێزە پڕ برینەکەی بەغدادا بمرم، لەناو میللەتێکی سەربەرزی خەباتگێڕدا. خۆزگەم دەخواست لەگەڵ مێنیومێنتێکدا ببمە هەزاران پارچە و بتوێمەوە، یان گوللەتۆپێک بەدەم هاواری "مەرگ بۆ داگیرکەران"ەوە لەتوپەتم بکات. هیچ پاداشتێک نییە لە ئاستی شەهیدێکدا بێت، کە ڕۆحی ڕادەست دەکات، بەڵام چەکی ڕادەست ناکات، لەگەڵ هەموو تۆپەڵەئاگرێکدا یەکانگیر دەبێت، لەگەڵ هەموو میلهێنانەوەیەکدا و لەگەڵ هەموو پارچەگۆشتێکدا، کە گێژاوی مەرگ لرفی دەدات.

ج بەدبەختییەکە، هیچ شتێک لەوانە نابینم لێرە. سیرت داروپەردوویەکی سامناکە، فەرشێکی کۆنە و بە گاڵۆک پیادەکێشن، پەڕۆیەکە پێڵاوە قوڕاوییەکانی پێ دەسڕن. دەڵێی خواوەندەکان هەڵیان بژاردووە، تا شینی "ئۆڵەمپ"ی

زێدیانی تیا بگێڕن.

"برای سەرکردە، وا بەئاشکرا ڕامەوەستە."

ئەبوبەکر تکام لێ دەکات، ئاگام لە خۆم بێت. لای قادرمەکانەوە ڕاوەستاوە و ناوێرێت بێتە سەر سەکۆکە بۆ لام. ڕەنگە پەڕیوەکەی لە تاریکییەکەدا، دەڵێی مۆمێکە و لە قووڵاییی ژووری مەرگی مندا شەوق دەداتەوە.

"برای سەرکردە، تکایە وەرە ئەملاوە."

حەزم دەکرد تفێکم لە دەموچاوی بکردایە.

مەنسوور و موقەدەم تەرید بەڕاکردن هاتن.

"سەرۆک، تکایە لەوێدا مەوەستە."

پێم وتن، "بۆ؟ وا شارەکەم کاول دەکرێ، چۆن دەتوانم چاوی خۆم لە ئاستیدا بنوقێنم، یان ڕووی خۆمی لێ وەر گێڕم؟"

ئەبوبەکر جەربەزەییی کرد و هەنگاوێک بەرەو سەکۆکە هاتە پێشەوە.

فەرمانم بەسەردا کرد، "بگەڕێرەوە شوێنەکەی خۆت، من ئامادە نیم وەکو بن عەلی ڕاکەم. لەسەر ئەم خاکە لەدایک بووم و دەبێ گۆڕەکەشم هەر لەم خاکەدا بێت."

"قوربان ئاخر شتێکت لێ دێ."

"ئەی دوای ئەوە؟"

"ئاخر ئێمە پیویستمان پێتە، سەرۆک."

"بڕۆن، فەرمانتان پێ دەدەم بڕۆن. من لە مردن ناترسم."

بە دەیان مەتر دوور لە قوتابخانەکەوە، گوللەهاوەنێک دای بە زەویدا. وەزیری بەرگری پەنای برد بۆ ژێر قادرمەکان، نوشتایەوە و هەردوو دەستی بە گوێیەکانیەوە بوو.

مەنسووریش بە دەمدا خۆی دا بە زەویدا. بەتەنها موقەدەم پرکێشیی کرد و لە من نزیک بۆوە، نەیدەزانی چۆن قەناعەتم پێ بکات دوای بکەوم.

ئەو ساختومانەی پێکرا، یەکپارچە بوو بە ئاگر، دار و درەختەکانی دەوروپشتیشی گرپیان تێ بەر بوو و تیشکی ترسناکی سووتانەکەیان، دەیدا لەو شەقامەی چەوی داخ دای پۆشیبوو.

گیزەی گوللەکان و شێتیی مرۆڤەکان نەشئەیەکیان پێ دابووم، بۆیە ئەوەندەم بە خۆم زانی هەردوو باسکم بەرز کردۆتەوە بۆ ئاسمان و بە تکای هەورەبرووسکەیەکەوە لێی کەوتمە هاوار، "ناهێڵم بەزیندوویی بکەومە دەستتان. من کابرایەکی نەناس نیم، بۆ ئەوە دروست بووبێت پەتی سێدارە بکرێتە ملی. تا دوادڵۆپی خوێنم شەڕ دەکەم... وەرن ئەی چەتە سەگەکان، وەرن بمبەن! من سەربازی خوام، مردنم دەبێتە مایەی پیرۆزیم، جێی من لە بەهەشتە لەناو پێغەمبەرەکاندا، لەوێ فریشتە و حۆری چواردەورم دەدەن. لەسەر گۆڕەکەی سەرزەویشم، هێندەی گوڵی باخ و بێستانەکان، تاجەگوڵینە دەنێنە سەر گڵکۆکەم... وا دەزانن من سەدامم، خۆم لەبنی بیرێکدا بشارمەوە تا دێن و دەمگرن؟ نەخێر، من ئەو نیم تا چیلکەی لۆکاوی بخەنە ناودەمم، یان بە ڕیشێکی چون ڕیشی بێئەنواکانەوە، بمخەنە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن. تۆش، سارکۆزی، ناهێڵم ئەو شەرەفەت پێ ببڕێت، لەسەر مینبەرەکەتەوە فەروەی سەرە گرووکراوەکەم پیشانی خەڵک بدەیت."

تەرید وتی، "سەرۆک لێت دەپاڕێمەوە، لەگەڵمدا وەرە."

گوێم لێ نەگرت.

گوێم لە هیچ نەبوو، جگە لە هاوارە قایمەکانم، کە لە دەنگی تەقینەوەکان بەرزتر بوون. من تووڕەی ئاگرێکی بەتینم. هێزێکی سەرووسروشتیم تیایە. هەست دەکەم، لە توانامدایە ڕووبەڕووی باوبۆرانەکانیش ببمەوە.

گوللەهاوەنێک لەنزیک قوتابخانەکەوە، دای بە زەویدا. گڕەی بایەکەی بە ڕوومدا هات و ئەوەندەی تر تووڕەی کردم.

بە سنگێکی بەرز و سەرێکی بڵندەوە، چوومە سەر شوورەکە و هەردوو باسکم کردنەوە.

موقەدەم گرتمی، تا لەوە زیاتر لە دیوارەکە نزیک نەبمەوە. وای زانی خۆم فڕێ دەدەمە بۆشاییەکەوە. بە دەستم پاڵم پێوە نا و ڕووم لە قەسابخانەکە کردەوە و گاڵتەم بە هەموو دنیا کرد، "من بە گۆشت و ئێسقانی خۆمەوە ئەوەتا لێرەدا ڕاوەستاوم، لەسەر سەکۆکەم. دەتانەوێ خۆم بسووتێنم تا بمبینن؟ دەی، چەتە ترسنۆکەکان، کەمێک ئازایەتیتان هەبێت و وەرن بمگرن. من نە بن عەلی و نە سەدام و نە بن لادنم."

"سەرۆک، لەوانەیە بەرامبەرت قەناس هەبێت..."

"دە با خۆیان ئاشکرا کەن. ئەوانە بە ڕادەیەک ترسنۆکن، تەقە لە گرد بکەن ناپێکن."

سەرلەنوێ موقەدەم بە هەردوو دەستی جەستەمی گرت، گرتنێک وەک ئەوەی بیەوێ تووڕەییم بگوشێت و بەرەو ئەستێرەکان تووڕی بدات. خۆم بەو گرت و بە هەردوو دەستم بازنەیەکم بەدەوری دەممدا دروست کرد و لە مەودای هاوەنەکە دوورتر شریخاندم، ""بەنەفرەت بیت

سەدام حسێن! بۆ هێشتت بەزیندوویی بتگرن و لە ڕۆژی جەژندا لەسێدارەت بدەن؟ دەتتوانی فیشەکێک بنێیت بە سەرتەوە و ئەو خاچپەرستانە لە خۆشی و شادیی سەمای مەرگ بێبەش بکەیت. تۆ بوویت بە هۆی ئەوەی چیی تر پێغەمبەر و ئۆمەتەکەی نەتوانن ڕاستەوخۆ چاو ببڕنە چاوی خوا... بەڵام من بە سەرێکی بەرزەوە لە بەردەمی خوادا ڕادەوەستم و چاو دەبڕمە چاوی، تا ئەو چاو لا دەدات. دەبووایە پۆل پۆل باڵندەکانی بەر بدایەتە ئەو کافرانەی، بەبێ گوێدانە هیچ شتێک، گەندەڵی لە خاکی ئیسلامدا بڵاو دەکەنەوە."

شریخەکانم بە شێوەیەکی نائاسایی ئاسمانیان تەنییەوە. ئاسمان لەگەڵ زەویدا تێکەڵ بوو، پاشانیش کەندڕ...

١٢

هەست بە سەرما دەکەم.

پێدەچێ لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دنیایەوە، ڕووناکی نەگەیشتبێتە ئەم ئەشکەوتەی کە ئێستا بەناویدا دەڕۆم. بەئەسپایی هەنگاو دەنێم و ترسیش سمیومی. نازانم بۆ کوێ دەچم، بەڵام دەزانم کە تەنیا نیم. خەڵکانێک لەدەورمن، کە ناسینەوەیان زەحمەتە. گوێم لە دەنگی پێیە، هەر کە دەوەستم، ئەو دەنگەش نامێنێت.

"کێ لەوێیە؟"

"..."

"کێ لەوێیە؟ کەڕ نیم. خۆشاردنەوەش سوودی نییە، چونکە گوێم لە دەنگی پێتە."

"موعەممەر، ئەوەی دەیبیستیت بەتەنها دەنگدانەوەی ترسەکەی خۆتە و هیچی تر."

بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە ئاوڕم دایەوە، لە هەموو شوێنێک دەنگی دەدایەوە. لەسەر بەردەکان، بە دەنگێکی

گرەوە دەهات و دەچوو.

"من ناترسم."

"بەڵێ، دەترسیت."

"دەتەوێ لە چی بترسم؟ منی سەرکردەی ئازا، بە سەرێکی وەها بڵندەوە ڕێ دەکەم، تا ئەو ڕادەیەی پال بە ئەستێرەکانەوە دەنێم تا پاشەکشە بکەن."

"ئەی کەواتە بۆچی لە تاریکییەکەدا دەکشێیتە دواوە؟"

"لەوانەیە من مردبم."

"بەبێ ئەوەی سزای خۆت وەر بگریت؟ هەست ناکەیت شتەکەت زۆر بەئاسان وەر گرتووە؟"

"تۆ کێیت؟ فریشتەیت یان ئەهریمەن؟"

"هەردووکیان. تەنانەت من کاتی خۆی خوا بووم."

"باشە کە ئەوەندە ئازایت، خۆت ئاشکرا بکە."

لە قوولاییی ئەشکەوتەکەوە، شتێک جوولایەوە و وردەوردە نزیک بۆوە. شێوەی مرۆڤێکی دەنواند. کابرایەکی بەلەنگاز، جلێکی پەڕپووتی لەبەردا بوو، ڕیشێکی ئاڵۆسکاو و پەتێکی درێژیش لە ملیدا بوو و لەناو کۆتوپێوەندەکانیدا ڕایان دەکێشا.

"تۆ کێیت؟"

"نەتناسیمەوە؟ بە هەمووی خولەکێک نابێت نەفرەتت لێ دەکردم."

"سەدام حسەینیت؟"

"یان پاشماوەکەی، ئەهریمەنێکی سووک و ڕیسوا، کە لەم تاریکییەدا سەری خۆی هەڵگرتووە."

"کەواتە من مردووم."

"جارێ نەمردوویت. دەبێ شایەتیی جەستەت، پێش حەوانەوەی دەروونت بکەوێ."

"چیت لێم دەوێ؟"

"دەمەوێ ڕاستەوخۆ بڕوانمە چاوت و ئەو ترسە بخوێنمەوە، کە تێیاندا نیشتەجێ بووە. تۆ سووکایەتیت پێ کردم و بەر نەفرەتت دام و تفت لێ کردم. با ئەوەت بیر بخەمەوە، کە من لەسەر دەستی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەسێدارە درام، بەڵام مەرگی تۆ، لەسەر دەستی میللەتەکەی خۆت دەبێت."

"تۆش میللەتەکەت خیانەتی لێ کردیت."

"نەخێر، حاڵەتەکانمان لەیەک ناچن، موعەممەر. لە سەردەمی مندا، عیراق میللەتێکی گەورە بوو. هارونە ڕەشیدیش لە فەرمانڕەواییدا ئەوەندەی من مەزن نەبوو. زانکۆکانی من بلیمەتیان پێ دەگەیاند و هەموو ئێوارەیەک بەغداد ئاهەنگی دەگێڕا. هەر تۆوێکم فڕێ بدایەتە سەر زەوی، بەر لەوەی بگاتە سەر زەوی، چڕۆی دەکرد، بەڵام تۆ، موعەممەر، چیت لە میللەتەکەی خۆت کرد؟ میللەتێکی بەهەڵپە و برسی، هەر بەزیندوویی دەتخۆن."

"من هەمان چارەنووسی تۆم نابێت، سەدام. چارەنووسی من لە دەستی خۆمدایە. خواش لەگەڵمدایە."

"خوا لەگەڵ کەسدا نییە. ئەی هەر ئەو نەبوو دەسبەرداری کوڕەکەی بوو، تا بە خاچەکەیەوە بمرێت؟ ئەو فریات ناکەوێ. کاتێ لەژێر داروپەردوودا وەک سەگ دەتوپیت، ئەو سەیرت دەکات. کاتێکیش ڕۆحت دەر دەچێت، لەوێ نابێت تا پێشوازیت لێ بکات. وەکو من لەناو تاریکیدا سەرگەردان

دەبیت، تا تۆش دەبیتە تاریکیی ناو تاریکییەکان."

"لەوانەیە، بەڵام خۆ من جارێ نەمردووم. دەتوانم شەڕ بکەم و دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆمدا قلپ بکەمەوە. کۆتاییی من، وەکو کۆتاییەکەی تۆ نابێت. عەرشەکەم بانگم دەکاتەوە، هەمووی هەفتەیەکی تر نابات، بە بۆنەی سەرکەوتنی منەوە دەبێتەوە بە ئاهەنگ، لەوە بەدواش، چیی تر کەس ناتوانێ دەنگ بە ڕوومدا بەرز بکاتەوە."

"ئاهەنگ بۆ با ناگێڕدرێ، دوای هەڵکردن تێدەپەڕێت. ئەوەی با لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، بەهایەکی ئەوتۆی نییە و ئەوەی جێی دەهێڵێت ڕۆژگار دەیسڕێتەوە."

"من با نیم، من موعەممەر قەزافیم!"

لە هاواری خۆم خەبەرم بۆوە. بنمیچەکە لە بەرچاوم بە خاوی دەسووڕێتەوە. وردەوردە هێزم دایەوە بەر خۆم. لە ژوورەکەی خۆم لەسەر سیستەمەکە پاڵکەوتووم، باری دەروونیم تێک چووە، هێزم تیا نەماوە، قوڕگم وشک بووە. مێزێکی بچووکیان هێنا، سینییەکی لەسەر بوو بە ژەمێک خواردنی ساردەوەبووەوە: سەندەویچێکی هێلکەی کوڵاو، مرەبا و بوتڵێک ئاو.

فەریق ئەبوبەکر وتی، "سەرۆک، پێویستیت بەوەیە هێز و وزەت تێ بگەڕێتەوە. پزیشکەکە وتی ڕێژەی شەکر لە خوێنتدا کەم بۆتەوە، لە دوێنێ نیوەڕۆوە هیچت نەخواردووە."

"چیم لێ هات؟"

"لە ئەنجامی ماندووبوونەوە، کەمێک تەندروستیت تێک چوو، بەڵام هیچی وا نییە. تکایە شتێک بخۆ، چونکە سوودی زۆر دەبێت بۆت."

جگە لە وەزیری بەرگری، مەنسوور و موقەدەم تەریدیش بەدەورمەوەن و بەوردی چاودێریم دەکەن.

"برسیم نییە."

"برای سەرکردە، ئاو لە لەشتدا کەمە و وزەت تیا نییە. بەم شێوەیە ناتوانیت زۆر بەرگە بگریت."

تەرید، بۆ ئەوەی دڵنیام بکات لەوەی کە خواردنەکە ژەهراوی نییە، وتی، "من بە دەستی خۆم ئەم سەندەویچەم بۆ هێناویت. بڕێک ئازووقەم هەڵگرتووە."

سینییەکەم لە خۆم دوور خستەوە.

"برسیم نییە."

"سەرۆک..."

"بڕایەوە، وتم برسیم نییە. لووتم دەگریت تا بەزۆر خواردنەکە قووت بدەم؟"

"ئاخر پزیشکەکە..."

"پزیشک با بۆ خۆی بڵێ، ئەو هەقی بەسەر ژیانی منەوە نییە... کاتژمێر چەندە؟"

"نزیکەی چوار و نیوە، گەورەم."

"ئەی نەدەبووایە بکەوینە ڕێ؟"

"گەورەم، جارێ عەقید موعتەسیم نەهاتووە."

"نابێ ئەوە بکەین بە کۆسپ لە بەردەم خۆماندا. کەمێکی تر دنیا ڕووناک دەبێتەوە. ئەوسا چۆن لە شار دەر چین؟"

فەریق وتی، "گەورەم، بەتەنها سێ ئوتومبێلمان لە بەردەستە. ئەمەش بۆ بڕینی گەمارۆکە بەس نییە."

وەکو گوزارشتێک لە تووڕەیی، هەردوو دەستم کێشا بە یەکدا.

"شت ماوە نەمبیستبێت؟ هەرچی ئەوەی لەدەورمە نائومێد بووە. تۆ فەریق، سەرۆکی ئەرکان، وەزیری بەرگری پێویستە تۆ چارەسەرێک بدۆزیتەوە. ئەمە ئەرکی تۆیە. دەتەوێ من لەجیاتیی تۆ ئەوە بکەم؟ چەند سەعاتە خەریکی چیت؟ چاوەڕێی جوبراییلی بێت بە باڵی باوەشێنت بکات و ئاو بکات بە دەمتەوە؟"

"جوبراییل لە ئەشکەوتی حەڕا مرد، خۆشم کوننەیەک ئاوم پێیە، تینوویێتیی خۆمی پێ دەشکێنم."

ئەمە یەکەم جارە فەریق ئەبوبەکر لە بەرچاومدا کفر بکات، ئەو پیاوەی لە ڕادەبەدەر بەتەقوایە. یەکەم جاریشە ڕێگە بە خۆی بدات بەو نەغمەی قسەکردنە وەڵامم بداتەوە. ئەو نارەزاییەی بەحاڵ دەبیسترا، بەڵام بەس بوو بۆ ئەوەی هێور ببمەوە. دەزانم پیاوەکانم هەمیشە لەبارن بۆ ئەوەی بەرگەی حاڵەتە دەمدەمییەکانم بگرن و دۆخەکە وا پێویست دەکات لەگەڵ ئەو کەسە نزیکانەی لە دەورمن، کەمەکێک ژیر بم و بیانترخێنم.

فەریق چاوی بڕیبووە زەوییەکە، پەشیمان بوو لەوەی بەو شێوە ناشاییستەیە قسەی ئاراستە کردم. ئەو دەزانێ من چەند هەستیارم و هەندێ جار وەڵامی کردەوەیەکی ناشرین نادەمەوە، بەڵام هەرگیز لەیادم ناچێت.

مەنسوور بەبێزارییەوە سەری خوراند. موقەدەمیش هەر سەیری منی دەکرد و زەردەخەنەیەکی ناڕوونیش لەسەر لێوەکانی بوو. یەکەیەکە سەیرم کردن و هەناسەیەکم هەڵکێشا و لێم پرسین ئاخۆ موعتەسیمی کوڕم هیچ هەواڵێکی هەیە.

فەریق بە دڵدانەوەیەکەوە وەڵامی دایەوە، "نەخێر، گەورەم.

بۆردومانەکە چڕ و سەخت بووە و عەقیدی ناچار کردووە شوێنەکەی خۆی جێ نەهێڵێت."

"ئەی حاڵی چۆنە؟"

"نازانین، گەورەم."

"ئەی چاوەڕێی چیت؟ هەر ئێستا یەکێک بنێرە بۆ لای."

تەرید وتی، "من ئامادەم بچم."

"نا، تۆ نا. من لێرە پێویستیم پێتە. با یەکێکی تر بچێت."

فەریق وتی، "سەرۆک، لەکوێ بەدوای عەقیددا بگەڕێین؟ نازانین لەکوێیە، لەو شوێنەی خۆی نەماوە."

"نازانین، نازانین... جگە لەو وشەیە هیچی تر نازانن؟ شۆفێرەکەی تیمی چاودێری ڕاسپێرە."

"ئەویش بریندارە، گەورەم."

"خۆی بە بریندار پیشان دەدات، ئەگینا بریندار نییە. هیچ ئاسەوارێکی خوێنم بە جلەکانیەوە نەبینی. بە شەق بیبە. ئەگەر نەشیتوانی ئوتومبێلەکە لێبخوڕێت، لای شۆفێرەکەوە دای بنێ، هەر ئەوەندەی لەسەر دەبێت ڕێنوێنیی ئەو ئەفسەرە بکات، کە پەیوەندیی بە کوڕەکەمەوە دەکات."

فەریق بەڵێنی دا، کە مشووری کارەکە بخوات و دەمودەس چوو بۆ ئەوەی فەرمانەکەی من جێبەجێ بکات، ئەوەندەی پێنەچوو، پاش چەند خولەکێک گەڕایەوە.

"گەورەم، بەداخەوە، شۆفێرەکە بە هۆی سەختیی برینەکانیەوە گیانی لەدەست داوە."

"خۆدزینەوەیەکی باشە. بە هەرحاڵ، کابرایەکی تەوەزەل بوو و خۆی لە هەموو ئیشێک دەدزییەوە. توانای ئەوەی نەبوو بۆ دوو خولەک بیر بکاتەوە. کەواتە با ئەفسەرەکە

هەر خۆی بڕوات. ئەو خۆی دەتوانێ کارەکە جێبەجێ بکات. دەمەوێ پێش ئەوەی دنیا ڕووناک بێتەوە، کوڕەکەم بگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندی فەرماندەییی گشتی."

مەنسوور وتی، "من ئەوە بە بیرۆکەیەکی باش نازانم."

"دیارە تۆ بیرۆکەیەکی باشترت لایە."

"بۆردومانەکە وەستاوە، یاخییەکانیش سەرلەنوێ دەچنەوە ئەو شوێنانەی بەر لە کشانەوەکەیان چۆڵیان کردبوو، گومان لەوەدا نییە، کە چاودێرەکانیشیان گەڕاونەتەوە بۆ بەرەکانی پێشەوە. ئەو کەسەی ئێمە دەینێرین، لەوانەیە بکەوێتە بۆسەوە و کە گرتیشیان، ئەوەندە ئەشکەنجەی دەدەن تا شوێنەکەمان ئاشکرا دەکات."

"من وتم ئەگەر بیرۆکەیەکی ترت پێیە."

فەریق مۆبایلەکەی دەر هێنا و ویستی ژمارەیەک لێبدات.

"ئەوە چی دەکەیت؟"

"دەمەوێ پەیوەندی بە پیاوەکانمەوە بکەم، چونکە ئەوان لەگەڵ عەقیددان."

"مۆبایلەکەت بکوژێنەرەوە هەی دەبەنگ. مۆبایلەکانمان بە مانگە دەسکردەکانەوە بەستراونەتەوە. دەتەوێ شوێنەکەمان ئاشکرا بێت؟ کاتێ لە عەزیزییە بووم، بەم شێوەیە شوێنەکەم ئاشکرا بوو."

فەریق داوای لێبوردنی کرد و مۆبایلەکەی هەڵگرتەوە. فەرمانم دایێ ئەفسەرێک بنێرێت بەشوێن کوڕەکەمدا و ئیتر ئیزنم دا.

مەنسوور لە سووچێکدا چووەتەوە ناو خۆی. نازانم بۆ لەوێدا گیری خواردووە و لەجیاتیی ئەوەی یارمەتییەکی

فەریق بدات، وەک کۆڵەوژ پشکۆی تووڕەییی من دەجووڵێنێ. پێم وت، "وا چاکترە بچیت و جڵەوێکی پیاوەکانت بکەیت. بەجێهێشتنیان ورەیان دەڕووخێنێ. کەمێک بجووڵێ. پیاو کە سەیرت دەکات، ترووسکاییی هیوا لە دڵیدا نامێنێت."

سڵاوێکی کرد و زۆری بۆ خۆی هێنا و قاچەکانی بەدوای خۆیدا کێش کرد.

بە موقەدەمم وت، "هەر ئەوەندە خۆمان ماینەوە، ئیتر هێزی لەبەر بڕا. لە ئاهەنگ و بۆنەی خۆشدا کەس بۆڕی ناداتەوە، بەڵام کە شتی جیددی دێتە پێشەوە، ئیتر وەکو تایەی پەنچەری لێ دێت. جەنگ پەردە لە ڕووی گەلێ لایەنی نەرێنیی ئینسان هەڵدەماڵێت. بەڕاستی شتێکە مایەی ئەفسووسە!"

"گەورەم، حوکمی ڕەق بەسەریدا مەدە. بە مەنسووریان وتووە کە یاخییەکانی میسراتە، برازاکەیان بەدیل گرتووە."

"برازای مەنسوور بەدیل گیراوە؟"

"دوو ڕۆژە."

"دڵنیان؟"

"دەنگۆکە وا بڵاو بۆتەوە و ئەمەش ئەوەندەی تر مامی نائومێد کردووە. برازاکەی کوڕێکی ئازایە، من دەیناسم. مەنسوور لە کوڕەکانی خۆی زیاتر خۆشی دەوێت. ئەو ئێستا هەست بە ئازاری ویژدان دەکات، چونکە خۆی ناردی بۆ یەفرن، تا بچێتە ڕیزی هێزەکانی سەیفولئیسلامەوە. بەگوێرەی شایەتیی یەکێک لە ڕزگاربووەکانیش، برازاکەی کەوتۆتە بۆسەیەکەوە و بەزیندوویی دەسگیر کراوە."

"ئەی بۆ کەس ئەمەی پێ نەوتووم؟"

"گەورەم، هەواڵی ناخۆش دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. فەریق ئەبوبەکریش زۆر نیگەرانی کوڕەکانیتی. موعتەسیم پێی وتم، لەو کاتەوەی ئەو جێیەیان چۆڵ کردووە، هەواڵی هیچیان نازانێ."

"ئەی وەزیر ئەمە دەزانێ؟"

"نەخێر."

قورئانەکەم خستە سەر دەسکی کورسییەکە و چەناگەم خستە بەینی پەنجەگەورە و دۆشاومژەمەوە و نوقمی تێفکرین بووم. بەهەناسەهەڵکێشانەوە وتم، "ئەم جەنگە هەموو شتێکی لێ سەندینەوە؛ منداڵەکانمان، نەوەکانمان، بەڵام لەناو هەموو خێزانە خەمدیدەکاندا، خێزانەکەی من دەبێ قورسترین باج بدات... چیی تر نامەوێ لەناو تارماییەکانمدا بژیم. تاوێک لەمەوبەر، لەسەر سەکۆکە، باسی بەهەشت و حۆری و تاجەگوڵینەی سەر گڵکۆکەی خۆمم دەکرد. جڵەوی خۆمم لەدەست نەداوە. مێشکم ساف بوو و بە تەرازوو قسەم دەکرد. هەر بەڕاستی حەزم دەکرد سنوورێک بۆ ژیانم دابنرێ، لە ئاسمان دەپاڕامەوە گوللەقەناسێکم بەرکەوێ."

"لە حاڵەتی تووڕەییدا بوویت، هەر ئەوە بوو و هیچی تر."

چاوم بڕییە موقەدەم، ئەویش بەشڵەژاویی ئەو قوتابیانەی کە لە وەڵامی خۆیان دڵنیا نین لە بەردەمی مامۆستاکەیاندا، بێشەرمانە چاوی لا نەدا.

"موقەدەم، تۆ لە مردن دەترسیت؟"

"لەو ڕۆژەوەی ڕێگای هاتنەناو سوپام هەڵبژارد، پرنسیپێک هەبوو پەیڕەویم لێ کرد: نابێ لە مردن بترسین

ئەگینا لە ترسدا دەمرین. جگە لەوە مردن چارەنووسی هەموو زیندەوەرێک نییە؟ ئیتر ئەگەر هەموو دنیا مولکمان بێت یان هەژار و نەدار بین، ڕۆژێک دێ هەمووی جێ دێڵین، چ گەنجینەکانمان و چ بەدبەختی و ئازارەکانمان."

قسەکانی ئەم کوڕە ساغڵەمن و ئاسوودەییم پێ دەبەخشن.

"تۆ کەسێکی باوەڕداریت؟"

بە نیگایەکی پڕماناوە سەیرێکی قورئانەکەی کرد.

دڵنیام کردەوە، "سڵ لە هیچ مەکەرەوە. من کەسێکی کراوەم."

وتی، "باشە. لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ باوەڕداریەکەی تۆ، دوای ئەو هەموو ئازارەی لەم دنیایەدا چەشتوومانە، ئەو بیرۆکەیە ناچێت بە مێشکمدا، کە پاش مردن دنیایەکی تر هەبێت. مردن کاتێ بەهای دەبێت، کە کۆتاییەک بۆ هەموو ئەو شتانە دابنێت، کە لەسەر ڕووی زەوی نامێنن."

"یانی ناتەوێ بچیتە بەهەشت؟"

"لەپێناوی چیدا؟ من وا بیر دەکەمەوە، کە خۆشی نەبینین لە ژیان و بەدەستهێنانی ئەبەدیەت وەکو یەک وان. هەر شتێک کۆتایی نەبوو، دەبێتە مایەی شەکەتی و بێزاری."

"ئەگەر باوەڕت نەبوو، نموونەی باڵاشت نابێت، عەقید."

"گەورەم، من باوەڕم هەبوو بەبێ ئەوەی نموونەی باڵام هەبێت. وازم لە یەکەمیان هێنا، تا نەبمە شەریکی ڕیاکاران، وازم لە دووەمیشیان هێنا، لەبەر ئەوەی کەسێک نەبوو ببێتە شەریکم."

لەپڕێکدا جەسارەتی کرد و وتی، "برای سەرکردە، دەزانی چی وای لێ کردم حەز بکەم بێمە ڕیزی سوپاوە؟ وتارێک،

یان باشتر وایە بڵێم ڕەخنەیەکی تا بڵێی توند، کە ئەویش وتارێکی تۆ بوو گەورەم. ئێستا نە بۆنەکەم لە یادە و نە شوێنەکە، بەڵام تا ئێستا ڕستەیەکم لەبیر ماوە کە کاریگەریی لەسەر هەموو ژیانم کرد. ئەو ڕۆژە لە برا عەرەبەکانمان تووڕە بوویت، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا و وڵاتە ئیسلامییەکان و ئەو ڕستەیەت فڕێ دا، کە دەبووایە مردووەکانیشی بەئاگا بهێنایەتەوە، بەڵام ئەوانەی تۆ بەو ڕستەیە مەبەستت بوون، کەسیان مێش میوانیان نەبوو. ڕستەکەشت ئەوە بوو وتت، "لە نیشتمانی عەرەبدا، سێسەد و پەنجا ملیۆن سەرەمەر هەیە!"

ئەم کوڕە ئەفسوونم لێ دەکات. تووڕەییەکەی منی هەڵمژی و کردی بە تووڕەییی خۆی.

"ئێمە توانای ئەوەمان نییە ئەو کەوچکەش دروست بکەین، کە شەکری چایەکانمانی پێ تێک دەدەین. کۆمەڵێک قومارچی، کە بیر لە هیچ ناکەنەوە جگە لە دزی و بەفیڕۆدانی پارە و سامان، ئەمە حاڵی ئێمەیە. گەورەم، ئەوەی ئاستەنگی لە بەردەم ئێمەدا دروست کردووە، نەبوونی فیکرە. تا ئێستا فیکر ئامرازێکی نامۆیە بە ئێمە، بەبێ فیکریش چۆن دەتوانین بیر لە سبەینێمان بکەینەوە، چۆن دەتوانین بەرەو ئایندە بڕۆین؟ ئێمە هەر خەمی ئەو ڕۆژەمانە، کە تێیدا دەژین، هیچ خەمێکی نەوەکانی داهاتوومان نییە، تا بەیانییەک دێت کاتێ بەئاگا دێینەوە، دەستێکمان کەوتۆتە ئەملا و دەستێکمان کەوتۆتە ئەولا، ئینجا دەپرسین، 'بەڵام ئێمە چیمان لە شەوەکانمان کرد؟'"

دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، لەسەر قسەکانی بەردەوام

بوو و دەیویست ئەو دوومەڵە بتەقێنێ، کە ساڵانێکە لە ناوەوە هەناوی دەخوات، "گەورەم، ئەوەی من لە ڕەوتی ژیانی سەربازیمدا کردوومە، لەپێناوی تۆدا بووە، لەپێناوی تۆدا و بەس. من بۆ یەک سات چییە، هەستم نەکردووە کار بۆ نموونەیەکی باڵای نیشتمانی دەکەم، کە پەیوەندیی بە شووناس و ئایدیۆلۆجیاوە هەیە، نەخێر، چونکە بۆ یەک سات چییە، من متمانەم بەو فەرمانڕەوایانەی عەرەب نەبووە، کە لە وەهمی ئەوەدا بوون، بە پێچەوانەی شەپۆلەکەوە بەرەو پێشەوە دەچن، لە کاتێکدا هەمیشە بەرەو دواوە چوون."

"بەڵام منیش فەرمانڕەوایەکی عەرەبم."

"تۆ پەیوەندیت بەوانەوە نییە. تۆ سەرکردەیت، سەرکردەیەکی ڕاستەقینە و دانسقە. هەر بۆیە تۆ ئێستا تەنیایت."

"بڕوا ناکەم ماندووبوونەکانم بەفیڕۆ بڕوات، عەقید."

"گەورەم، ئێمە هەمیشە دەتوانین لە بیاباندا مژدە بدەین، بەڵام تۆوی خۆمانی تیا ناچێنین."

لە چواردەوری قوتابخانەکەوە دەنگی دوو دەسڕێژ هات. موقەدەم تکای لێ کردم ژوورەکە جێ نەهێڵم، ئەو خۆی بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆی. دەنگی تەقەیەکی تر هات و بەدوایدا بێدەنگی...

لە پەنجەرەکە نزیک بوومەوە و کەمێک پەردەکەم لا دا: پەنجەرەکە بەسەر حەوشەکەدا ناڕوانێ. چووم بۆ ڕاڕەوەکە و گوێم ڕادێرا. هەندێ قاووقیژم بیست، کە لەبەر دیوارەکان بەکزی دەهاتنە گوێم. لە نهۆمی خوارەوە، نە جووڵە هەیە و نە ژاوەژاو. گوێم لە دەنگی پێی کەسانێک بوو، کە بەسەر

چەوی حەوشەکەدا دەڕۆیشتن. لە دڵی خۆمدا وتم، تۆ بڵێی کۆماندۆز بن و هێرشیان کردبێتە سەرمان، یان کەسانێک لێمان هەڵگەڕاونەتەوە!

بەو هیوایەی یەکێک لە نهۆمی خوارەوە پەیدا بێت، هەر وا هەڕەمەکی هاوارم کرد، "ئەرێ ئەوە چییە؟"

کەس وەڵامی نەدامەوە.

خۆم دا بەسەر موحاجەرەکەدا و بەوریاییەوە پلەبەپلە بە قادرمەکەدا چوومە خوارەوە. هاوار و قیژەکەی دەرەوە کۆتاییی هات.

نەمدەوێرا لەوە زیاتر بڕۆم، بۆیە لە ناوەڕاستی قادرمەکەدا وەستام و خۆم ئامادە کرد بچمەوە سەرەوە بۆ ژوورەکەم و گەر پێویست بکات چەکەکەم بهێنم.

"کێ بوو تەقەی کرد؟ کێ بوو تەقەی کرد؟"

دەنگی فەریقم ناسییەوە.

چەند سەربازێک دوو بریندارییان پێبوو، هێنایان بۆ نهۆمی خوارەوە، موقەدەم ئاماژەی بۆ کردن لەوێ لەسەر زەوییەکە دایان بنێن.

"لەوێ، لەسەر زەوییەکە دایان بنێن."

مەنسوور و فەریق بەهەڵەداوان هاتن و لە بەردەمی دوو بریندارەکەدا سەراسیمە ڕاوەستان. منیش چووم بۆ لایان. بریندارەکان حاڵیان خراپە، یەکێکیان بەر ملی کەوتووە، ئەوی تریش بەر سنگی و سیما واقوڕماوەکەی لە بنمیچەکە گیر بووە و دەمی کراوەتەوە و خەریکە گیان دەدات.

موقەدەم بۆی ڕوون کردمەوە، "یەکێک لە یاریدەدەرەکان کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوە و بەر لەوەی گوللە بنێت

بە سنگی خۆیەوە، ناوێتی بە هاوڕێکانیەوە. لاشەکەی لە حەوشەکە کەوتووە."

"چۆن کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوە؟ دیارە ویستوویەتی من بکوژێ."

یەکێک لە ئەفسەرەکان وتی، "وا بزانم بە هۆی بۆردومانەکەوە هەڵچووە و ویستوویەتی بچێت بۆ شەڕ. چەند سەعاتێک حاڵی باش نەبووە، تەنانەت نەیویستووە خۆی پەنا بدات، پاشان هەرەسی هێناوە. دەستی داوەتە چەکەکەی و وتوویەتی چیی تر توانای چاوەڕوانیی نەماوە و دەیەوێ بچێت بۆ شەڕ. ئیتر ئەو دوو سەربازە ویستوویانە چەکەکەی لێ بسەنن، ئەویش تەقەی لە هەردووکیان کردووە و پاشان خۆی کوشتووە."

بە لایتەکەی دەستیەوە بەرەو حەوشەکە بردمی.

دوو هەنگاو لەولا دەرگای قوتابخانەکەوە، لاشەی کابرایەکی لەڕولاواز کەوتووە، هەردوو قۆڵ و هەردوو قاچی بڵاو بوونەتەوە، نیوەی کەللەسەری هەڵگیراوە. بە بازنەکەی مەچەکیدا ناسیمەوە: ئەوە خۆ مستەفایە؛ ئەو خزمەتکارەی نانی ئێوارەی بۆ هێنام.

١٣

فەرمانم بە فەریق و بە سەرۆکی پاسەوانەکان دا، هێزەکەمان کۆ بکەنەوە و لە ئامادەباشیدا بن، تا لە نزیکترین دەرفەتدا کەرتەکە جێ بێڵین. بە موقەدەمیشم وت، لەگەڵمدا بێت بۆ ژوورەکەم.

وام لێ هاتووە تاقەت ناگرم بەتەنیا لەبەینی چوار دیواری ڕووتدا بم، کە بۆنی نەگبەتییان لێ دێت و وەک چۆن ئەشکەنجەدراوێک دواساتەکانی ئەشکەنجەدانی دەژمێرێ، منیش دانەدانە موروووەکانی تەزبیحەکەم بژمێرم.

سەرلەنوێ دەستم بردەوە بۆ قورئانەکە و هەوڵی خوێندنەوەیم دا. نەمتوانی تەرکیز بکەمە سەری. نان نەخواردن، کاری کردبووە سەر چاوەکانم و خانەکانی لەشم خەریک بوون وشک دەبوونەوە. دەست و پەنجەم سڕ ببوو و زۆر بەزەحمەت دەمتوانی قورئانەکە بە دەستەوە بگرم. ناوبەناویش هەست بە گێژییەک دەکەم، کە ناتوانم خۆم بەپێوە بگرم و خۆزگە دەخوازم چاو بنووقێنم و چیی تر

نەیکەمەوە.

موقەدەم لەسەر کورسییەک، لە بەردەممدا دانیشت. ماندوویتی ڕوخساری چرچولۆچ کردووە، بەلام لەگەل ئەوەشدا وتووریاییی لەدەست نەداوە.

بیر لە مستەفای خزمەتکار دەکەمەوە. تۆ بڵێی بە تەقاندنەوەی کەللەسەری خۆی، ویستبێتی چی بسەلمێنێ؟ ئەوەی کە شایانی ڕێز و پێزانینی من بێت؟ ئاخۆ ئەو خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێز و پێزانینی بۆ خۆی هەبووە؟ سەیرە! پیاو بیەوێ ئەوەی لە ژیانیدا پێی نەگەیشتووە، بە مەرگی پێی بگات؟

هەوڵ دەدەم لە ئاڵۆزییەکانیان تێبگەم، بەلام ئەو توێژە جەلاتینییەی مێشکیانی داپۆشیوە، ڕێم لێ دەگرێت. ماوەیەکی زۆر دووچاری ئەو وەهمە بووبووم، کە لێیان تێگەیشتووم، تا بۆم دەر کەوت کە تەواو بەهەڵەدا چووم و ئەو مەتەڵانەی وام دەزانی هەڵم هێناون، منیان قووت دا.

چەند ساتێک پێش ئێستا و لەسەر سەکۆکە، داوام لە مەرگ کرد ئەو شتەم پێ ببەخشێت، کە ژیان هەڕەشەی سەندنەوەیم لێ دەکات: ئابڕووم و ڕەوایەتیم وەک سەرۆکێک و ئازایەتیم وەک پیاوێکی ئازاد. لەپێناوی ڕزگارکردنی ئەفسانەکەمدا، ئامادە بووم وەکو قارەمانێک بمرم. ئەوە دیمەنێکی تەمسیلی نەبوو. کاتێ خۆم لای شوورەکەوە پیشان دا، دەمویست ببمە پاداشتی خۆم، دەمویست لایەنی گەورەی شکۆداریم بەدەست بهێنمەوە. کە ببەزیت، ئەوە شوورەیی نییە. بەزین ڕەوایەتیی خۆی هەیە. بەڵگەی ئەوەیە، کە شەرمان کردووە... ئەی ئاخۆ دەسوپێوەندەکانم چییان وتبێت،

کاتێ بینیویانم خۆم پیشان دەدەم؟ لەوانەیە وتبێتیان شێت بووە. هەر بەڕاستی مایەی گاڵتەپێکردن بووم. لە هەڵچوون و داچوونەکانی تووڕەییم دڵنیا نەبووم، ئێستا نەبێت کە ئەم پیاوەم بینی چۆن لە ترسی ئەوەی من متمانەم پێی نەمابێت، کۆتاییی بە هەموو شتێکی تری خۆیشی هێنا، بەڵام من پەشیمان نیم لەوەی بە دەنگێکی بەرز و بەهێزەوە هاواری بڕیاردانەکەی خۆمم کرد.

ژیان گەلێ ئاڵۆز و دڵڕەقە. هەمووی چەند مانگێک لەمەوپێش بوو، وڵاتانی خۆرئاوا بەبێ هیچ چاووڕوویەک، فەرشی سووریان بۆ ڕادەخستم و پێشوازییەکی گەرم و ئابڕوومەندانەیان لێ دەکردم و وەک عەقیدێک شانەکانمیان بە گوڵ دەڕازاندەوە. ڕێگەیان پێ دام، لە مێرگە سەوزەکانی پاریسدا خێوەت هەڵبدەم و چاویان لە ڕەفتاری ڕەق و وشکم نووقاند، کەچی ئەوەتانێ ئەمڕۆ لەناو خاکەکەی خۆمدا و وەک شێتێک لە شێتخانە ڕای کردبێت، گەمارۆم دەدەن. ئای کە سەیرە ئەحواڵ و گۆڕانی لەناکاوی زەمانە! ڕۆژێک دەتپەرستن و ڕۆژێک تڕۆت دەکەن. ڕۆژێک تێیدا ڕاوچیت و ڕۆژێکی تر نێچیر. خۆت دەدەیتە دەست ئەو "دەنگ"ەی، کە لە ناخی ناختدا ئەوەندەی خواوەندێک مەزنت دەکات، کەچی دواتر و بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک، ڕۆژێک دێت و لە قوژبنێکدا، بەڕووتوقووتی و تەنیا و داماڵراو و بەبێ ئەوەی هاوڕێیەک فریات بکەوێ، دەتبینێتەوە. تەنانەت لە گەرمەی تەنیایی مەزنمدا، لە کاتی فەرمانڕەواییمدا، ئەو سەردەمەی جگە لە خۆم کەس جەسارەتی سەرکێشیی نەدەکرد، ئەوەم بەدوور نەدەزانی هەوڵی کوشتنم بدەن، یان کودەتا

بەسەرمدا بکەن. ئەمە باجی دەسەڵاتی ڕەهایە، بەتایبەتیش گەر لە ڕێی خوێنڕشتنەوە، ئەو دەسەڵاتەمان گرتبێتە دەست. لەنێوان کەڵکەڵەی گوناهـ و ترسی خیانەتدا داوەدەزوویەکی باریک هەیە. ئێمە بەردەوام لەگەڵ زەنگێکی مەترسیدا دەژین، کە لە مێشکی هەر یەکێکماندا چێنراوە. بۆیە چۆن لە کاتی بێداریدا سڵێکمان هەیە، لە کاتی خەویشدا هەر واین، ئیتر گەر بەتەنیا بین یان لە شەڕدا و لەگەڵ ئەوانی تردا. هەموو ئەو شتانەی هەبوون، لە چاوترووکانێکدا نامێنن. نائارامی نییە بگاتە نائارامیی فەرمانڕەوا، نائارامییەکی قورس و زاڵ و بەردەوام، وەکو نائارامیی ئەو گیانەوەرانەی تینوویتی تەنگی پێ هەڵچنیون و لای گۆماوێکەوەن، کەچی ناتوانن تینوویتیی خۆیان بشکێنن و هەر سەیری ئەملاولای خۆیان دەکەن و گوێ هەڵدەخەن و بەقایمی بۆنی هەواکە دەکەن، وەک یەکێک لە گازی کوشندە بترسێت، بەڵام من هەرگیز پێشبینیی چرکەساتێکی موسیبەتباری وەکو ئەم چرکەساتەم نەدەکرد؛ بێمە قوتابخانەیەکی چۆڵکراوەوە و کۆمەڵێک چەتەی خائین چواردەورم بدەن، لە شارێکدا کە لە هیچ شتێک ناچێت! منێک، کە هیچ فەزایەک بەرگەی مانگەچواردەکەی نەدەگرتم، ئێستا چۆن بەم ڕیسواییە ڕازیم؟ بەم دەستانەی خۆم هەزار خائین بکوژم، لەو ئێش و ژانەم کەم ناکاتەوە، کە وەکو شێرپەنجە دڵم دەکرۆژێت. هەست بە فرۆفێڵ و خیانەت دەکەم، ئەو "دەنگ"ەی لە ناخمدا دەیچریکاند، لەپڕێکدا کپ و خامۆش بوو، ئێستا ئەو خامۆشییەی باڵی بەسەر ناخمدا کێشاوە و وەکو تارماییی مردووی شەوێکی ئەنگوستەچاو دەمترسێنێت.

سەیری کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، سەعات پێنجە.

دەنگی ماتۆڕەکانی ناو بیناکە دێت. ویستم ئەو پەردەیە لا بدەم کە پەنجەرەکەی داپۆشیوە، تا سەیرێکی دەرەوە بکەم.

موقەدەم وتی، "گەورەم، دەتوانیت هەر لێی بکەیتەوە، هیچمان نەماوە تا بیشارینەوە."

"لەو بڕوایەدایت؟"

"دەستت لادە، با پیس نەبیت."

بەر لەوەی گوللە لە پەردەکە بدات و بکەوێتە ناو تەپوتۆزێکی چڕەوە، داوای لێ کردم دوور بکەومەوە.

لە دەرەوە، پێویستی بەوە نەدەکرد ڕۆژ بێتەوە تا دنیا ڕووناک بێتەوە، چونکە بینا گڕگرتووەکە و داروپەردووە سووتاوەکانی کەرتی دوو، هەموو جێیەکی ڕووناک کردبۆوە.

گەرچی سیرت دەیتوانی ئەو دارودیوارە سووتاوانە بگۆڕێت بۆ پارچەیەک لە خۆر، بەڵام تازە چیی تر نەیدەتوانی ڕێگە لە هاتنەوەی شەوەزەنگ بگرێت.

لێرە و لەوێ دەنگی دەسڕێژ دەهاتەوە گوێ. تەنگژە هەمووانی گرتەوە، ئەمشەو هیچ تروسکاییەکی پێ نەبوو بۆیان.

لە ئاسمانی ئاوس بە باڕەشی کوشندەدا، چەند فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان، بە شێوەیەکی بازنەیی دەخولێنەوە، لە باڵندەی گۆشتخۆر دەچن، بەدوای لاشەدا بگەڕێن.

هەموو شتەکان ئاماژە بوون بۆ ئەوەی، گەر شارەکە لە تواناشیدا بێت جارێکی دیکە لەناو ئەو داروپەردووەیدا هەڵسێتەوە، دیسانەوە دەکەوێت و هەرەس دێنێتەوە. ئەم بەرەبەیانە سپییە خوێناوییە، لە زامێکی پیسی کێمکردوو

دەچێت.

"عەقید، ئەم جارەیان بەسەلامەتی دەر ناچین."

"بۆچی وا دەڵێیت، گەورەم؟"

"مەزەنـەم پەکـی کەوتـووە. ماتـی و خامۆشـییەکی سـەیر ناخمی تەنیوە، ئەمەش نیشانەیەکی خراپە. تەسلیم نابم، بەڵام چاوم بە ڕۆژێکی تر ناکەوێ."

"گەورەم، زۆر جار کەوتوومەتە بۆسەوە و وتوومە تازە ڕزگاربوونم مەحاڵە. بۆ نموونە لە مالی، نزیک ئەگلهۆک، سوپا چواردەوری داین. لەگەڵ فەرماندەی شۆڕشگێڕە ئەزوادییەکان و سێ ئەفسەردا لە کووخێکدا بووین، برسێتی و تینوێتی زۆری بۆ هێنابووین، ئێمەش هیچمان شک نەدەبرد، جگە لە نوێژەکانمان و چەند گوللەیەک. دڵنیا بووین لەوەی ئەوە دواساتەکانی ژیانمانە، بەڵام لەناکاودا ڕەشەبایەکی لماوی هەڵی کرد، ئێمەش لە کووخەکە هاتینە دەرێ و توانیمان بێ هیچ ئاستەنگێک، گەمارۆکە بڕەتێنین."

"ئەمڕۆ ڕەشەبای لەو جۆرە هەڵناکات."

خۆم دایەوە بەسەر کورسییەکەدا.

"عەقید، شەڕەکە دەدۆڕێنین."

"برای سەرکردە، ئەوە لیبیایە کە تۆ دەدۆڕێنێت."

"جیاوازییان نییە."

"بە مانایەک لە ماناکان."

"ئەی بە مانایەکی تر؟"

وەڵامی نەدایەوە.

"ئەوە تەنها یەک مانای هەیە و بەس، عەقید. ئەو مانایەی، کە چارەنووس دیاری دەکات. ئێمە جگە لە کۆمەڵێک ئەکتەر،

هیچی تر نین. ئەو دەورانەی دەیانبینین، خۆمان هەڵمان نەبژاردووە و مافی ئەوەشمان نەبووە چاو بە سیناریۆکەدا بخشێنین."

"تۆ مێژووت نووسیوەتەوە، سەرۆک."

"نەخێر، ئەوە مێژووە کە منی نووسیوەتەوە. کاتێ چاو بە ڕابردوودا دەخشێنمەوە، تا ڕەوتی ژیانی خۆم هەڵسەنگێنم، سەرنج دەدەم هیچ شتێک بە ئیرادەی خۆم نەبووە، نە دەسکەوتە سەبازییەکانم و نە ئەو موعجیزانەی، کە لە کۆمەڵێک مەسەلە منیان ڕزگار کردووە. دواجار بە خۆمم وت، باشە من بۆچی ژیانی خۆم ئاڵۆز بکەم، مادامەکی هەموو شتەکان پێشوەخت نووسراون. یەکێک هەیە لەو سەرەوە دەزانێ چی دەکات... بەڵام من لەم ماوەیەی دواییدا لە خۆمم پرسی، دیارە لاپەڕەکەی هەڵداوەتەوە. دیارە داشێکی تری هەڵبژاردووە و ئێستا یاری بەو دەکات."

دەستم بۆ قورئانەکە بردەوە، بەڵام هەر زوو دام تایەوە.

"عەقید، تۆ وای نابینیت کە تەنانەت خۆشترین حیکایەتی جادووبازەکانیش، وەختێ لە زنجیرە درامادا دووبارە دەکرێنەوە، دەبنە مایەی بێزاری؟ بێگومان دیارە ئەمە بۆ ئەو تاک و تەنیایەی لە سەریشەوەیە، هەر وایە. سەبارەت بە من شیرازەی بیرکردنەوەی ناگۆڕێت و تەنانەت حەزیش ناکات کۆتاییی حیکایەتەکە بزانێت."

موقەددەم شوکولاتێکی دامێ.

"گەورەم، ئەمە مەکنیسیۆمی تیایە، پێویستت بە وزەیە."

"برسیم نییە."

"تکایە..."

"دەمەوێ کەم بخۆم و ڕۆژووگرتن بۆ من باشە، وام لێ دەکات لە تەنگژەدا زیاتر کۆنترۆڵی بیر و تێفکرینی خۆم بکەم."

ئیتر زۆری لێ نەکردمەوە و لەسەر کورسییەکەی دانیشتەوە. کوڕێکی سەرنجڕاکێشە. سەنگین و ڕاشکاو و ڕوونە و ئەمەش وای کردووە، تا بێت زیاتر بچێتە دڵمەوە. ئەو خۆیشی دەزانێ من چەند ڕێزی دەگرم، بەڵام ئەم ڕێزگرتنەی من نەیشێواندووە. کەسێکی تر بووایە لە جێی ئەو، لەوانە بوو ئەو ڕێزگرتنەی منی خراپ بەکار بهێنایە، بەڵام ئەو وەکو دیارییەکی پیرۆز لە دڵی خۆیدا پاراستوویەتی و ناتوانێ بیخاتە ڕوو، تا لە مەترسی بەدوور بێت.

"عەقید، ئەو شتە چییە کە حەزت دەکرد لە ژیانتدا بۆت بێتە دی، بەڵام دەرفەتی هاتنە دیی نەڕەخساوە بۆت؟"

تاوێک تێ فکری، پاشان بە دەنگێکی زۆر کزەوە وتی، "تا ڕادەی شێتی یەکێکم خۆش بویستایە."

"ئەی خۆشەویستییەکی وەها لە ژیانتدا نییە؟"

"چونکە قەت لە ماڵەوە نیم، ژنەکەم سکاڵا دەکات و دەڵێت من شووم بە تارماییەک کردووە، هاوڕێکانیشم تا سەر ئێسقان ئیرەییم پێ دەبەن. هەر جارێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک دەڕۆم، دووعا دەکەن تیا بچم و نەگەڕێمەوە."

"سەبارەت بە هاوڕێکانت، شتێکی سروشتییە. ئەوان بۆیە ئیرەییت پێ دەبەن، چونکە تۆ ئەوانت تێپەڕاندووە. بۆیە ڕقیشیان لێتە، چونکە دەزانن هەرگیز بە قولەپێشت ناگەن. بەڵام سەبارەت بە ژنەکەت، جیاوازە. ژنەکەت با غیرەشت لێ بکات، بەڵام بە پێچەوانەی هاوڕێکانتەوە، ئەو شەو و ڕۆژ

دووعا دەکات بگەڕێیتەوە بۆ لای."

"ئەو دەزانێ من چەند بەوەفام بۆی."

"ئەمە شتێکە ناتوانین تەواو لێی دڵنیا بین. چەند متمانەمان بەو کەسە هەبێت کە خۆشمان دەوێ، هەر ئەوەندە لە چاومان ون بوو، گومان دەبێت بە هاوڕێی بەردەواممان."

"هەشت ساڵە ژنمە، بۆ تاقە جارێک چییە خیانەتم لێ نەکردووە."

"لێی دەکەیت. تۆ کوڕێکی سەرنجڕاکێشیت، قۆزیت و لە هاوڕێکانت لەپێشەوەتریت. هەر ژنێک بگریت، پێی خۆشە بێتە باخەڵتەوە. ژنان ئەوەندەی حەزیان لە پلەوپایەیە، ئەوەندە حەزیان لە ماسولکەی پیاو نییە."

"هەموویان نا، برای سەرکردە."

"چووزانیت؟ لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا نهێنیی وا هەیە، کە هاوسەرە دڵسۆزەکان هەرگیز گومانیان بۆی ناچێت."

وەکو نیشانەی تەسلیمبوون، هەردوو دەستی هەڵبڕی.

"هیوادارم هیچ شتێک نەبێتە هۆی ئەوەی گومانت لا دروست بکات."

پێکەنی.

کەمێک بەو میزاجە خۆشەی حەوامەوە.

"جگە لەوەی حەز دەکەیت خۆشیان بوێیت، چ خۆزگەیەکی ترت هەیە؟"

هەردوو دەستی دەوری لووتیان دا و بیری کردەوە. کاتێ کەوتەوە قسەکردن، چاوەکانی کەشانەوە، "باپیرەم شوان بوو. خوێندەوار نەبوو، بەڵام فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەبوو لە ژیاندا. کەسم نەدیوە هێندەی ئەو بە هەژاری

ئاسوودە بێت. تیکەیەک نانی هەبووایە، بەس بوو بۆ ئەوەی بەختەوەر بێت. گەر ڕێکەوت کارەکانی خۆی بەباشی بکردنایە، بەلای باپیرەمەوە هەموو شتەکان باش بوون. گرنگ ئەوەیە شتەکان چۆنن وەکو خۆیان سەیریان بکەیت. نەک وەکو ئەوەی تۆ حەز بکەی چۆن بن. بەلای ئەوەوە، ژیان دەرفەتێکی جوانە و نابێ هیچ نەهامەتی و نارەحەتییەک وات لێ بکات ئەو دەرفەتە پشتگوێ بکەیت. ئێستاش لەبیرمە هەرچییەکی شک ببردایە، ئەوەی دەخوارد و بە زستان و هاوینیش هەمان چلوبەرگی لەبەردا بوو. کاتێ چووم بۆ لای و پێم ڕاگەیاند کە دەمانەوێ بێت لە ئەجدابیا، لە ڤیلایەکدا ک بەسەر دەریادا دەڕوانێ، لەگەڵ ئێمەدا بژی، سەری نەرێی ڕاوەشاند. نەیدەویست بەرامبەر هیچ شوێنێک و هیچ شتێک لەم دنیایەدا، لە خێوەتەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە."

"هەڵە بووە."

"لەوانەیە، بەڵام ئەو وا بوو. باپیرەم دەیویست پەیرەوی لە سروشتە خۆڕسکەکەی خۆی بکات و هیچ شتێک نەکات بە مەراق. کاتێ بەشداریی خۆشییەکانی ئەو کەسانەی دەکرد کە خۆشی دەویستن، خۆی بە بەختەوەر و دەوڵەمەند دەزانی. هەموو بەیانییەک، دەمەوسەحەر بێدار دەبۆوە و لە ئاسمان ڕادەما. دەیوت پێویستی بە هیچی تر نییە... ئەمە ئەو خۆزگەیە بوو کە دەمخواست، گەورەم. دەمویست وەکو باپیردم بوومایە؛ پیاوێکی سادە، کە لە زوهددا بەختەوەری و خۆشگوزەرانیی خۆی دەبینییەوە."

"من تێناگەم بۆچی هەندێ کەس ڕادەستبوون بە واقیع، بە زەبوونی دەزانن."

هەستم کرد موقەدەم لێوانلێوە لە سادەیی، لە دڵی خۆمدا وتم ئاخۆ چیی بەسەر دێت؟ چەند ئومێد دەکەم بەسەلامەتی لەم شەڕە دەر بچێت. کوڕێکی گەنج و قۆز و ڕاستگۆیە. وێنەیەکە لەو سەربازە لیبیاییەی کە خەونم پێوە دەبینی، ئەو ئەفسەرەی کە دوای من دەژی، تا پەیڕەوی لە ڕێنماییەکانی من بکات و لە هەر یادێکدا مۆنۆمێنتێکم بۆ بکات.

"موقەدەم، تۆ ڤان گوخ دەناسیت؟"

"بێگومان. گوێی خۆی بڕی تا سووریی تابلۆکەی لە ئاستی سەختیی ئازارەکەیدا بێت."

"دەڵێن بۆ ژنێکی بەدبەخت، گوێی خۆی بڕیوە."

هەردوو قۆڵی لێک جیا کردنەوە، "هەر بلیمەتە و کۆمەڵێک شتی خراوەتە پاڵ، گەورەم. تۆ خۆشت وتووتە کە مردن تاقە هەقیقەتە و باقیی شتەکانی تر درۆن."

"بیرم نییە قسەیەکی وام وتبێت."

"برای سەرکردە، دواتر زۆر قسەی تریشت دەخەنە پاڵ، وەک چۆن هەندێ شیعریان خستۆتە پاڵ موتەنەبی، کە کەس نازانێ کێ وتوونی. ئەمە بەشێکە لە میسۆلۆجی."

"تۆ لەو بڕوایەدایت من لە یادی خەڵکدا بمێنمەوە؟"

"تا ئەم لیبیایە بمێنێت، بەڵێ."

"چیی منیان بیر دەمێنێت؟"

"کۆمەڵێک لایەنگرت دەبێت، لەگەڵ خەڵکانێکیشدا کە بەخراپ باست دەکەن. لایەنگرەکانت یادت بەرز ڕادەگرن، بەڵام ئەوانی تر ڕەخنە لە دەسکەوتەکانت دەگرن، چونکە خۆیان نەیانتوانیوە شتێک بکەن شایانی باسکردن بێت. گومان لەودا نییە، کە زۆرینەی گەل ئەفسووست بۆ دەخوات."

"بڕوا ناکەم، موقەدەم. مێشکی ئەم گەلە تێک شێواوە. ئەگەر وا نییە، دوای هەموو ئەو شتانەی بۆم هێنانە دی، چۆن ئەوە لێک بدەینەوە، کە داوای ڕووخانی من دەکەن؟"

موقەدەم بە پەنجەکانی دەستی، یاریی بە قژی کرد. پەرچەمی هاتە سەر ناوچەوانی و وەک فەرماندەیەک، ئەفسوونێکی تری پێ بەخشی. بەر لەوەی دەست بە قسەکانی بکاتەوە، لە دەستە سپییەکانی خۆی ڕاما، "لە سەروبەندی خولی مەشقەکەمدا، لە ئەکادیمیای ڤیستریل لەنزیک مۆسکۆ، هەندێ ڕوسی بوون بە هاوڕێم، زۆربەیان ئەفسەری لاو بوون و تازە زانکۆیان تەواو کردبوو. مۆبایلی سمارتیان هەڵدەگرت و ئوتومبێلی خێرا و عەتری دیۆریان لە خۆیان دەدا و جلی مارکەیان لەبەر دەکرد و لە ڕیستۆرانتە گرانەکان نانیان دەخوارد، لاپتۆپی پێشکەوتوویان پێ بوو. کوڕی ئەم سەردەمە بوون، دەوڵەمەند بوون و بۆ هەموو شتێک پەلەیان بوو. ئەوان نە ڕۆژگاری گرانی و نەبوونیی chorni khleb[1] یان دیبوو، نە ڕیزبەستنی بەردەم کۆگا نیمچەبەتاڵەکان، نە وەسوەسەی سیخوڕیی ئۆفیسەکانی پۆستە و نە زیندانیکردن لە سزای کڕینی کاوبۆی لە بازاڕی ڕەش. کەچی هەر ئەوەندە تۆزێک مەست دەبوون، سکاڵایان لە دەست هەموو شتێک دەکرد و دەیانوت کە وڵاتەکەیان بەرەو هەڵدێر دەڕوات و گەندەڵی هەموو بەرپرس و دەزگاکانی حکومەتی گرتوتەوە و خۆزگەیان بە دەستە ئاسنینەکەی ستالین دەخواستەوە... برای سەرکردە، ئەم دنیایە هەمیشە وا بووە. لە چیللی خۆزگە بە سەردەمی پینۆشە دەخوازنەوە، لە ئیسپانیا بە

---

١ chorni khleb هاوواتا ڕووسییەکەی نانی ڕەش.

فرانکۆ، لە عیراق بە سەدام حسەین، لە چین بە ماو، لە میسر بە موبارەک و لە مەنگۆلیاش بە جەنگیز خان."

"کام وێنەیەی منیان لا دەمێنێتەوە؟ وێنەی سەرکردە یان دیکتاتۆر؟"

،تۆ دیکتاتۆر نیت. تۆ ڕێک ئەوەت کرد کە دەبووایە بتکردایە. دوو جۆر میللەت هەن؛ ئەو میللەتەی ژیرانە ڕەفتار دەکات و ئەو میللەتەی بە تێلا نەبێت ناڕوات بەڕێوە. میللەتەکەی ئێمەش پێویستی بە قامچی بوو."

من هاوڕای نیم.

دان بەوەدا دەنێم کە لە ئاست ئەوانەی دژ بە بیروباوەڕم بوون، بێبەزەیی بووم. ئەی چۆن ڕەفتارم بکردایە؟ فەرمانڕەوایی کەلتوورێکە بەتەنها لەگەڵ مەرجێکدا یەک دەگرێتەوە: خوێن. بەبێ خوێن، عەرش دەبێت بە شتێک تەحەمول ناکرێ. منیش بۆ پاراستنی عەرشەکەم، سوودم لە خەسڵەتەکانی حەربا وەر گرت: چاوێکم لەپێشەوە و چاوێکم لەدواوە بوو، بەوپەڕی وردی حسابم بۆ هەر هەنگاوێکی خۆم دەکرد، زمانیشم لە فیشەک خێراتر بڕیارەکانی خۆی دەر دەکرد. لەو چرکەساتەوەی چوومە ناو دیمەنەکەوە، ئیتر خۆم بووم بە دیمەنەکە...

"موقەدەم، من تەنها لەگەڵ خائینەکاندا دڵڕەق بووم. من میللەتەکەی خۆمم خۆش ویستووە و پاراستوومە."

"نەدەبوو وا بکەیت، سەرۆک. تۆ زیاد لە پێویست باوەشت بۆ میللەت کردەوە، تا بوو بە میللەتێکی تەوەزەل و دەروونڕەش. وای لێ هات هەر دەمی دەکردەوە و نەیدەتوانی مێشێک لە خۆی دەر بکات. وای لێ هات ئیشکردن و زانین

و بەرزخوازی بوون بە کاتکوشتن بەلایەوە. بۆچی خۆمان ماندوو بکەین، مادامەکی برای سەرکردە لەبریی هەموومان بیر دەکاتەوە. لیبیاییەکان لە هەقیقەتی دەسودلکراوەیی تۆ تێنەگەیشتن، بۆیە خەون و خولیای ئەم میللەتە ئەوە بوو، ئەو دەسودلکراوەییەی تۆ بەخراپ بەکار بێنێت. وای لێ هات وەکو ئاغایەکی بچووک ڕەفتاری دەکرد و وای دەزانی ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت. مادامەکی کەسانێکی تر هەن لەبریی ئەو کار دەکەن و ئامێرەکانی بۆ بەڕێوە دەبەن، تا دەگاتە ئەوەی پیساییەکەشی بۆ پاک بکەنەوە، ئیتر بۆچی شتەکان لە خۆی ئاڵۆز بکات؟ ئەو بەتەنها تاقەتی لە چاودێریکردنی کۆیلەکانی چووە، کە چییان لە توانادایە لەپێناوی ئەودا دەیکەن. ئەمڕۆش دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ، کە زۆر زیاتر لەو نرخەی خۆی دەکات، بۆیە گاز لەو دەستە دەگرێت، کە نانی داوەتێ. گەورەم، ئەگەر ڕێم بدەیت، من لەو بڕوایەدام، کە دەبوو بە هەمان شێوازی نەیارەکانت مامەڵەت لەگەڵ میللەتیشدا بکردایە. ئەم میللەتە ناهێنێ بایەخی پێ بدەیت. خەڵکانێکی بازاڕی و قاچاخچین و جگە لە تەوەزەلی و بازرگانیی نایاسایی، هیچی تر نازانن. وەک چۆن ئێستا لە ڕوسیا خۆزگە بە سەردەمی ستالین دەخوازنەوە، ئەوەکانی سبەینێش خۆزگە بە تۆ دەخوازنەوە. ئەم مێگەلەی ئێستا داروبەرد وێران دەکات و بەبێ هیچ دادگاییەک، قارەمانەکانی خۆی دەکوژێت، دەبێ بۆ ئەوەکانی داهاتوو چی جێ بهێڵێت، جگە لە وڵاتێکی سیخناخ لە خەڵکی نابەرپرس و کەسانێکی بێکەسێتی و بێڕا."

بە قسەکانی موقەدەم، لە سەرێکەوە خەمبار بووم و لە

سەرێکی تریشەوە ئاسوودە.

"کوڕە لاوەکە، ئەوەی لە تۆدا خۆشم دەوێ، جگە لە ئازایەتییەکەت، ڕاشکاوییەکەتە. هیچ یەکێک لە وەزیر و گزیرەکانم، سەرنجی منیان بۆ ئەم هەقیقەتە ڕانەکێشاوە. هەموو ئەوانەی دەوروبەرم جگە لە مەرایی، ستایشیان دەکردم دەرهەق بەوەی من خەڵکانێکی سارانشین، کە هیچ بەها و ئەرزشێکیان نەبووە، کردوومن بە میللەتێک، کە لە هەموو میللەتەکانی تری سەر زەوی زیاتر شانازی بە خۆیانەوە دەکەن."

"ئەوان لەوەدا درۆیان نەکردووە، کە لە ڕاستیدا تۆ کۆمەڵێک خێڵی دوژمن بەیەکت کرد بە یەک جەستە و یەک ڕۆح، بەڵام هەقیقەتی تەواوەتی لە شوێنێکی تردا بووە."

"ئەی بۆ ئەو هەقیقەتەیان لێ شاردمەوە؟"

"لەبەر ئەوەی ئاشکراکردنی باش نەبوو، گەورەم."

لەم کاتەدا، بەتوندی دەرگای ژوورەکە کرایەوە. مەنسوور بوو، بە دەموچاوێکی گرژ و تووڕە و بەهەناسەبڕکێوە هاتبوو تا ڕاپۆرتەکەی بهێنێت.

پێی ڕاگەیاندم، کە ئەو ئەفسەرەی چووبوو پەیوەندی بە موعتەسیمەوە بکات، وا خەریکە دێتەوە و کاتی جێهێشتنی ئەو شوێنەمان هاتووە.

ئاوڕێکم لە موقەدەم دایەوە و پێم وت، "وا کاتی ئەو هەقیقەتە هات."

١٤

لە نهۆمی خوارەوە غەڵبەغەڵبێک دێتە گوێ.

سەربازەکان بەملاولادا ڕادەکەن. ئەفسەرەکان هاوار دەکەن، تا غیرەت بدەنە بەر خۆیان و بەر ئەو کەسانە دەکەون، کە لە خۆئامادەکردندا خاو بوون و بەو گۆڕانە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا، تووشی شۆک بوون.

لە بێسەروبەری دەتۆقم. وەکو پەتا وایە و هەموو گیانم پێی گرژ دەبێت.

گومانم بۆ ئەوە چوو، کە لەوانەیە فەریق ڕاستیی دۆخەکەی بۆ ئەفسەرەکانی باس کردبێت. لەناو گەڕەلاوژەکەدا بۆی گەڕام، نەمدۆزییەوە.

مەنسوور ئەو ئەفسەرەی بۆ هێنام، کە بووەتە مایەی ئەو گەڕەلاوژەیە. لاوێک بوو، لەوە دەچوو تازە ئەکادیمیای تەواو کردبێت. سڵاوی بۆ کردم، خەریک بوو بکەوێت، چونکە بە بینینی ڕوخساری من، شڵەژا.

"کوڕەکەم کوا؟"

"کەمێکی تر دەگات، گەورەم."

"تۆ بینیت؟"

"بەڵێ، گەورەم."

"بە چاوی خۆت؟"

"بێگومان، گەورەم. ئەو بیست ئوتومبێلەی پێ سپاردم، کە هێناومن بۆ ئێرە. پێشی وتم، کە دەبێ یەکسەر ئێرە چۆڵ بکەین."

"ئەی بۆ لەگەڵ تۆ نەهاتۆتەوە؟"

"لەبەر ئەوەی بەشی سێیەمی کاروانەکە ڕابەری دەکات. بە لایەنی کەمەوە سی ئوتومبێلن. دوو تۆپهاوێژی پێیە، بە هۆی ئەوەوە دوا کەوتووە."

"سەلامەتە؟"

"بەڵێ، گەورەم. وتی ئێوە کەرتی دوو جێ بێڵن، من لە ڕێگاکە پێتان دەگەمەوە."

ئوتومبێلە دەبڵ ئەکسلەکەم وا لە حەوشەی بیناکە، موقەدەم تەرید پێڕێکی پێک هێنا، شۆفێرەکانی بانگ کرد و سەبارەت بەو ڕێگایەی کە دەبێ بیگرنە بەر، ڕێنماییی دانێ، "چوار ئوتومبێلی چاودێری لەپێشەوەی کاروانەکە دەبن. من لە ئوتومبێلی پێنجەمدا دەبم، کە دووسەد مەترێک لەدوای ئەوانەوە دەبێت. سەرۆک لە شەشەمدا دەبێت. ئەگەر هێرش کرایە سەرمان، نابێ ڕابوەستن، ڕاوەستان قەدەغەیە. ئەگەر کاروانەکەم جێ هێشت، دوام بکەون. یەک چرکە چییە، نابێ لە چاوم ون بن. دەبێ هەمووتان سەرۆک بپارێزن."

شۆفێرەکان سڵاوی سەربازییان کرد و بەرەو ئوتومبێلەکانیان چوون.

من و مەنسوور چووینە ئوتومبیلە زریپۆشەکەوە.

"ئەی فەریق کوا؟"

سەرکردەی پاسەوانەکان وەلامی دامەوە، "چووە بزانێ دوو کوڕەکەی گەیشتوون یان نا."

"بچن بیهێنن، دەمەوێ لەگەڵ ئێمەدا بێت."

خێرا چوون تا فەریق بهێنن.

هەر خولەکێک، هێندەی یەک تەن قورسایی هەیە لەسەرم.

تەواو تووڕە بووم و مشتم کێشا بە کوشنی شۆفێرەکەدا.

دواجار ئەبوبەکر بەهەناسەبڕکێوە گەیشت، ئارەقەی لێ دەچۆڕا.

"بە ناخێری گیانت لەکوێ بوویت؟"

"بەدوای کوڕەکانمدا دەگەڕام."

"ئێستا کەی کاتی ئەوەیە. بڕۆ لەپێشەوە دانیشە، ئێمە هەموو چاوەڕێی تۆ بووین."

هەر کە فەریق لەسەر کوشنەکەی پێشەوە دانیشت، کاروانەکە دەستی بە جووڵە کرد.

بە ژاوەژاوێکی شێتانە، قوتابخانەکەمان جێ هێشت.

لە پەلەپەلیدا چەند ئوتومبیلێک بەر یەک کەوتن و یەکێکی تر چووە سەر شۆستەکە، تا شوێنی خۆی لە کاروانەکەدا بگرێت.

دواجار، کاروان کەوتە ڕێ و ئەو شەقامە سەرەکییەی گرتە بەر، کە بەرەو ساحل دەچێت.

کە گەیشتینە یەکەم دووڕیان، ئینجا بیرم کەوتەوە کە قورئان و تەزبیحەکەمم لەبیر چووە.

بەئاشکرا و بەبێ خۆشاردنەوە بە شەقامەکەی تەنیشت کەناردا و لەژێر ڕەحمەتی بۆسە و بۆردوماندا، ڕێ دەکەین.

کەم جار هەڵدەکەوێ، ڕۆژ هێندەی ئەمڕۆ ڕووناک بێت. سەرباری دووکەڵی سووتاوییەکان، تیشکی خۆرەکە چاوی بنیادەم کوێر دەکات، دەڵێی خۆریش لایەنی خائینەکانی گرتووە، بە جۆرێک تیشکی خۆیم لێ دەدات، وەک ئەوەی نیشانە بگرێتەوە.

خاترجەم نیم، بەڵام زۆر نیگەرانیش نیم. نازانم بۆ کوێم دەبەن و لە هەر پێچێکدا چی چاوەڕێم دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گوێ نادەمێ. بیزانم و نەیزانم چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت؟

مەنسوور لای ڕاستمەوە گرمۆڵە بووە، بە جۆرێک باوەشی کردووە بە تفەنگەکەیدا، وەک ئەوەی ئەو گوریسە بێت، کە لەناو بیری بێدەنگییەکەی دەری دەهێنێت.

سەرجومگەی پەنجەکانی سپین، ژێر چاوەکانیشی، دەڵێی جێی لێدانن، وەها کیسیان کردووە.

لەوە دەچێت بەبێدەنگی دووعا بکات.

دەنگی مەکینەی ئوتومبێلەکە لەناوەوە، وەکو ئاژێری شوومی دەنگ دەداتەوە.

فەریق سەیری ئاوێنەکە دەکات، بەڵکو یەکەی سێیەمی کاروانەکە ببینێت، کە کوڕەکەم ڕابەرایەتیی دەکات، بەو ئومێدەی کە دوو کوڕەکەی لەگەڵیاندا ببینێت.

"هیچ دەبینیت؟"

"تا ئێستا نەخێر، سەرۆک."

مەنسوور بەبۆڵەبۆڵێکەوە وتی، "باشە موعتەسیم ئەو دوو

تۆپەی بۆ چییە؟ دوو چەکی قورسن و ڕەوتی کاروانەکەمان خاو دەکەنەوە. تۆپی سیوحەوت ملیم لەگەڵ فڕۆکەکانی هاوپەیمانانـدا، چیی پێ دەکرێ؟ مەودای سنووردارە و بە هەزار حاڵ دەتوانی باڵندەیەکیشی پێ ڕاو بکەیت."

فەریق وتی، "لە هیچ باشترە."

مەنسوور لەسەر قسەی خۆی سوور بوو و دیسان وتی، "بە کەڵکی ئەوە نایەن، بۆ جوانییش دایان بنێیت. ئەوان لە دەریاوە تەقەمان لێ دەکەن و پێویستیان بەوە نییە، لە کەنار نزیک ببنەوە."

حەزم نەدەکرد گوێم لەو قسانە بێت.

دەمەوێ بیر لە هیچ نەکەمەوە و بچمە ناو خۆمەوە و بەدوای ئەو "دەنگ"ەدا بگەڕێم، کە ڕۆژگارێک هیوای گەورەی بۆ هەڵدەچنیم، ڕۆژگارێک کە ئەفسەرێک بووم ڕزگاربوو لە خەیاڵات، ئەو دەنگەش تەنیاییمی پڕ کردبوو لە وادە و ڕووبەڕووبوونەوەی کاری قورس.

ئاخۆ ئەو "دەنگ"ە بۆ کوێ چووبێت؟ بۆ خامۆشە؟ وا خەیاڵ دەکەم لە شوێنێکی ناو ئەو تاریکاییەی ڕۆحمی تەنیوە، هەڵتروشکابێت و بەتەنها گوێی لە دەنگدانەوەی نزاکانم بێت. "دەنگ"ەکە "کەشتی"یەکەی جێ هێشت، ئێستا شوێنی کەشتییەوان چۆڵە.

من ئێستا بەرامبەر بە چارەنووس تەنیام، چارەنووسیش ڕووی خۆیم لێ وەر دەگێڕێت.

تەنانەت "سیرت"یش، شاری هەرزەکاری و لانکی شۆڕشگێڕیم، پشتم تێدەکات. ئەو سەردەمە گوزەشت کە گۆڕەپان و یاریگاکان پڕ دەبوون لە خەڵک و بەهاوارکردن

ستایشیان دەکردم؛ بەجۆشوخرۆشەوە لەسەر شۆستە و سەکۆکان ئالایان بەرز دەکردەوە، وێنەی منیان هەڵدەگرت و بە شان و باهوومدا هەڵیان دەدا و ئەوەندە دەیانقیژاند تا دەنگیان دەنووسا.

لێرە، ئا لەم شارەی حاشای لە یادەوەرییەکانی خۆی کردووە، بڕیارم دا نووچ بە چارەنووس بدەم. ئەم شارەی هیچ نەبوو جگە لە شارێکی موحافەزەکار، کە تە دەیزانی بازاڕ بکات و نە چۆن خەون بوروژێنێت. لەسەر شەقامەکانی، دەوڵەمەندەکان خەونیان بەو گازینۆیانەوە دەبینی، کە تیشکی گڵۆپەکانیان لەناو ئاوەکەی کەناری باکووری ناوەڕاستدا شەوق دەداتەوە، لەسەر شۆستەکانیش، هەژارەکان بە ڕادەیەک مافخوراو بوون، کە خەونیان بە هیچەوە نەدەبینی. کەندەڵانێکی گەورە ئەم دوو چینەی لە یەک جیا دەکردەوە، کە ئەگەر بە ڕێکەوتیش بەیەک بگەیشتنایە، وەکو تارمایی بەلای یەکدا گوزەریان دەکرد، هەرێکە و لە جیهانێکی هاوتەریبدا. ئێستاش ئەو چایخانە پەڕپووتانەم دێتەوە یاد، کە بۆنی لاتی و میزیان لێ دەهات، ئەو بازاڕانەی سوالکەر و دزەکان لە برساندا تالانیان دەکردن، ئەو منالانەی سەروکەلە و دەموچاویان پڕ بوو لە پەلەبرین و شوێن سووتاوی و لەناو خۆلدا دەگەوزان و بە لووتی چلمن و چاوی ڕیپۆقاوی و مێش تێوروکاویانەوە وەکو شێت پێدەکەنین، ئەو تاعوونە قێزەونەی لە جۆگەلە بۆگەن و سەردانەپۆشراوەکانەوە بڵاو دەبۆوە، ئەو ژنانەی بە جلە شرەکانی بەریانەوە لە دالانی ماڵەکانیاندا، بە دەنگێکی گەلێ غەمگینتر لە شین و لاوانەوە، نەفرەتیان لە هەموو شتێک دەکرد، ئەو سەگە بەرەڵایانەی

دەوروخولی زبلەکانیان دەدا و بە پیشاندانی کەلبەکانیان، ئەو برسییانەیان دوور دەخستەوە کە لێیان نزیک دەبوونەوە، ئەو پیرێژنانەی وەکو داهۆڵی فەرامۆشکراو بە دیوارەکانەوە نووسابوون، ئەو کۆڵانە تەنگەبەر و تاریکانەی لە ڕۆحی دێوانەکان دەچوون. ئا لەم شارەدا، دەستم نایە بینەقاقای پۆلیسێک، لەبەر ئەوەی بە بەرچاوی کوڕەکانیەوە زللەی لە پیاوێک دابوو. نیگای ئەو کوڕانەی و ئەو سووکایەتیپێکردنەیم لەبیر نەدەچۆوە. ئەو قۆناغە، قۆناغی دەرەبەگە گەندەڵەکان و ئەو موسڵمانە بۆرژوایانە بوو، کە بەئیتالی قسەیان دەکرد و کاتێکیش بە ئوتومبێلە کەشخەکانیان لە یەکێکیان دەدا، بۆی ڕانەدەوەستان.

ئەوە بوو وتم، "ئیتر بەسە."

هاوارم کرد، "بڕووخێ شا!"

کۆمارم دامەزراند و دادپەروەریم هێنایە دی.

لێرە، ئا لەم شارەی دەسبەرداری بەهاکانی بووە، چایخانە پەڕپووتەکانم تێک دا و کووخە پیس و چەپەڵەکانم ڕووخاند و تەلاری بەرزتر لە بورجم دروست کرد، نەخۆشخانەی پێشکەوتووم کردەوە و تازەترین ئامێرم بۆ دابین کردن. کۆگای بریقەداری جوانم بۆ دروست کردن، کە شێوەیان لە حەوزی ماسی دەچوو، گۆڕەپانی دڵڕفێن و فوارەی ئاوم لە مۆزاییک بۆ کردن، شەقامی فراوانم بۆ کردنەوە و زەوییە بەیارەکانم کرد بە کوڵ و گوڵزار تا خەون و خۆشییەکانی ژیان یەک بگرن.

ئەمە هەمووی لە سای کێدا بوو؟

لە سای منداا، من و بەس، باوکی شۆڕش و کوڕە

پیرۆزەکەی هۆزی غەوس، کە لەناوجەرگەی بیابانەوە هات تا دڵنیایی لە دڵ و دەروونەکاندا بچێنێت.

من مووسا بووم و لە شاخەکە هاتمە خوارێ، بەلام لەبریی لەوحی شەریعەتەکان، *کتێبی سەوزم*[1] بە دەستەوە بوو.

هەموو شتەکان سەرکەوتنی منیان ڕادەگەیاند.

نیشتمانپەروەرانی عەرەب، بە دەنگی بەرز ستایشی شکۆمەندیی منیان دەکرد. بە دەستی خۆم سەرکردەکانی جیهانی سێیەمم دەلەوەڕاند. سەرۆکەکانی ئەفەریقا دەهاتنە ناو کانیاوی لێوەکانمەوە. ئەوانەی ڕێگای شۆڕشیان گرتبووە بەر، تەوێڵیان ماچ دەکردم، تا نەشئەیان تیا بگەڕێ. چی ئازادیخوازی دنیا هەن، بە شانوباڵی منداا هەڵیان دەدا.

کێ بە شانوباڵی کەسێکدا هەڵنادا، کە تەختی شای ڕاتەکاند و بازی ڕاو کرد؟ سارانشینێکی خەڵکی فەززانی پیرۆز، کەسێک کە لە تەمەنی بیستوحەوت ساڵیدا بوو بە سەرۆک؟

من لاوێکی شۆخ بووم و باوەڕم بە خۆم هەبوو، توانایەکی ئەفسووناویی وەهام هەبوو، هێندە بەس بوو دەست بۆ بەردێک ببەم تا بیکەم بە بەردی فەیلەسووفان.

ئەی ئێستا چی دەبینم، منێکی پەرجووساز، کە سیحرەکەی ژنانی کەمەندکێش دەکرد؟

دوای هەموو ئەو دەسکەوت و کارە مەزنانە، چی دەبینم؟...

---

١ کتێبی سەوز: نامیلکەکەی موعەممەر قەزافییە، کە لە ساڵی ١٩٧٥دا، بڵاوی کردەوە و لە سێ بەش پێک هاتووە و تێیاندا بیروبۆچوونەکانی خۆی سەباردت بە سیستمەکانی فەرمانڕەوایی و هەندێ چەمک و ڕێبازی سیاسی دەخاتە ڕوو.

شارێک لەسەر دەستی سوپایەک لە جنۆکە تالان و فەرهوود دەکرێ، ڤێلای بێپەردە، باخچەی وێرانکراو، کۆشکی گلاوکراو، پاشماوەی ماشێنی سووتاو. تا چاو بڕ کا، وێرانە.

دروشمەکانی منیان سڕیوەتەوە و ئەو وێنانەی منیان شێواندووە، کە دیوارەکانی دەڕازاندەوە. یەکێک لە وێنەکانم بینی بە عەموودێکەوە، درێبوویان و بە پیسایی سواغیان دابوو.

ئەمەیە خۆشەویستیی میللەت بۆ سەرکردەکەی؟

ئاخۆ ئەم میللەتە بەڕاستی منی خۆش ویستووە، یان بەتەنها ئاوێنەیەک بووە و خودشەیداییە بێسنوورەکەی من تێیدا ڕەنگی داوەتەوە؟

نا، ئەم میللەتە ناتوانێ لە مندا خۆی ببینێتەوە، ئەوە منم خۆمم لەودا بینییەوە و هاواری ستایشەکانیم وەکو پارەی ڕەسیدی خۆم سەیر کرد. ئێستا بۆم دەر کەوتووە، کە: گەلی لیبیا شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە خۆشەویستی نازانێ. ئەویش وەکو هەلپەرست و ژنە دۆستەکانم درۆی لەگەڵدا کردم. من بەلای ئەوانەوە ئەو کونجییە[1] بووم، کە هەر کاتێ بیانویستایە، دەرگای گەنجم بە ڕوودا دەکردنەوە. مەراییان بۆ دەکردم تا مەشخەڵەکەیان بۆ هەڵبگرم، لە کاتێکدا لەسەر حیسابی من دەلەوەڕان. من کۆمەڵێک گەجەر و گوجەری چارەڕەشم کرد بە میللەتێکی بەختەوەر و گەشەکردوو، کەچی تەماشا کەن چۆن پاداشتم دەدەنەوە.

من لەوە دەترسام لەناو کۆشکەکانمدا خیانەتم لێ بکرێ، کەچی لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە بۆم دەر پەڕین.

---

١ کونجی، مەبەست لە (سمسم)ی حیکایەتی افتح یا سمسمە.

موقەدەم ڕاستی وت، "میللەت مێگەلە." بە پێچەوانەی منیشەوە، کە لە ژوورە داخراوەکانی خۆمدا دەژیام، تەرید ئەو پیاوە بوو، کە لەسەر زەوی دەژیا. ئەو لەناو خەلکدا ژیا، لەنزیکەوە ناسینی. دەبووایە چۆن ڕەفتارم لەگەڵ نەیارەکانمدا کرد، ئاواش ڕەفتارم لەگەڵ میللەتدا بکردایە. دەبووایە لەگەڵیاندا بەزەبروزەنگتر و وریاتر بوومایە.

نەیارەکانم خیانەتیان لە یەکتر کرد، بەڵام من میللەتەکەم خیانەتی لێ کردم.

ئەگەر بمتوانیایە بگەڕێمەوە بۆ دواوە، خۆم لە نیوەی ئەم میللەتە ڕزگار دەکرد. نیوەیانم لە ئۆردووگای کاری سەختدا زیندانی دەکرد و نیوەکەی تریشم لەسەر شەقامە گشتییەکاندا لەسێدارە دەدا، تا ببوونایە بە عیبرەت بۆ ئەوانی تر. ئەی ستالین تەنگی بە چاک و خراپ و گەورە و منداڵ هەڵنەچنی؟ کە مردیش، پێخەفی مەرگەکەیان پڕ کرد لە تاجەگوڵینە و میللەتەکەشی ئەوەندە بۆی گریان، تا لە فرمێسکی خۆیاندا نوقم بوون. کۆنیشانەی ستۆکهۆڵم،[1] باشترین ڕەچەتەیە بۆ میللەتانی هەڵگەڕاوە.

چۆن پڕکێشی دەکەن، لەپشتەوە خەنجەرم لێ بدەن؟ لیبیا لە هەموو ڕوویەکەوە قەرزاری منە. ئێستا کە ئاوا نوقمی دووکەڵ بووە، هیی ئەوەیە شایانی دڵباشیی من نییە.

---

١ کۆنیشانەی ستۆکهۆڵم: دیاردەیەکی سایکۆلۆجییە و بە مانای ئەو حاڵەتە دێت، کە تێیدا مرۆڤ لەگەڵ دوژمنەکەیدا هاوسۆز دەبێت. ناونانەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک، کە لە ساڵی ١٩٧٣دا، لە ستۆکهۆڵم ڕووی داوە و کۆمەڵێک دز دەدەن بەسەر بانقی کرێدت بانکدا و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ کارمەندەکان بەبارمتە دەگرن، کەچی کارمەندەکان وردەوردە لەگەڵیاندا هاوسۆز دەبن و تەنانەت دوای ئازادکردنیشیان بەرگرییان لێیان دەکرد.

کەواتە، ئەی نیشتمانە نەفرەتلێکراوەکە، ببە بە دووکەڵ. تۆ منالدانت زڕە و لە پشکۆی دامرکاوتەوە هیچ قەقنەسێک سەر هەڵنادا و زیندوو نابێتەوە.

قسەیەکی ئەحمەقانە هەیە دەڵێت، "بۆ ئەوەی دارستان تازە بێتەوە، دەبێ بسووتێنرێ."

قسەی هیچ!

هەندێ دارستان هەن دروست نابنەوە. وەکو کەسێک ئاوەزی لەدەست دابێت، قوربانی بە خۆی دەدات و چیی تر گیایەک لەناو خۆڵەمێشەکەیدا سەوز نابێت. دواتر ئەفسانەکە دەڵێت لیبیا لەناو قژی ڕزگارکەرێکدا لەدایک بوو، کە ئەویش لە خەونێکی باڵاوە سەری هەڵدا، لەژێر ئاسمانێکدا کە ئاهەنگی جەژنی دەگێڕا، بە ئاڵایەکی سەوزەوە کە دەشەکایەوە، هەروەها بە کتێبێکی سەوزیشەوە، کە وەکو ئایەتە پیرۆزەکان، نزاکانی خۆمم تیا کۆ کردۆتەوە. ئەو نزایانەی کە کردمن یان وەرمگرتن، لەپێناوی ئەوەی چیی تر وڵاتەکەم کە وەکو کچمی لێ هاتووە، نەبێتە نیشانەی هەورەبرووسکەی ئەهریمەنەکان و ئاگری ئاگرهەڵگیرسێنان.

لیبیا بورجی سیحر و چیای ئۆڵەمپی منە.

لێرە، لە مەملەکەتەکەی مندا، کە بچووکترینی ئەو سوڵتانانەم کە حوکمیان کردووە، هێشتا درەختەکان بۆ بانگەوازی من بەپێوەن.

لێرە، لەسەر زەمینی شاعیران و شمشێری چەماوەدا، هەر خونچەیەک کە شکۆفە دەکات، لەبەر ئەوەیە کە متمانەی بە من هەیە، هەر کانیاوێک کە لەنێو بەردەکانەوە هەڵدەقوڵێت، بۆ ئەوەیە بگاتەوە بە من، هەر بەچکە چۆلەکەیەکیش کە لە

هێلانەکەیدا دەجریوێنێت، بۆ ئەوە دەجریوێنێت تا ستایشی من بکات.

چی ڕووی دا و چی وای لە دەسوپێوەندەکانم کرد، لەپڕێکدا هەڵگەڕێنەوە و گاڵتە بە قسەکانم بکەن؟

ئای لەم بەدبەختییە!

من وەک خودایەکی باش و میهرەبان، ئەو جیهانەی دروستم کرد، لێم هەڵگەڕاوەتەوە.

١٥

ئەبوبەکر نیگەرانە و لەسەر کوشنەکە هەر گینگڵ دەدات، تاوێک سەیری ئاوێنەکە دەکات و تاوێک ئاوڕ لە دواوە دەداتەوە. دە خولەکە ئێمە بەناو کۆمەڵێک گەڕەکی چۆڵکراودا دەڕۆین: کۆگای تاڵانکراو، ئەو ماڵانەی دەرگایان لەسەر پشتە، تەلی دڕکاویی پەرژینە هەڵتەکێنراوەکان، کە بەبێدەنگی بەریەک دەکەون، پەیکەری ئوتومبێلی سووتێنراو، کە گەواهی لەسەر دڕندەییی ئەو تێکدەرانە دەدات، کە تەنانەت دار و درەختی ئەملاولای شەقامەکانیشیان شکاندۆتەوە.

دەڵێی لە شاری مردووانداین.

بە پێشەوەی یەکێک لە دەزگاکانەوە، ئاڵایەکی ڕەش وەکو نیشانەی ماتەمینی دەشەکێتەوە. ماڵاوا سیرت. تازە هیچ شتێکت وەکو جارانی لێ نایەتەوە. تازە جەژنەکانت وەکو وتاری لاوانەوەی تازێکانی لێ دێت و ئاهەنگەکانت تامی خۆڵەمێش دەدەن، بەڵام تکام وایە کاتێ لێیان پرسیت چیت لە جوانییەکەی خۆت کرد، سەرت کز نەکەیت، یان پەنجەی

تاوان بۆ ئەو دڕندانە درێژ نەکەیت، کە ئەمڕۆ دەسدرێژیت دەکەنە سەر، هەر وەڵامیش مەدەرەوە، چونکە تۆ خۆت ئەو جوانییەت شێواند.

زۆر خێرا دەڕۆین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم هەر لە شوێنی خۆماندایین، لەبەر ئەوەی دیمەنەکانی دەردەوە، دەڵێی خۆیان دووبارە دەکەنەوە. سەر شۆستەکان پڕن لە وردەشووشە و کوچکە بەرد، پەڵەی ڕەشی گەورە، کە ئاسەواری تایەی سووتاون، بەربەستی بە زەبری هێز تێکدراو، پاشماوەی لاشەی کەسانێک، کە دوای ئەوەی گوللەباران کراون، بەنزینیان پێدا کراوە و سووتێنراون. هەواکە پڕ بووە لە بۆکڕووزی ترسناکی لاشەی سووتێنراو و دەڵێی ئاماژەی کۆتاییی دنیایە.

لەو کاتەوەی قوتابخانەکەمان جێ هێشتووە، چاومان بە بنیادەمێک نەکەوتووە، جگە لە هەندێ سەگی لە شەڕ هەڵاتوو و پشیلەی سەگەردان. تاقە ئاسەواری بنیادەمێک بینیبێتمان، لاشەی سەربازێک بوو بە عەموودێکەوە بەسترابۆوە، پانتۆڵەکەی لای پێیەکانیەوە گرمۆڵە ببوو و ئەندامی نێرینەیان بڕیبوو.

فەریق لە شۆفیرەکەی پرسی، "ئەو تەپوتۆزە دوورەی دواودەمان چییە؟"

شۆفێرەکە ئاوێنەکەی ڕێک کردەوە، "جەنابی فەریق، وا بزانم دوو تۆپەکەیە. دیارە فیرقەکەی عەقید موعتەسیمە."

عەقید هەستی بە ئاسوودەییەک کرد و لەسەر کوشنەکەی دانیشتەوە. لەو ساتەدا کە ئاوڕی بۆ من دایەوە، تا ڕادەی دڵخۆشیم بزانێ بە گەیشتنی کوڕەکەم، دەنگی

تەقە هات. شۆڕشگێڕەکان بەربەستێکیان لەسەر ڕێگاکە دانابوو. ئوتومبێلەکانی پێشەوە بەرەو لای باشوور پێچیان کردەوە، کاروانەکەش بەناو هاڕەی ڕەشاشدا دوای کەوت. گوللە پیکابێکمانی پێکا و لەڕێ لای دا و پێشەکەی کەوتە ناو چاڵێکەوە. نەفەرەکانی ناوی خێرا دابەزین و بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان تەقەیان کرد، بەڵام یەکسەر کوژران.

بەرەو باشوور ملی ڕێمان گرتە بەر.

فەریق، خوودە و چاکەتێکی دامێ کە گوللە نەیدەبڕین، "وا چەرمەسەری دەستی پێ کرد."

تەقینەوەیەکی گەورە ناچاری کردین بوەستین. چەند ئوتومبێلێک لەوانەی پێشەوە، بە ڕاست و چەپدا کەوتن. ئەو ئوتومبێلە دەبڵ ئەکسلەی بە پاسەوانە نزیکەکەم بوو، گڕی گرت. موقەدەم تەرید هۆڕنێکی لێ دا و دەستی دەر کرد، تا ئاماژە بە شۆفێرەکان بدات لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بن.

بەلای ئوتومبێلە گڕگرتووەکەدا تێپەڕین. دەرگای دواوەی کەوتۆتە سەر جادە قیرتاوەکە و لاشەیەکی سووتاویشی لاوەیە. نەفەرەکانی ناوەوە، هەر بە کوشنەکانیانەوە سووتاون و مردوون.

فەریق هاواری کرد، "ڕێگاکە بە مین چێنراوە."

مەنسوور وتی، "مین شوێنەکەی چاڵ دەبێت، بەڵام ئوتومبێلەکە لە جێی خۆیدایەتی. ئەمەش مانای وایە بۆردومانی فڕۆکەیە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان."

ئوتومبێلەکەی موقەدەم تەرید، چووەتە پەنا ئوتومبێلەکەی پێشەوەی کاروانەکە. دەیبینم داوا لە شۆفێرەکە دەکات خێراتر بڕۆن، ئینجا ڕێی بە دوو ئوتومبێل دا بڕۆن و پاشان هاتەوە

شوێنەکەی خۆی لە بەردەم زرێپۆشەکەی مندا.

لەدوامانەوە، بە هۆی بەیەکداچوونی ئوتومبێلەکان، یاخود بە هۆی لەکارکەوتنی یەکێکیانەوە، بەشێک لە کاروانەکە وەستاون، بەشەکەی تریش هەوڵ دەدات هەرچۆنێک بووە پێشیان بدەنەوە و بە ئێمە بگەنەوە.

مەنسوور دەستی دەخاتە سەر ئەژنۆم، تا وردم بداتێ.

پێم وت، "دەستت لادە. دەستم تێوە مەدە. ئێستاش هەڵوێستەکەی دوێنێ شەوتم بیر نەچۆتەوە."

دەستی نەکێشایەوە و گوشارێکی کەمێک زیاتری خستە سەر ئەژنۆم.

"برا و مامۆستا و سەرکردەم، موعەممەر، ئێمە دەمرین. کە وا بێت، ئیتر بۆچی لەسەر شتێکی هیچ، بە دڵێکی زویرەوە لە یەکتر جیا بینەوە؟"

فەریق بەسەریدا هاواری کرد، "لەم شارە زەردەواڵەیە ڕزگارمان دەبێت، خوامان لەگەڵە."

مەنسوور هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی، "ئەبوبەکری بەسزمان، خوا هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە، ئەو ئێستا لەگەڵ تەردفەکەی ترداید و بەتەنها چاوی گریانی بۆ ئێمە هێشتۆتەوە."

سیخورمەیەکم پیا کێشا" تا بێدەنگی بکەم:

"بەسە هەی بایەقوش."

دواودەمان تێکە و لێکەیە. هەندێ لە ئوتومبێلەکان بە پێچەوانەی ئاقارەکەمانەوە ڕۆیشتن، هەندێکی تریان لە شەقامەکاندا بەملاولادا پەرتەوازە بوون. دەنگی تەقینەوەکان، کە پێشتر ناوبەناو بوون، ئێستا زیاتر بوون.

"فەریق، هێرشمان کراوەتە سەر؟"

"بڕوا ناکەم، سەرۆک."

مەنسوور ڕوونی کردەوە، "سەربازەکانمان ترساون و لەبەر ئەوەی نازانن چ باسە، کوێرانە بە ڕاست و چەپدا تەقە دەکەن. بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، یەکتری دەکوژن."

موقەدەمیش سەیرێکی ئەو بێسەروبەرییەی کرد، کە دووچاری یەکەی دووەمی کاروانەکە بووبوو، پێچی بە ئوتومبێلەکەی کردەوە، تا ڕیزەکە ڕێک بخاتەوە، بەڵام سەرنجی دا، تا دێت دۆخەکە خراپتر دەبێت، بۆیە هاتەوە پەنا ئێمە و بە شۆفێرەکەی وت، کە دوای بکەوین.

گەیشتینە فولکەیەک و بە پێچەوانەوە سووڕاینەوە، تا بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی بۆردومانەکە ئوتومبێلەکەی پێکا. ڕێگایەکمان گرتە بەر، کە گەیاندینیە ڕاڕەوێکی ڕووخاو. فەریق وتی، یەک لەسەر سێی کاروانەکە، سەرگەردان بوون. ئاوڕم دایەوە تا لەوە دڵنیا بم، بەتەنها بیست ئوتومبێلێکم بینی، کە بە خەتێکی خوار و خێچ دوامان کەوتبوون.

"فەریق، دەبێ ئەم بێسەروبەرییە ڕێک بخرێتەوە، ئەگینا تێدەکەوین و تووشی بەڵایەک دەبین."

ئاماژەی کرد و پێی وتم، "لە نزیکمانەوە بارەگایەکی سەربازی هەیە."

"کەواتە با بڕۆین."

پێش ئوتومبێلەکەی موقەدەم کەوتین، تا بۆ بارەگاکە ڕێنماییی بکەین، بەڵام سەیرمان کرد چواردەوری بە میلیشیا گیراوە و بە ڕەشاشی ١٢،٧ ملیم و بە قازیفە پێشوازییان لێ کردین. بە سەرلێشێوانێکی تەواوەوە و بەپەلە گەڕاینەوە.

ڤرەڤرێکیش لە سەرمانەوە کەڕی کردین. هەر کە سەرم هەڵبڕی، تا ئەو دوو فڕۆکەیە ببینم کە وەکو تیرەستێرە تێدەپەڕین، ئەوەندەم زانی دوو گوللەقازیفە بەر ڕیزەکەمان کەوت. ئوتومبێلەکانی دواوەمان وەکو دەمەرقاچانی چینی، یەک بەدوای یەکدا تەقینەوە. قۆڵێکی سووتاو بەر جامی پێشەوەی ئوتومبێلەکەی من کەوت. کاروانەکە لە ڕێی خۆی لای دا. هەندێکیان ئوتومبێلەکانیان جێ هێشت و بۆ خۆڕزگارکردن هەڵاتن.

کۆمەڵێک قەدی دار لەسەر ڕێگاکە دانرابوون، لەبەر ئەوە بە شەقامەکەی تەنیشتیدا ڕۆیشتین.

مەنسوور بەسڵێکەوە وتی، "لەوە دەچێت بۆسەیان بۆ نابینەوە. با بگەڕێینەوە."

ئەبوبەکر وتی، "بۆ کوێ؟"

"بۆ ئوتێل مەهاری."

"ئەمە سەرکێشییەکی گەورەیە."

"باشترە لەوەی مل بەرەو شوێنێک بنێین، کە نازانین بۆ کوێمان دەبات."

لەپڕێکدا ئوتومبێلەکەی موقەدەم تەرید وەستا.

تازە کار لە کار ترازابوو. نەیدەتوانی خۆی لە بەربەستە دداندارەکان لا بدات، کە بە هەموو ڕێگاکەدا بڵاو کرابوونەوە، بۆیە بەسەریدا کەوت. ئوتومبێلەکەی منیش بەر ئەوەی ئەو کەوت. شۆفێرەکە و فەریق بەتوندی بەر ئێرباگەکە کەوتن. مەنسوور دەرگاکەی کردەوە و بازی دایە سەر ئەرزەکە و یەکسەر دووانی لەو یاخییانە کوشت، کە پێکدادانی ئوتومبێلەکان وای لێ کردن بێن. منیش دەستم دایە

کلاشینکۆفەکەم و لە ئوتومبیلەکە دابەزیم.

شۆفێرەکە کە هێشتا لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکەدا بوو، یارمەتیی فەریقی دا، تا لەو داوە دەری بکات.

کوێرانە دەستمان بە ڕاکردن کرد. سەربازەکانیشم بە هەمان شێوە، کوێرانە بە ڕاست و چەپدا دەستیان بە تەقە کرد. ناوچەکە پڕە لە یاخیبووەکان. گەمارۆ دراوین. لە کۆلانەکانەوە دەنگی پێکداهەڵپژان و هاواری "ئەڵڵاهو ئەکبەر" دەهات و لەگەڵیشیدا دەنگی یەکبینەی ڕەشاش. یەکەی سێیەمی کاروانەکە، کە کوڕەکەم سەرکردایەتیی دەکرد، ویستیان ڕیزەکانی یاخیبووەکان ببڕن و پێمان بگەن، بەڵام گوللەقازیفەکان ناچاریان کردن لە جێی خۆیان ڕابوەستن. تۆپەڵی ئاگر و پۆڵا فیرقەکەمی لەتوپەت کرد. مەنسوور دیار نەما. دەموچاوی موقەدەم تەرید لە خوێن گەوزاوە. ئاماژەی بۆ کردم، سەرم دانەوێنم و بەپەنا دیوارەکەدا بڕۆم، تا دەگەمە لای ئەو. پاسەوانەکانم دەورمیان گرت. نزیک ئێمە و لە بەری ئەوبەری دیوارەکەوە، پیکابێک تۆپێکی قورسی لێ بەستراوە و ئەو ناوە تۆپباران دەکات، غازەکەی کە بڵاو دەبێتەوە، هەناسەی بنیادەم سوار دەکات، بۆیە قورگم دەبرژێتەوە. تەرید نیشانەی لە کابرای سەر تۆپهاوێژەکە گرتەوە و تەقەی لێ کرد و کەللەسەری پەڕاند. دەوری پیکابەکەمان دا و بە دوو نارنجۆک تەقاندمانەوە. شۆفێرەکەم بینی، چۆن لەناو پیکابەکەدا لوول بوو و ئاگر لرفی دا.

لای چەپمانەوە نزیکەی پەنجا سەرباز ڕووبەڕووی فیرقەی یاخیبووەکان بوونەتەوە و بەریان لێ گرتوون، تا لێمان نزیک نەبنەوە. موعتەسیمی کوڕمم بینی،

سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنەکانی دەکرد. ئەویش منی بینی و بە دەستی ئاماژەی بۆ کردم، کە لە شوێنی خۆم نەجووڵێم. یاخیبووەکان هەوڵیان دا دەورمان بدەن و ئەو ڕێگایەمان لێ ببڕن، کە بەرەو گەڕەکێک دەچێت. ئاگربارانی یەکتر توندتر دەبێت و گوللەهاوەن بە سەرماندا دەبارێت، تا ناچارمان بکەن لەو جێیە دەر چین. یەکێک لە گوللەهاوەنەکان، سی مەترێک لەولامانەوە دای بە ئەرزدا. نەتەقییەوە. دواجار موعتەسیم توانیی خۆی بگەیەنێتە لام. بینینی بەسەلامەتی خۆشحاڵی کردم، بە جۆرێک کە ئاگام لەو قەنناسە نەما، کە ڕێک لەوبەرمەوەیە. گیزەی گوللەیەک کە بە پەناگوێمدا هات، ناچاری کردم خۆم بدەم بە زەویدا.

کوڕەکەم وتی، "دەبێ لێرە دەر چین. فیرقەیەکم نارد بۆ خوارەوە، تا هێرشکەرەکان مەشغوڵ بکەن، بەڵام لەوە ناچێت لە سەعاتێک زیاتر بەرگە بگرن، لە کاتێکدا بەردەوام هێزی یارمەتی بۆ یاخیبووەکان دێت. کەمێکی تر کۆمەڵێک دەبابەیان پێ دەگات و چواردەوری ئەم ناوچەیە دەگرن و هەموو ڕێگاکان دەبەستن. با بەرەو باوور بکشێینەوە. تاقە دەروە لە بەردەمماندا مابێتەوە."

ئەو قەنناسبەدەستەی خۆی شاردبۆوە، لە جێی خۆماندا چەقاندینی. نەماندەتوانی سەرمان بەرز بکەینەوە. موعتەسیم دوو پاسەوانی لەگەڵ خۆیدا برد و چوونە ناو باخێکەوە. نارنجۆکێک تەقییەوە، بە دوایدا تەقەکردنەکەی ئەوبەر وەستا. موعتەسیم هاتەوە، بەڵام بە پاسەوانێکەوە، ئەوی تریان کوژرابوو.

خێرا ویستمان خۆمان بگەیەنینە ساختومانێک، کەچی

بەر لەوەی بیگەیەنێ تەقییەوە، بۆیە بەپەلە لەژێر ڕەحمەتی گوللەهاوەندا گەڕاینەوە. چەند سەربازێک ئاماژەیان بۆ کردین بەرەو ڤێلایەک دوایان بکەوین. فەریق قاچی وەر گەڕا، پاسەوانێک یارمەتیی دا تا ڕابکات. ڤێلاکە پەنجا مەترێک دوورە، بەڵام دەڵێی وا لەوسەری دنیا. موعتەسیم پێش خۆیم دەخات. هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە ڤێلاکە، بەڵام دوای ئەوەی دوو سەربازمان لێ کوژرا. یاخیبووەکان شوێنەکەمانیان کەشف کرد. کۆمەڵێک لۆریی پڕچەکیان بەرەو ئەو جێیە نارد، کە بۆی کشاینەوە. سەربازەکانمان، کە لە باڵکۆنەکاندا دەیانویست بمانپارێزن، بە جۆرەها چەک درانە بەر تەقە. چووینە ناو ئەو ڤێلایەوەی بە هاوەن گوللەباران دەکرا. پەنجەرەکان تێکوپێک دراون، دیوارەکان بە گوللە بێژراون. بارانی گوللەهاوەن پەناگەکەمانی کرد بە دۆزەخ. بیناکە پڕ بوو لە تۆز و دووکەڵ و هاوار. کابرایەک لە پلیکانەی سەرەوەی قادرمەکە بەملاولادا دەکەوێ، قۆڵی لێ بۆتەوە و دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاوە. لەپڕێکدا بەلادا هات و تا دواپلەی قادرمەکە بەتەپاوتل کەوتە خوارەوە، دوو هەنگاو لێمەوە دوور بوو، بە ناوچەوانێکی گرژەوە تەماشایەکی منی کرد و ڕۆحی دەر چوو و هەردوو چاوی دەر پۆقین.

یاخیبووەکان تەواو نزیک بوونەتەوە، هەندێکیان بە دیواری حەوشەکەدا هەڵگزاون و هاتوونەتە ناو باخچەکە. پاسەوانەکانم بە ڕەشاش تەقەیان لێ دەکەن.

موعتەسیم پێی وتم، بیناکە خۆی لە بەر ئەو گوللەهاوەنانە و ئەو ڕەشاشە دژەفڕۆکانەدا ڕاناگرێت و دەبێ بڕۆین و چۆڵی بکەین.

"دەڕۆم کەشفێکی شوێنەکە دەکەم، لەو لایەی ترەوە هەندێ شوانم بینی. خۆتان ڕاگرن تا دێمەوە."

ئاماژەی بۆ سەربازێک کرد، کە لەگەڵیدا بڕوات و لە دەرگای ژووری خزمەتکارەکانەوە چوونە دەرێ. دوای ئەوە نەمبینییەوە. پاش چەند خولەکێک، دوو سەرباز لە دەستەکەی هاتنەوە. یەکێکیان پێی وتم، "عەقید بریندار بوو."

"ئەی جێتان هێشت؟"

"گەورەم نەماندەتوانی هیچ شتێک بکەین، کە ویستمان فریای بکەوین، شەش کەسیان لێ کوشتین، بۆیە یاخیبووەکان بەدیل گرتیان."

ئیتر ئارەزووی چاوەڕێکردنی هیچ شتێکم نەما. هەموو شتەکان ناشرین و شێواو و بێهوودە هاتنە بەرچاوم. ئیتر جیاوازی چییە لەنێوان ژیان و مردندا؟ کوڕەکەم کەوتۆتە دەست ئەو درندانە. جەسارەت ناکەم بە خەیاڵیش ئەو چارەنووسە بهێنمە پێشچاوی خۆم، کە لەسەر دەستی ئەوان چاوەڕێیەتی. تووڕەییەکی شێتانە گرتمی. فەریق زانیی، کە ئیتر وا خەریکم بەرامبەر هەموو شتەکان بێباک دەبم، شەڕ، بەردنگاری، هەڵاتن. قۆڵی گرتم و بەدوای خۆیدا بەرەو دەرگای ژووری خزمەتکارەکان بردمی. منیش لەناکاودا و بێئاگایانە و بێباک لەوەی هەرچییەکم بەسەر دێ، دەستم بە ڕاکردن کرد. تەنانەت ئاگام لەو تەقانەش نەمابوو، کە لەدواوە لێمان دەکران.

ئەوەی هاتە بەرچاوم لە کێلگە و دەشتایی دەچوو. قەیتانی خوودەکەم پچڕا و کەوتە سەر زەوی. هەڵم نەگرتەوە. ئەوەندەم زانی هەر ڕادەکەم و سنگم خەریکە گڕ دەگرێ و

دڵم خەریکە دەتەقێت.

لە کێڵگەیەکی چۆڵدا، چەند یاخیبوویەکمان لە پێشمانەوە بینی. پاسەوانەکانم منیان لەپشت بەرزاییەکەوە شاردەوە. گوللە بێ ناوبڕ، وەک باران بەسەرماندا دەبارێت. یەکێک لە پاسەوانەکانم، دوای ئەوەی قۆڵێکی لێ بۆوە، بە پشتدا کەوت. ئەو نارنجۆکەی فڕێی دا، بەر لەوەی بتەقێتەوە، بەر شوورەکەی بەردەممان کەوت و گەڕایەوە و لە ناوەڕاستی فیرقەکەماندا تەقییەوە. هەندێ پریشکی بەر فەریق کەوت، ئەوەتا ئێستا لەولامەوە کەوتووە و هەموو ناوسکی هاتۆتە دەرێ. وێستی شتێکم پێ بڵێ، بەڵام نەیتوانی. ڕەنگی دەموچاوی بوو بە خۆڵەمێشییەکی تۆخ و دەمی ڕەق بوو. وا بزانم مرد.

هەموو شتەکانی ئەم سەر زەوییە سەرەتا و کۆتاییان هەیە. ئەمە ڕێسایە.

هەمیشە خاڵم بۆ دڵدانەوەی خۆی دەیوت، "ژیان هیچ نییە، جگە لە خەونێک کە مەرگ زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ لێدەدات. گرنگ نییە چی لەگەڵ خۆماندا دەبەین، گرنگ ئەوەیە چی لەدوای خۆمانەوە جێ دێڵین."

هەڵسام چاکەتە گوللەنەبڕەکەم داکەند و فڕێم دایە سەر ئەرزەکە، تفەنگەکەشم دانا و کەوتمە ڕاکردن بەناو کێڵگەکاندا و دووعام دەکرد چەند گوللەیەکم بەر بکەوێ و تووڕم دا، دوور، زۆر دوور لە دنیای ئەم سووک و ڕیسوایانە.

لەپڕێکدا بۆرییەکی گەورەم دی، لەو بۆرییانەی بۆ پەنگ نەخواردنەوەی بارناو دروست کراون. نازانم بۆچی ئەوەم هەڵبژارد، تا خۆمی تیا بشارمەوە.

١٦

کەسانێک زۆر بەخێرایی نزیک بوونەوە، بەلای ئەو شوێنەدا تێپەڕین، کە من خۆم تیا شاردبۆوە و دوور کەوتنەوە. هەردوو دەستم دەلەرزن، ئەژنۆکانم خەریکن دەشکێن. ڕاکردنەکە هێزی تیا نەهێشتووم. لەناو تاریکییەکەدا خۆم گرمۆڵە کردووە و هەست بە گێژی و هێڵنج دەکەم. دڵم وەها توند لێدەدات، کە دەترسم ئەو درندانە گوێیان لێی بێت و بە هۆیەوە بێن و بمدۆزنەوە. شەرم دەکەم لەوەی بووم بە نێچیر، من، موعەممەر قەزافی، منی دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتە زلهێزەکان. شەرم دەکەم لەوەی لە دەست ئەو گەجەروگوجەرانە هەڵاتم و بە کێڵگەکاندا ڕام کرد. شەرم دەکەم لەوەی خۆم لەناو بۆریی ئاودا شاردۆتەوە، منێک کە لەسەر مینبەری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پەنجەی هەڕەشەم لە سەرۆک و پادشاکان بەرز دەکردەوە.

حەزم دەکرد بگریم، بەڵام فرمێسکم نەدەهات. حەزم دەکرد بچمە دەرەوە و هاوار بکەم، "من لێرەم." کەچی لەگەڵ

ئەوەشدا، نەمدەویرا بەحاڵ بجووڵێمەوە. ئەو ئازایەتییەی جارانم گوزەشت، ئێستا ئەو دڵڕفێنییە کوشندەیەی جارانم جگە لە حیکایەتێکی کۆن هیچی تر نییە.

من وام دەزانی کۆتاییەکی پرشنگدارم دەبێت. هەندێ جار کە بیرم لە مردن دەکردەوە، خۆم وا دەهاتە پێشچاو کە لەسەر پێخەفێکی شاهانە درێژ بووم و ماڵ و منال و دەسوپێوەندە بەوەفاکانم لەدەورم کۆ بوونەتەوە. وا دەهاتە پێشچاوم، کە لاشەکەم لە کۆشکی سەرۆکایەتیدا و لە ناوەڕاستی ئالا و تاجەگوڵینەدا دادەنرێ و چواردەورم پاشا و بەرپرسی گەورەی فەرمییە، کە لە وڵاتانی دەرەوە بە وەفد هاتوون و بەبێدەنگی و بەڕێزەوە، لە بەردەمی جەنازەکەمدا چەند خولەکێک بەپێوە ڕادەوەستن. ئەو جەنازەیەی کە بە گوڵ داپۆشراوە و لەسەر گالیسکەی تۆپێکە کە بە ئالا پێچراوە و بە شەقامەکانی تەرابلوسدا دەیگەڕێنن و ملیۆنەها خەڵکی خەمبار دوای دەکەون. ئینجا لەو گۆڕستانەی کە جێی ئەو خەڵکەی تیا نابێتەوە، گوێم لە ئیمامەکان دەبێت، ئەو سوورەتانە دەخوێننەوە کە ئاسوودەیی بە ڕۆحم دەبەخشن، لە کاتێکیشدا بەدەم شین و فیغانی میللەتەکەمەوە، خۆڵ دەدەنەوە بەسەر لاشەکەمدا. سەدان تۆپ دەتەقێنرێ تا، بە هەموو جیهان ڕابگەیەنرێ کە موعەممەر، سەرۆکە جاویدانەکە مرد.

بەهەڵەدا چووبووم.

دەبووایە بە قسەی هۆگۆ شاڤیزم بکردایە، پێشنیازی پەناهەندەیی بۆ کردم. وا نەبووایە ئێستا لە ڤێنزوێلا دەبووم و لەبریی ئەوەی لە چاڵێکدا چاوەڕێی جەللادەکانم بکەم،

لەوێ باقیی تەمەنم بەسەر دەبرد. باشە من بۆ ئەمەندە دەبەنگ بووم؟

لەنێوان خۆ بەگەورەزانین و ئەقڵدا دژایەتی هەیە. کاتێ حوکمڕانیی میللەتێک دەکەین، ئیتر لەناو دنیای خەونەکانماندا خۆمان لەبیر دەچێتەوە و لە واقیع دوور دەکەوینەوە، بەڵام حوکمڕانیی چیمان کرد؟ لەپێناوی گەیشتن بە چیدا؟ بە دەسەڵات؟ دواجار دەسەڵات سووکایەتییە: وەهمی ئەوەمان لا دروست دەبێت، کە هەموو شتێک دەزانین، بەڵام بۆمان دەر دەکەوێ کە هەموو ئەو شتانەی دەیانزانین، هەڵەن. کەچی لەبریی ئەوەی چاو بە خۆمان و بەو شتانەدا بخشێنینەوە، کەللەڕەقی دەکەین و سوور دەبین لەسەر ئەوەی، کە *شتەکان وا ببینین وەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێ.*

هەموو توانامان دەخەینە گەڕ، تا مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانەشدا بکەین، کە تەنانەت بە خەیاڵیش ئەستەمن و خۆمان بە کۆمەڵێک هەواوهەوەسەوە دەبەستینەوە، بەو بڕوایەوەی کە ئەگەر دەسبەرداریان بین بەرەو دۆزەخ خلۆر دەبینەوە. بەڵام ئەوەتانێ من وا خلۆر دەبمەوە، لەبەر ئەوەی دەسبەرداری ئەو شتانە نەبووم.

بەهەناسەسوارییەوە، سەیری ڕووناکیی کۆتاییی تونێلەکە دەکەم.

نامەوێ بیر لە کوڕەکەم بکەمەوە، یان لەوەی خۆم چیم بەسەر دێ. دەمەوێ مێشکم لە هەموو شتێک بەتاڵ بێتەوە. مەحاڵە بتوانم لەناو ئەم گێژاوی خەمانەدا، شوێنی خۆم دیاری بکەم.

خولەکەکان تێدەپەڕن.

گوێم لێیە دەنگی ڕەشاشەکان قایمتر دەبێت، دەنگی هاوەنەکان لەگەڵ دەنگی نارنجۆکە دەستییەکاندا تێکەڵ دەبن، هەروەها دەنگی ئوتومبێلەکان، کە دێن و دەچن و جیرەی تایەکانیان دێت.

من تەنیام.

من لەم دنیایەدا تەنیام.

ئەو فریشتانەی پاسەوانییان دەکردم دەسبەردارم بوون، هەروەها ئەو ئەستێرەناسانەش کە پێشبینیی هەزاران سەرکەوتنیان بۆ دەکردم، بەرامبەر بەوەی چەند سفرێک بخەمە سەر چەکی پارەکانیان.

دەسوپێوەندەکانم کوان؟ ئەی ژنە جەنگاوەرەکانم کوان؟ کوان ئەوانەی بێ هیچ قەید و شەرتێک دوام دەکەوتن، ئەوانەی لە بەرچاوی خەڵک بە چەپۆک لە خۆیان دەدا، تا دڵسۆزیی خۆیانم بۆ ئاشکرا بکەن...؟

لە چاوتروکانێکدا بوون بە هەڵم! لەناو سروشتدا ون بوون. ئاخۆ ئەوانە هەر بوونیان هەبووە؟ ئەی میللەتەکەم، کە جاران لە هەموو شتێکدا پشتیوانیی دەکردم، چ لە خۆشی و چ لە ناخۆشیدا، ئەو میللەتەی سوێندی خوارد، "دەنگەکە"ی ناو ناخم بۆ کوێم ببات، ئەوانیش دوام دەکەون، ئاخۆ سبەینێ لەسەر گۆڕەکەم چی دەکەن؟

میللەتەکەم هەر لە سەرەتاوە درۆی لەگەڵ کردم، لەو بەیانییەوەی کە لە ڕادیۆی بەنغازییەوە شکاندنی کۆتوپێوەندەکانی و گەڕاندنەوەی شکۆمەندیم ڕاگەیاند. هەرگیز میللەتەکەم خۆشی نەویستووم. ئەوانە هەر خەریکی مەرایی بوون، بۆ ئەوەی چۆن لەگەڵ دەربارییەکانم و

کەسەکانم و کەنیزەک و ژنە دۆستەکانمدا دەسکراوە بووم، لەگەڵ ئەوانیشدا دەسکراوە بم.

دەبووایە گومانم بکردایە، فەرمانڕەوا هاوڕێی نییە، هەر دوژمنی هەیە، کە لەپڕێکدا پیلانی لێ دەگێڕن، یان خەڵکانێکی هەڵپەرست، کە وەکو مار بە سنگی خۆیانەوە دەیاننووسێنێت، تا گەرمیان بکاتەوە.

دەبووایە گوێم لە باسم تانووتیش بگرتایە، ئەو شاعیرە لیبیاییەی ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر لە لەندەن ناسیم، کاتێ لە هێزە سەربازییەکانی بەریتانیادا، خولێکی مەشقکردنم دەبینی. مرۆڤێکی ئازاد بوو، وەکو پێکەنینی منداڵیش جوان و ڕاشکاو بوو. لە تاراوگە دەژیا و نیشتمانەکەی بریتی بوو لە کۆمەڵێک کتێبی کۆن و تۆپەڵێک کاغەز، کە شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی تێیاندا دەنووسی.

بە ڕۆژێک دوای کودەتاکە هاتەوە بۆ وڵات و یەکتربینینەکانمان زۆر بوون. لە ساڵانی سەرەتای حوکمڕانیمدا، هەموو ڕۆژێک دەهات بۆ ماڵەوە بۆ لام. دواتر سەردانەکانی کەمتر بوونەوە، تا وای لێ هات ئیتر نەمدەبینی. داوەتنامە فەرمییەکانمی ڕەت دەکردەوە و وەڵامی نامەکانمی نەدەدایەوە. منیش وام زانی تووشی شتێک بووە، بۆیە هەڵمەتێکم بۆ گەڕان بەدوایدا دەست پێ کرد. ئیتر ئەوە بوو شەوێکیان هێنایان بۆم. ڕواڵەتێکی نارێکی هەبوو، کە گوزارشتی لە گەوهەری نەدەکرد. وەکو جلەکانی بەری شلوشێواو بوو، بۆنی مەشروبەکەشی چەند میلێک دەڕۆیی، هەر ئەوە بوو وەکو موعتادەکان نەدەلەرزی. لێم پرسی، ئاخۆ کێشەیەکی هەیە، لە وەڵامدا وتی: "کێشەکەی من تۆیت،

تۆ نائومێدم دەکەیت موعەممەر،" چونکە مەست بوو، بە زمانێکی لەخۆباییانەوە پێی وتم، "تۆ بە دەستی چەپی خۆت ئەو شتە وێران دەکەیت، کە بە دەستی ڕاستت بنیاتت ناوە. باوەڕ بە هاتوهاواری میللەتەکەت مەکە. میللەت گۆرانییەکەی فریودەرە، کەفەکولیشی موعتادبوونێکی نەگریسە. ئەوە گەورەترین خەوشی "من"ێکی تەواو خۆبەگەورەزانە و ونبوونی بەرنامەدارێتی."

قسەکانی بە ڕادەیەک بریندارییان کردم، کە دەرم کرد. بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، ئەو ڕەخنانەی ببوون بە مەراقم. بۆ ئەوەی لەو مەراقەش ڕزگارم بێت، فەرمانم دا ئەو شاعیرە زیندانی بکەن.

دوای سێ ڕۆژ لە گرتنەکەی، یەکێک لە پاسەوانەکان کە چووبوو بۆ لای، بەهەڵواسراوی لە زیندانەکەیدا بینیبووی و وەکو وەسیەتنامەیەکیش، چوارینەیەکی خەییامی لەسەر دیوارەکە نووسیبوو. ئێستا کە بیر لەم ڕووداوانە دەکەمەوە، هاوار و ستایشەکانی دوێنێ گۆڕان بۆ هاواری لەناوبردنم، ئێستا بۆم دەر دەکەوێ کە باسم تانووت تاقە هاوڕێی ڕاستەقینەم بوو، کە قەدرم نەزانی.

هەندێ کەسی تریشم دێنەوە یاد. هەموویان کاتێ بە حەوشەکەی ساختومانی سزای کاری سەختی سەپێنراودا دەڕۆیشتن، بە هەزار حاڵ دەیانتوانی هەنگاو بنێن. هەمان نیگام لە چاویاندا دەخوێندەوە، نیگای کەسێک کە بلیتی سەفەرێکی بێگەڕانەوەی پێیە. ئەویان وەزیر بوو و چارەنووسی بە پەتی سێدارە کۆتاییی هات. ئەمیان لادەر بوو و لەژێر ئەشکەنجەداندا مرد. کەسانێک بە کۆمەڵ

لەناو زیندانەکانمدا بۆگەنیان دەکرد، لەبەر ئەوەی جێی متمانە و بەزەییم نەبوون. ئەمانە هەموو بوون بە دوژمنم. شایانی ئەوە بوون، کە بەسەریاندا هات، بەڵام ئەی میللەت، میللەتەکەی خۆم، ئەو قەوارەیەی بە هەزار ژان هێنامە بوونەوە و لە هەرچی وتارمدا هەیە، بە شان و باڵیدا دەهاتم و لەناو گەلانی دنیادا پێگەیم بەرز ڕادەگرت، چ ئەهریمەنێک چووە بنکلێشەیەوە، وا لە شەو و ڕۆژێکدا لێم هەڵگەڕایەوە و هەرچییەکم بۆ کردن، لە بەرچاویان نەبوو، بڕیاری دا لەسەر هەمان بنکەی، کە بۆ سەرەوە پێی بەرز کردمەوە، بە هەمان شێوە لەسێدارەم بدات؟

من پەشیمان نیم لەوەی، کە لە سزادانمدا دڵڕەق بووم، چونکە ئەوە هەم ڕەوا بوو و هەم پێویست بوو.

سەرکردە ئەگەر هەڵگری پەیامێکی خودایی بوو و بەتەواوی بەرپرسیارێتیی وڵاتەکەی گرتبووە ئەستۆ، ڕووی خۆی وەر ناگێڕێت تا زللە لە ڕوومەتی چەپیشی بدەن[1]. بگرە بە پێچەوانەوە، ئەگەر سوور بێت لەسەر ئەوەی بە باشترین شێوە ئەرکەکانی خۆی بەجێ بێنێت، دەبێ ئەو دەستە ببڕێتەوە کە بۆی درێژ دەکرێ، تەنانەت ئەگەر دەستی باوکی خۆیشی بێت. لەم لایەنەوە هەست بە ئاسوودەیی ویژدان دەکەم و بەوەی کە ئەرکی خۆمم ئەنجام داوە. ڕاستە چەندان خێزانم بەبێهوودە کوشتووە و ئەشکەنجە داوە و تۆقاندوومن و دەرم کردوون و قڕم تێخستوون، هیچ چارێکی ترم نەبوو، بەڵام ئازاری خەڵکانی بێگوناهم نەداوە. بەتەنها

---

١ ئاماژەیە بۆ قسەکەی مەسیح، کە دەڵێت "گەر زللەیەکیان لە ڕوومەتی ڕاستت دا، ڕوومەتی چەپیشتیان بدەرێ."

سزای گوناهباران و خائینان و سیخوڕەکانم داوە. ئامادەم لەودنیاش ڕووبەڕووی ئەوانە ببمەوە و ناچاریان بکەم سەر شۆڕ بکەن، لەبەر ئەوەی هەڵە بوون... ئەی میللەتەکەم، ڕووی ئەوەیان دەبێت لە حزووری خوادا چاو ببڕنە چاوم؟ دەبێ چ وەڵامێکی خوا بدەنەوە، کاتێ پێیان دەڵێت، "بۆچی واتان لە کەسێک کرد، کە هەڵبژێردراوی من بوو؟"... بێگومان هیچ وەڵامێکیان پێ نابێت و ڕووی ئەوەشیان نابێت چاو ببڕنە چاوم. دە با پەشیمانی بچێت بۆ دۆزەخ، وەختێ دەبێتە مایەی نەفرەت. ئەوەی شەق لە بەختی خۆی هەڵدا، شەق لە هەموو دەرفەتەکان هەڵدەدات. تازە لیبیا لەمڕۆ بەدواوە، ڕۆژی ڕووناک بە خۆیەوە نابینێت. مادام شەوەزەنگ دەبێت بە چارەنووسی، تازە چیی تر و لە هیچ کوێ خۆر نابینێت.

لەپڕێکدا تەقەتەقێک دەبیستم... چەند بەردێک لەناو چاڵەکەدا خل دەبنەوە، پاشان سێبەرێک لە خەرمانەی سپیی کۆتاییی تووڵەکەدا دەر دەکەوێ. لەپێشدا تفەنگێکم بینی و ئینجا سەری کەسێک کە نوشتایەوە... "ئەوەتا لێرە! دۆزیمەوە! ئەوەتانێ لێرە، جەنابی موقەدەم..." دەنگی ڕاکردن دێت. چەند یاخیبوویەک باز دەدەنە ناو تووڵەکەوە و لوولەی تفەنگم ئاڕاستە دەکرێ. ناوێرن زۆر لێم نزیک ببنەوە و بە دوودڵی و سەراسیمەییەوە، کەمێک دوور لێمەوە دەوەستن.

یەکێک بە جلی کۆماندۆزە چەتربازەکانەوە دابەزییە خوارێ.

"کوانێ؟"

"گەورەم، ئەوەتانێ لە ناوەوە، خۆی گرمۆڵە کردووە، بە دەستەچەپدا."

موقەدەم کڵاوەکەی لا برد و بەبێدەنگی لێم ڕاما و هاواری کرد، "بڕوا بە چاوی خۆم ناکەم. ئەمە تۆیت یان ئەو کەسەی کە لە تۆ دەچێت؟"

هەنگاوێک هاتە پێشەوە، هەنگاوێکی تر، وەکو ئەو کەسانەی لە کێڵگەکاندا مین پووچەڵ دەکەنەوە، سڵ دەکاتەوە.

دەترسێ زیاتر نزیک بێتەوە، سەری دادەنەوێنێت وەک کەسێک تووشی سەرسوڕمانێکی قووڵ بووبێت. کاتێکی دەوێت، تا بزانێ ئەو دیمەنەی دەیبینێت ڕاستە و وڕێنە ناکات.

هاواری کرد، "نا، خۆیەتی، موعەممەر قەزافییە. هەر ئەوە وەکو جرجێک کۆتاییی دێت... جرجی زێرابەکان."

لە دوایەوە هاوار دەکەن، "قەزافییە... قەزافی..."

موقەدەم هەردوو باسکی کردەوە، "ئەم دیمەنە بە هیچ شتێکی دنیا ناگۆڕمەوە. ئای لەم دیمەنە! ئای لەم ورەیە! ئەو پیاوەی سواری پشتی هەورەکان دەبوو، ئەوەتانێ وا لەناو بۆریی زێرابدا دەسگیر دەکرێ... ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەکان، برای سەرکردە. تۆ لە ڕیخی حوشتر لەدایک بوویت و دەبێ لەناو ڕیخی خۆیشتدا بمریت..."

بانگی یەکێکیانی کرد، "عومەر، وەرە مۆبایلەکەت بێنە و وێنەی ئەم دوا دیمەنە دانسقەیە بگرە.

هەر چەکبەدەست بوون لای دەمی بۆریی تووێلەکەوە کۆ دەبوونەوە و هەر مۆبایل بوو بۆ نەمرکردنی ئەم دیمەنە دەبریسکایەوە.

موقەدەم بەر لەوەی سنووریک بۆ ئەم ئاهەنگگێڕانە دابنێت، ڕێی بە هەندێ لە مۆبایلەکان دا، تیشکەکانیان ئاڕاستەی ناو

تووڵەکە بکەن. پاشان ئاماژەی بۆ کردم کە دوای بکەوم، "وەرە ئێرە، برای سەرکردە. بەوپەڕی شەوقەوە چاوەڕوانم وەها توند باوەشت پیا بکەم، کە میزەکەت لە کونی قنگتەوە بێتە دەرێ."

ئەو قسە ڕەقانەیم لە دەسگیرکردنەکەم پێ ناخۆشتر بوو.

بەرپەرچم دایەوە و وتم، "دە وەرە بمگرە."

"خەمت نەبێت، دێین."

یەکێک لە یاخیبووەکان، کە پاڵێکی پێوە نام تا بە دەمدا بکەوم، وتی، "لەوانەیە چەکی پێبێت."

موقەدەمەکە وتی، "برای سەرکردە پێویستی بەوە نییە چەک هەڵبگرێت، ئەو خوا دەیپارێزێت."

بوو بە پێکەنینی گاڵتەجاڕی، وەک کاردانەوەیەک بۆ چاوقایمییەکەی سەرۆک. ئینجا یەکسەر پێڕێک چەکدار هەڵمەتیان بۆ هێنام و پەلاماریان دام. هەستم کرد، جەستەم خەریکە لەتوپەت دەبێت.

بردمیانە دەرەوەی تووڵەکە. کۆمەڵێک چەکدار دەوریان داوم و نوتقیان نایەت. حەپەساون و بڕوا بەوە ناکەن، کە دەیبینن. زۆربەیان ئەمە یەکەم جار بوو لەنزیکەوە بمبینن. دڵنیام قرخەقرخێک بکەم هەموو ڕادەکەن. زۆربەی ئەوانەی پەلاماریان داوم نەوجەوانن و بەئەستەم باڵایان لە تفەنگەکانیان بەرزترە و بەو جلە سەربازییانەی بەریانەوە مایەی پێکەنینن. هەندێکیان ڕوویانم لێ وەر دەگێڕن، چونکە بەرگەی نیگام ناگرن. هەندێکی تریان ناتوانن بەسەر جووڵە نائیرادییەکانی خۆیاندا زاڵ بن و ئەوە بە دەموچاویانەوە دیارە. کۆمەڵێک لە یاخیبووەکان هەر ئەوەندە بیستیان گیراوم، بەڕاکردن

هاتن و بە ئاسماندا تەقەی خۆشییان دەکرد و هاواریان دەکرد، "ئەللاهو ئەکبەر... مەرگ بۆ دیکتاتۆران... ڕەشەکەی میسراتە..." لە ماوەی خولەکێکدا ژمارەیان لە سەد کەس تێپەڕی کرد. لەدەورم کۆ بوونەوە و پاڵیان بە یەکترەوە دەنا تا بێن و لەنزیکەوە ئەم گیانەوەرە سەیرە ببینن.

پاڵیان پێوە نام و بەناو کیڵگەکاندا ڕایان کێشام. تفیان تێ کردم و بەڵێنی خراپترین شێوەی سزایان پێ دام. تاکێک لە پێڵاوەکان لە پێم دەر چوو و کەوتم بەسەر بەردێکدا و ساتمەم دا. بە قۆناغە تفەنگ لێم دەدەن و پێش خۆیانم دەخەن...

کابرایەکی ناحاڵیی قژبژ لە بەردەممدا قوت بۆوە و یەک زللەی پیا کێشام.

زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و پێم وت، "لێت دەبوورم."

"من لێت نابوورم، هەی شێت. ئەمانەی ئێستا لە دەروبەرتن، کەسیان تیا نییە لێت ببووریت."

ئەوانەی دواوە وتیان، "ئەوە وتی چی؟"

"لێمان دەبووریت."

"ئای کە بێشەرمە، ئێستاش خۆی بە خوا دەزانێ."

هەرچی دەمە کرانەوە و بوو بە جنێوباران و توانج و گاڵتەجاڕی، پاشان وەک ئەوەی ئاگر لە کا بەر بدەیت، لەپڕێکدا قاقای پێکەنینەکان گۆڕان بۆ ژاوەژاو و شێتی و هاواری خواستنی مەرگ بۆ من.

هەزار مەیموونی ئۆقرەلێبڕاو وەکو لێشاوی لیک ڕژانە سەرم. هیچم نەدەبینی، جگە لە دەمی کەفاوی و پڕهاوار و چاوی خوێنتێزاو و ئەو دەستانەی دەیانەوێ وردوخاشم

بکەن. ئەو پیاوانەی ڕاسپێردرابوون بمپارێزن، بێهوودە هەوڵیان دەدا ڕێگە لە هاوڕێکانیان بگرن، لێم نزیک نەبنەوە و دەستم تێوە نەدەن و توند پاڵیان پێوە دەنان. موقەدەم زوو زوو فەرمانی دەدا کە ئەوانە لێم دوور بکەونەوە، بەڵام دۆخەکەی بۆ کۆنترۆڵ نەدەکرا. واوەیلا بۆ ئەوەی لەناو ئەم حەشاماتە هەڵچووەدا قاچی هەڵدەخلیسکێ. هەوڵم دا ڕێک بە ڕێدا بڕۆم و سەر دانەنەوێنم، وەک ڕێزگرتنێک لە شکۆی پلەوپایەکەم، بەڵام دڕکوداڵەکان دەتوت پشکۆن لەژێر پێمدا و ناچار بووم بەبازدانەوە ڕێ بکەم. "ئاوا، دەی کوڕی قەحبە، باز بدە، خەتخەتێن بکە. ئەوە چییەتی؟ ئەمەندە بەسەر فەرشی نەرمدا ڕۆیشتووە، ئەو خاکەی بیر چووەتەوە کە نانی داوە. دەبێ هەردوو گونی ببڕمەوە و بیانخەمە ناو فۆرمۆلدیهایدەوە[1]... هەڵکشان چاوەڕێی چی دەکەین؟ بۆ نەیکوژین؟ هەقە لە جۆگەیەکدا سەری ببڕین... پێویستە بەنزینی بەسەردا بکەین و بیسووتێنین... سەگ... لۆتی... زۆڵی لە قەحبە بوو..." لەناو ئەم وڕێنەیەدا کە گەمارۆی دابووم، جگە لە ڕق و نەفرەت هیچی ترم نەدەبینی. وەک شەپۆلێکی ڕەش، کە سپایی چاوەکان بە کەفێکی کوشندە ڕووی سەرەوەی پۆشیبێت، دەموچاوەکان بەیەکدا دەچوون. عەمامەکەی سەرمیان لێ کردەوە و هەزار دەست کێشایان بە سەرمدا. پانتۆڵەکەمیان دڕی و هەزار پەنجە کران بە کۆممدا و نوقورچیان لە سمتەکانم گرت، تووکی قنگمیان لێ کردەوە، هەزار تفیان لێ کردم، هەزار گەرووی پیس

---

[1] فۆرمۆلدیهاید: یان میسانال، گازێکی بێڕەنگە، زوو لە ئاودا دەتوێتەوە و قابیلی سووتانیشە.

هاواریان دەکرد سەرم بپەڕێنن.

نامەوێ باوەڕ بەوە بکەم کە بەسەرم هاتووە، ئەمە کابووسە، گاڵتەجاڕییەکی بێسنوور و پڕ شوورەییە. هەموو شتەکان وەکو وەهمێک دێنە بەرچاوم. ئەم دەمە پیسانەی لیکیانم بەسەردا دەڕێژن، دەمی مرۆیین؟ ئەم قۆڵانەی دەڵێی مژمژۆکن و لەناو تاریکییەوە هاتوون، چۆن دەتوانن دڕ بەو دارستانە چڕە بدەن کە دەوری داوم؟" ڤان گوخ، لەبەر خۆشەویستیی هونەرەکەت دەر کەوە و خۆتم پیشان بدە تا ڕاچڵەکێم و بێدار ببمەوە. دەمەوێ کۆشکە دڵڕفێنەکەنم بەدەست بێنمەوە، خزمەتکارە زەلیلەکانم، ئەو ژنانەی شەیدام بووبوون..." ڤان گوخ لە هیچ شوێنێکەوە دەر نەکەوت. نا، ئەمە خەون نییە و کابووسەکەم هێندەی ئەو خوێنەی وا بە ناوچەوانمەوە، ڕاستەقینەیە. هەستم بەو قۆناغە تفەنگە نەکرد، کە درا بە سەرمدا. بە هەرحاڵ، وام لێ هاتووە هەست بە هیچ ناکەم. ڕوانینم شێواوە بۆ ئەوەی کە ڕوو دەدات. هەستێکی نامۆ دای گرتووم، کە لە واقیعێکەوە دەچمە ناو واقیعێکی ترەوە، بەبێ ئەوەی نیشانەیەکی ڕێنماییی تیا بێت بۆم. پێدەچێ ئەو بڕە هیرۆیینەی دوێنێ شەو وەرم گرت، ئێستا کاریگەریی خۆی لە سەرم بکات. من لە حاڵەتی هەڵکشاندام[1]، لەسەر دەستی درندەییی میللەتێک بەرز دەبمەوە، کە خۆشم ویست، کەچی ئەو ئامادەیە بە دەستە ڕووتەکانی لەتوپەتم بکات.

قیژە و هاوار دەڵێی ڕەشەبایە و لەناو ناخمدا هەڵی کردووە. وا خەریکم لەهۆش خۆم دەچم. پاشماوەی بەلەمێکی

---

١ هەلکشان: مەبەست لێی وەکو هەلکشانەکەی مەسیحە بۆ ئاسمان.

شکاوم و شەپۆلەکان دەمهێنن و دەمبەن. "با بە پیکابێکەوە بیبەستینەوە و بەسەر جادەکاندا ڕایکێشین، تا گۆشتەکەی لەشی لەسەر قیرەکە دەتوێتەوە." پیامدا دەکێشن و جێیوم پێ دەدەن. خۆمیان لێ ناپارێزم. ڕادەستی جۆرێک لە وڕبوون بووم و خۆم داوەتە دەست چارەنووس، وەکو مەسیح تاجی دڕک بە سەرمەوەیە و دەموچاوم خوێناوییە، ئەو مەسیحەی کە لەژێر باری قورسی خاچەکەیدا، بە زۆر بە ڕێگایەکدا دەیبەن.

ناترسم.

هەست و سۆزەکانم سست و لاواز بوون.

هەستێکی سەیر دای گرتووم، کە وام لە سنووری دەرەوەی شتەکان و تەواوی هەستەکانم لێم جیا بوونەتەوە.

فڕێیان دامە ناو ئوتومبێلێکی بچکۆلەوە، کە هەوڵی دەدا دڕ بە حەشاماتەکە بدات. هۆڕنەکەی وەکو دەنگی سرووش لە ناخمدا دەنگ دەداتەوە. من گۆشت و ئێسقان نیم، من تراجیدیام، من قوربانیی مرۆڤایەتیم. بەزەییم بەم میللەتەدا نایەتەوە، کە بە خەیاڵی خۆیان دوای ئەو ئوتومبێلە کەوتوون، کە بەردو هەڵچوونی حەشاماتێکی تر دەمبات، بەڵام نازانن کە بەردو دۆڕانی خۆیان دەچن.

ئوتومبێلەکە وەستا. کۆمەڵێک چەتە هاتنە بەردەمی و ڕێگاکەیان گرت. شاتاوڵیان بۆ هێنام، پەلاماریان دام و پەلپەلیان کردم، بە چڕنووک کەوتنە جلوبەرگ و پێستی لەشم. یەکێکیان سەرەنێزەیەکی کرد بە کۆممدا. کوشتنی بێدادگایی دەستی پێ کرد، ئەم جارە شتەکان لایەنێکی

جیددییان بەخۆوە گرت. ڕووتم دەکەنەوە، پێستم دەگرووڕن، هەر بەزیندوویی دەمخۆن. بەرەنگاریم نەکرد، لێگەڕام چیم لێ دەکەن بیکەن، بێ ئەوەی بڵێم ئاخ و لێیان بپاڕێمەوە. وەک چۆن شێرێکی پیر کاتێ دەدرێتە دەست کەمتیارەکان، ئیتر تەسلیم بە چارەنووسی خۆی دەبێت، منیش بە خۆڕاگری و شکۆی خۆمەوە تەسلیمیان بووم. خوێن حەڵاڵکردنم گەیشتە ئەوپەڕی، چەند داڵاشێک شەڕ لەسەر جەستەم دەکەن." بیبەن. بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەتاندەمێ. کوتکوتی کەن، بیگرووڕن، چوارپەل و ئەندامەکانم و شانەکانی لەشم بۆ ئێوە، بەڵام ئاوەزم دوای ئێوە بەنەمری دەمێنێتەوە. هاوارەکانی ئێوە بەرز ڕام دەگرن، ئەشکەنجەشم ڕزگاربوونمە". لێدانەکان توندتر بوون و ڕووتوقووت کراومەتەوە، چەند دەستێک دەبرێن بۆ تووکەبەرم و بە چنگ تووکی لێ دەکەنەوە، ئەندامی نێرینەم دەفلیقێننەوە، چڕنووک بە پشتمدا دەهێنن، دەست دەکەن بە کۆممدا. هەست بە هیچ ناکەم، لە دووردەستی جەللادەکان و چڵێسییانم بۆ گۆشتی مرۆیی. لە هەموو ژەهرێک ڕزگارم بووە، نە تووڕەییم تیا ماوە و نە ڕق. ئێستا من ئەو ئاوەزەم، کە نە گومان دەکات و نە هیچی بەلاوە سەیرە، ناشوروژێم، لەبەر ئەوەی تووڕەبوون دان نانە بە لاوازیدا. ئەوە چ خواوەندێکە لە بەردەم حەماقەتی مرۆڤدا بنووشتێتەوە؟ من قۆناغی مرۆڤم جێ هێشتووە، ئەم بوونەوەرە فانییەی تێکەڵەیەکە لە هەڵە و لەخۆباییبوون. هەر وەکو بوخچەیەک لەشی خۆمیان دەدەمێ، تا بەدبەختییەکانی خۆیانی تیا بپێچنەوە. منیش دوای ئەوەی لە ترس و

گوشار ڕزگارم دەبێت، ئامادە دەبم بۆ فڕین بەرەو ئاسمانە جاویدانەکان. گوناهەکانیشم کە بە خوێنم شۆردراونەتەوە، لەگەڵ دواهەناسەمدا پاک دەبنەوە، لەبەر ئەوەی من وەکو شەهیدێک دەمرم، تا وەکو ئەفسانەیەک بمێنمەوە. من چیی تر سەرۆک نیم، من پێغەمبەرم، کەوتنم دەبێتەوە بەو پەیینەی خۆم، کە لە ڕۆژگارانی ئایندەدا و لەسەر کەژوکێوەکان، تێیدا دەڕوێمەوە.

لە کاتێکدا سەرم هەڵبڕی، لەپڕێکدا و لە ناوجەرگەی گەردەلوولەکەدا، لەسەروو ئەو دەمامکە قێزەونانەوەی کە لیکیانم بەسەردا دەڕژا، ئاسمانم بەدی کرد. چاوترووکانێک و هیچی تر، وا هاتە بەرچاوم مانگە چواردەکەم جێی خۆری گرتبێتەوە. لە دوالەرزینمدا، ئەو نزایەم کرد کە لەو کاتەدا بە زەینمدا هات،"خودایا، وەک چۆن من خۆم لە گوناهەکانیان خۆش بووم، تۆش لێیان خۆش بە، چونکە نازانن چی دەکەن[1]..."

وا فیشەکێک لێم نزیک بۆوە. بەرەو من دێت، فیشەکی ڕەحمەتە. خوا بڕیاری دا گوێ لە ئازارەکانم بگرێت. من دەزانم ئەو دەسبەرداری من نابێت، خوا دەسبەرداری ئەو کەسانە نابێت، کە خۆی هەڵیان دەبژێرێت: کۆتاییان دەکات بە سەرەتای ئیمانێکی تر و ئازاریشیان دەکات بە تاقیکردنەوە بۆ بەرەوژوور هەڵکشان...

بەهێواشی کەوتمە سەر ئەرز، لە پێوەندەکانم ڕزگارم

---

١ خودایا: دیسانەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ قسەکەی مەسیح، "خودایا! لێیان خۆش بە، لەبەر ئەوەی ئەوان نازانن چی دەکەن."

بوو، باری شانم لە خراپەکانم سووک بوو، لە ئازاری ویژدانم ئازاد بووم. سەرلەنوێ لەگەڵ برینەکانمدا لەدایک دەبمەوە، بوونەوەرێکی پاک و سپی وەک ئەو ڕۆحەی تازە لە ڕەحمی دایکی دێتە دەرێ.

وردەوردە هاوار و دەنگەکان کپ دەبوون، ئینجا دەموچاوەکان و پاشانیش ڕووناکیی ڕۆژ. من وا دەمرم، بەڵام ئاسەوارم دەمێنێتەوە، چونکە مۆری خۆم لە ویژدانەکان داوە. من نەزرم کردووە، کە لە یادی میللەتەکاندا بژیم و بەسەر ئەو ژیانانەدا بخلیسکێم، کە بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو ناکۆتا دەچن و شەقڵی یادەوەریی خۆمیان پێ ببەخشم، تا مێژوو جاویدانم بکات. ئاخم بۆ هەڵدەکێشن و بەحەسرەتمەوە دەبن و لە قوتابخانەکاندا هاواری ستایشم دەکەنەوە و ناوم لەسەر مەڕمەڕی مۆنۆمێنتەکان هەڵدەکەنن و لە مزگەوتەکاندا بەپیرۆزی ناوم دەهێنن. ئەفسانەکەم دەبێتە مایەی سرووش بۆ شاعیران و شانۆنووسان و نیگارکێشەکان، دیواربەندی گەورەتر لە ئاسۆم بۆ دیاری دەکەن. لە کاتی تۆبەکردن و پەشیمانبوونەوەیاندا بۆم دەلاوێنەوە و بەرز ڕام دەگرن، بە شێوەیەک کە شاییستە بێت بە سەرکردە دەگمەنەکان، چەند یاریدەدەرم هەبوون، ئەودندە قدیسم دەبێت. ئەرکەکەم کۆتاییی هات. چوومە بەری ئەوبەری شتەکان و بوونەوەرەکانەوە، لەوێ کە نە چەپەلکردن هەیە و نە سووکایەتیپێکردن، هیچ ململانێیەک نییە وام لێ بکات باوەڕ بەوە بێنم، کە خۆشەویستیی میللەتێک پەیمانێکی ڕاستەقینەیە...

ڕۆحم لە جەستەم هەڵدەکەنرێ.

بەسەر خۆڵ و تەپوتۆزەکەدا دەفڕم، ئەمبولانسەکە دەبینم چۆن بەناو حەشاماتەکاندا دڕ بە ڕێگاکە دەدات، تا بمگەیەنێتە چ سێرکێکی ترسناک، نازانم. یاخیبووەکان بەو بۆنە قێزەونەیانەوە ئاهەنگ دەگێڕن، هەندێکیان پارچەیەک لە جلوبەرگە خوێناوییەکەمیان بە دەستەوەیە و وەکو خەڵاتی ڕێزلێنان بەرزی دەکەنەوە. شوێنەواری تایەکان لەسەر قیرتاوی جادەکە دەبینم، ئەو تفەنگانەی لە بەر تیشکی خۆرەکە دەبریسکێنەوە، ئەو ئاڵا خائینانەی لە بەر بادا دەشەکێنەوە، بەڵام نە دەنگی هاواری شادی و نە دەنگی ئەو ڕەشاشانە دەبیستم، کە تەقەی خۆشی بە ئاسماندا دەکەن.

هەموو شتەکان دەبینم؛ ئارەقەی سەر دەموچاوە گرژەکان، نیگا شپرزەکان، دەمە کەفکردووەکان، ئەو جەماوەرەی بەدڵگەرمییەوە پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن، ئەو هەڵەپاسانەی بە مۆبایلەکانیان ساتی هەموو هەرەسەکانیان نەمر دەکرد، بەڵام من هیچ نابیستم، تەنانەت ئەو هەناسە گەردوونییەی کە هەڵیشم دەمژێت.

ئەوەتانێ، ئەوە دایکمە لەناو سەرابێکەوە بانگم دەکات. لە قووڵاییی فەززانەوە، کە بیابان ماندووی کردووە، دەنگیم پێ دەگات. ئەوەتانێ لە داخی سەرکێشییەکانی کوڕە سەردڕۆکەی، هەردوو دەستی توند ناوە بە لاجانگەکانیەوە، "تۆ تەنها بە یەک گوێ دەبیستیت، ئەو گوێیەی بە دڵەوە قسەی ئەهریمەنەکانی پێ دەبیستیت، بەڵام ئەو گوێیەی ترت بە ڕووی ئەقڵدا کەڕ دەکەیت..." بەتەنها لەو چرکەساتەدا،

ئەو چرکەساتەی کە خەریک بوو تێیدا ڕۆحم لەناو گێژەنی عەدەمدا دەتووایەوە، لەوە تێگەیشتم کە ڤان گوخی ئەهریمەن، ئەو گوێ بڕاوە، بۆچی بەتۆپزی خۆی خزاندە ناو خەون و شێتییەکانمەوە.

بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو.

٢٠١٦/١١/١٠

کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لە دیدی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە (چ٢) -فەرهاد پیربال
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ٢) -فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٥. نەتەوەی زیرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کورد(چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی...-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیریەت و باتینیەت و...-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان (چ٢)-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات-ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسێن حوسێنی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال-ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەلات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئیستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شووناس و ئاڵوزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەلە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداغی
٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و...-گۆران ئیبراهیم سالح
٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمەغەریب
٢٩.گەشەسەندنی ڕامیاری...-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٣)-جەمال ڕەشید و فەوزیە ڕەشید-و. ملکو کەلاری
٣١. منداڵانی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی یاخی (چ٢)-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی...-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢) فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا ڕەشید کەریم
٣٦. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد

٣٧. شاری سلیمانی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨-١٧ی تەمووزی ١٩٦٨)-هەورامان جەوهەر مەجید
٣٨. فیک و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتیب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم توبین-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ڕیمارک-و. کەریم پەرەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتو مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕوخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕووناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەلا (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پیێر لاگەرگفیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جۆرج ئۆرویل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستاندال-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئیوارستان-پیێر لاگەرگفیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی مۆراکامی-و. تارا شێخ عوسمان
٦٠. ئیواردی پەروانە (چ٧)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان(چ٤)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنووس و باغەکانی خەیال (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتیی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دوامەمین هەناری دونیا (چ٧)-بەختیار عەلی
٧٠. ئیمەی پەنابەر-کۆمەڵێک نووسەر
٧١. گردوی بەختە هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عیراقییەک لە پاریس-ساموئیل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ٥)-یۆستاین گاردەر و ئۆتە بیوهمە-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقال (چ٧)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا. لە نهێنییەکدا (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن

٧٧. نهینیی باریی کاغەز (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلوپیدیایەکی میژوویی وینەدار-کۆمەڵی نووسەر-و. هەوراسان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک ڕووبارە بەخورەکە-پاولۆ کوئیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆ کوئیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٨٣. سیشەممان لەگەڵ مۆری (چ٣)-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژەیی
٨٤. دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و..-لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
٨٥. ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆلتیر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زیبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دڵاوەر قەرەداغی
٩٠. وڕینە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساجە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهیلم ڕایش-و. خەبات عارف
٩٣. ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێڕەرەوەکە-هێرنان ڕیڤێرا لیتیلییر-و. عەتا محەمەد
٩٥. باوکی ئەو (چ٢) پەرینووش سەنیعی-و. ڕووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولۆ کوئیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٧. کیمیاگەر (چ٤)-پاولۆ کوئیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٩٨. ڕۆژهەڵاتی عەدەن، ڕۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. ڕۆژژمێری کێژۆلەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی ڕۆمان-د. هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. نەفردت لە دوستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق ڕەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گۆرگیاس (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتۆس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لەخاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دڵاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سەگوەڕ (چ٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١١)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فیرینک گویندوێر-و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تۆلە (چ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سلاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١١٥. هیچ (چ٢)-کۆچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال (چ٢)-بەختیار عەلی
١١٧. ئیمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتوسکا-و. دڵاوەر قەرەداغی

١١٨. بە ناوی ژیانەوە (چ٥)-ئەریک فرۆم-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. لەودیو هەستەکانەوە-ڤینسینت ڕایان ڕۆگیرۆ-و. هەریم هادی
١٢٠. کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان أ. یاسین
١٢١. دڵڕەقی و بێمالی-مەریوان وریا قانع
١٢٢. دزێکی ڕاستگۆ-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٣. تیمساح-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٤. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١٢٦. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د. کەساس جەباری
١٢٧. دواپین ڕۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٨. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٩. ئاگرەکەم مەسرنەوە-ئازاد سوبحی
١٣٠. تامیتامی-ئەنتوان چیخۆف-و. دلاوەر قەرەداغی
١٣١. کۆلۆنیل-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان
١٣٤. قەمووڕەکەی نۆتر دام-ڤیکتۆر هیگۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٣٥. بەدوای عەشقا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٦. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و. حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و. حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی بێنەوایان-و. حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و. حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دۆن کیشۆت-و. حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی دیکامیرۆن-و. حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی فاوست-و. حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کاندید-و. حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٦. دەربارەی هاملیت-و. حەمەکەریم عارف
١٤٧. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٨. جوانییەکانی نارێکی-بەختیار عەلی
١٤٩. ڕەخنە لە ئەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٥٠. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥١. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥٢. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٢) بەختیار عەلی
١٥٣. قەلەندەر و قەلا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئاوریشم (چ٣)-ئەلیساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٥. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نوفێچینتوی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلیساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٦. کوشتنی باڵندەی لاسایبکەرەوە-هارپەر لی-و. لونا دلشاد مەریوانی
١٥٧. شەوگەڕەکان-میران ئەبراهام
١٥٨. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران

١٥٩. نامەکانی فیرناندۆ-ئەژین عەبدولخالق
١٦٠. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦١. ڕۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم دەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦٢. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. مارتن لوتەر-د. هاشم سالح-و. شوان ئەحمەد
١٦٤. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٦٥. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یوسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٦. هانی سالح، ئەوە چاوم و پێی بڕوانە-یاشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٧. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیری (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٧١. یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکوکی-شێرکۆ بێکەس
١٧٢. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و. شوان ئەحمەد
١٧٣. پارادۆکسی نووسین (چ٢)-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
١٧٤. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و. ئازاد بەرزنجی
١٧٥. ئامۆ-ئەلبێر کامۆ-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٦. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میل-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٧٧. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو-نیکۆلاس سپارکس-و. بەرزان عوسمان
١٧٨. دابڕانی نیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا (چ٢)-د. هاشم سالح-و. شوان ئەحمەد
١٧٩. لە قووڵاییی سیاسەتدا-د. بورهان أ. یاسین
١٨٠. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە!-نیلس هاو-و. ئالان پەری
١٨١. حەللاج-عەباس ئەرنائوت-و. ئازاد بەرزنجی
١٨٢. پاسە شینەکە-هیوا قادر
١٨٣. وەهمێک-ڕیچارد داوکینز-و. نوری کەریم
١٨٤. ڕێگە-نەجیب مەحفوز-و. کارزان عەلی
١٨٥. نوختەی نوونەکەی ژیان-فەرهاد شاکەلی
١٨٦. کۆشکی بۆق (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٨٧. زۆر تایبەت-عەباس مەعروفی-و. فیدا قادری
١٨٨. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٩. گیلاسی خوێن (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٠. گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩١. فەرەدست (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٢. خواجە نەسرەدین، کە لەپیناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٣. تیۆریی ئەدەبی-تیری ئیگلتن-و. عەتا قەرەداغی
١٩٤. ماڵی بیدەنگ-ئورهان پاموک-و. سامان کەریم
١٩٥. چیرۆکەکانی کریسمس-پاولو کوئیلو-و. سیروان مەحمود
١٩٦. بەکولتوورکردنی خوێندنەوە-محەمەد فەریق حەسەن
١٩٧. کەوتنی ئاسمانەکان-جەبار جەمال غەریب
١٩٨. پەیمانی کۆمەڵایەتی-جان جاک ڕۆسۆ-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٩٩. سەد ساڵ تەنیایی-گابریل گارسیا مارکیز-و. ئەحمەدی مەلا

٢٠٠. شەقامی دوکانە تاریکەکان-پاتریک مۆدیانۆ-و. بەیان سەلمان
٢٠١. مرۆڤ و کەرامەت-مەریوان وریا قانع
٢٠٢. ژیان و بەرهەمەکانی سادق هیدایەت-حەسەن قائمیان-و. فەرشید شەریفی
٢٠٣. ئایین و مەعنەوییەت-موستەفا مەلەکیان-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٠٤. کەشتیی فیکر و دەریای مەعنەوییەت-تەحسین حەمەغەریب (ئەندیشەی ئایین)
٢٠٥. پیپ گواردیۆلا (ج٢)-گایلوم بالاگی-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٠٦. پەرەسەندنی فیزیا-ئالبیرت ئاینیشتاین و لیۆپۆلد ئینفلد-و. حوسین حوسینی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٧. تیۆریی ڕیژەیی چییە؟-لانداو، ڕومەر-و. حوسین حوسینی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٨. ئالبیرت ئاینیشتاین-جینیفیر جولیەن ئاندرسن-و. حوسین حوسینی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٩. عەلائەدین-کارین کرییدەر-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٠. دەمبۆ-والت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١١. سێ ورچەکە-ڕۆب هیفیران-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٢. سیمبا-جەستین کۆرمان-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٣. سێ بەرازە بچکۆلەکە-والت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٤. تەنز-سلاڤومێر مرۆژیک-و. خەبات عارف
٢١٥. پاپالانگی: پیاوە سپییەکە-ئیریش شیۆرمان-و. خەبات عارف
٢١٦. ئەو پینج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژەیی
٢١٧. تەنیا یەک ڕۆژی تر-میچ ئەلبوم-و. لۆنا دڵشاد مەریوانی
٢١٨. نایادەوەری-ئەندرێ مالرۆ-و. دلاوەر قەرەداغی
٢١٩. گەشتێک بە ڕۆحی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا-هەورامان ئەنوەر
٢٢٠. کلیلەکەی سارا-تاتیانا دی ڕۆزنێ-و. هەوار جەوهەر و جەوهەر مەحمود داراغا
٢٢١. لیکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای ئیسلام-د. عەلی شەریعەتی-و. دانا مەلا حەسەن
٢٢٢. هێزی ئەدەب-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
٢٢٣. عیرفان، باغێک لە حەقیقەت-موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٤. عیشق گەورەتر لە عیشق-موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٥. مرۆڤی خودا ڕەنگ-سەلمان نادر (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٦. ستیڤن هۆوکینگ-کارین لاتچانا کینی-و. حوسین حوسینی (ئەندیشەی زانست)
٢٢٧. دەروازەیەک بۆ زانستی نانۆ و تەکنەلۆجیای نانۆ-د. خالید محەمەدعومەر (ئەندیشەی زانست)
٢٢٨. تیۆرییەک بۆ هەموو شت-ستیڤن هۆوکینگ-و. حوسین حوسینی (ئەندیشەی زانست)
٢٢٩. زدویناسی و کۆمەڵ-د. ئیبراهیم محەمەد جەزا محیدین (ئەندیشەی زانست)
٢٣٠. گەشتەکات بە زمانی سادە-ماری و جۆن گریبین-و. زەردەشت نورەدین (ئەندیشەی زانست)
٢٣١. من زلاتانم-دەیڤد لاگیر کرانتز-و. مەسعوود حەسەن (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٢. هەڕەمی هەلکەڕاوە-جوناسان ویلسن-و. کامەران پالانی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٣. خورخی مینديس-میگیل کوستا و جوناسان سانچیز-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٤. من ترس ڕۆحی سمیوم-محەمەد ماغوت-و. شوان ئەحمەد
٢٣٥. ئەفسوونی ئەدەب-نزار ئاگری-و. شوان ئەحمەد
٢٣٦. میرۆکە-ئەنتوان دو سانت ئیگزیوپیری-و. لیۆن کارین

٢٣٧. ژنی لە بەردەم وەرزێکی ساردا (چ٤)-فروغ فەروخزاد-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٨. عاشق هەمیشە تەنیایە (چ٤)-سوهراب سپەری-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٩. مێردی هەمیشەیی-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
٢٤٠. قومارچی (چ٢)-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٤١. مەرگی مەیموون-ماردین ئیبراهیم
٢٤٢. تاقگەی وشە و هەڵوێست (نامەکانی شیرکۆ بێکەس)-ئا. کامەران سوبحان
٢٤٣. دیوانی موفتی پێنجوێنی-مەلا عەبدوڵلای تووتنچی-ئا. ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵلا کەریم
٢٤٤. دەروازەیەک بۆ ناساندنی فەلسەفەی دین-تەحسین حەمەغەریب (ئەندێشەی ئایین)
٢٤٥. ڕۆژ و شەوی یوسف-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. بەرزان محەمەد
٢٤٦. بومەلەرزەکان-جانیس ڤانکلیف-و. هێمن حوسێن (ئەندێشەی زانست)
٢٤٧. لاپەڕەکانی ژیانم-د. نەوال سەعداوی-و. جیڤارا کەمال
٢٤٨. نامەی منالان بۆ خوا-ئا. ستوارت هامپل و ئیریک مارشال-و. ئازاد بەرزنجی
٢٤٩. فریو و خۆحەشاردان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٠. تارژەنی ڕەنگ (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥١. زارەکانی خەون (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٢. پاشماوەی خێڵەکان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٣. ڕۆمانتووسی سادە و ڕۆمانتووسی بیرکەرەوە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٤. قەڵای سپی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٥. ژیانی من-سێر ئالێکس فێرگسۆن-و. ڕێبوار محەمەد (ئەندێشەی وەرزش)
٢٥٦. ئایینناسیی مەولانا-د. عەبدولکەریم سرووش-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٥٧. ئەژدیهاکانی عەدەن-کارل ساگان-و. ڕۆژگار حەمید (ئەندێشەی زانست)
٢٥٨. نامە بۆ کچەکەم-تیۆدۆر کالیفاتیدێس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٥٩. خەونی مشکەکان و پیاوەکان-جۆن شتاینبێک-و. شێنی بۆسکانی
٢٦٠. لولیتا (چ٢)-فلادیمێر نابۆکوڤ-و. توانا حەمەنووری
٢٦١. من ناوم سوورە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٢. ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی-د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن-و. دانا مەلا حەسەن
٢٦٣. جۆناسانی نەورەس (چ٣)-ڕیچارد باخ-و. ئازاد بەرزنجی
٢٦٤. پیاوێکی بێچارەنووس-ئیمرە کیرتێز-و. ڕووناک شوانی
٢٦٥. بەفر (چ٣)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٦. ژنە قژسوورەکە-ئۆرهان پاموک-و. سامان کەریم
٢٦٧. ژنێک بۆ خۆشویستن (چ٢)-تیۆدۆر کالیفاتیدێس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٦٨. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٩. گەڕانەوەی زەردەشت-ئەحمەدی مەلا
٢٧٠. پاسەوانانی خودا (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٧١. تاکسی (چ٢)-خالد ئەلخەمیسی-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٢. هەرەسی ژێرخانێک-نەوزەت شەمدین-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٣. لە دێرسیم مردم-مەحمود نەجمەدین
٢٧٤. سوبارتۆ-حەلیم یوسف-و. وریا غەفوری
٢٧٥. پادشای ئەنگوستیلەکان (هوبیت)-جۆن ڕۆنالد ڕوێل تولکین-و. بەرزان عوسمان
٢٧٦. دوو شابالی نوورینی شار-تەحسین حەمەغەریب

٢٧٧. جیهانی میشیل فوکو (چ٢)-کۆمەڵێک نووسەر-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
٢٧٨. مێژووی سێکسوالیتە-میشیل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٧٩. داروین و ڕەچەڵەکی مرۆڤ (چ٢)-گۆران ئیبراهیم
٢٨٠. وشەکان و شتەکان-میشیل فوکۆ-و. ئارام ئەمین شوانی
٢٨١. زیندەبەگۆڕ-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨٢. حاجی ئاغا-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨٣. سوالکەرەکە-نەجیب مەحفووز-و. توانا حەمەنووری
٢٨٤. سەوزێکی کاڵ بوو دەباری-خەبات عارف
٢٨٥. کۆتەڵی ڕۆژ-کازۆ ئیشیجۆرۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٦. ئرکەی چیاکە-یاسۆناری کاواباتا-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٧. ئەخلاق و بەرگری-مەریوان وریا قانع
٢٨٨. مێژووی سێکسوالیتە (١): ویستی دانایی-میشیل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٨٩. مێژووی سێکسوالیتە (٢): بەکارهێنانی چێژەکان-میشیل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٩٠. مێژووی سێکسوالیتە (٣): خەمی خود-میشیل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٩١. تریزا باتیستا-جۆرج ئەمادۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٩٢. دواهەمین شەوی سەرۆک-یاسمینە خەزرا-و. ئازاد بەرزنجی

ENDÉŞE

ئەم ڕۆمانە باس لە دواهەمین شەوی سەرۆکی پێشووی لیبیا، موعەممەر قەزافی دەکات. ڕۆمانێکی نایابە کە چارەنووسی دیکتاتورەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.
ڕۆمانووس، ڕۆمانەکە لە زمانی خودی قەزافییەوە دەگێڕێتەوە. لەم دواییە شەوەدا قەزافی باسی منداڵی و گەنجی و گەورەیی و سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆی دەکات. هەندێک جار لەگەڵ هەندێک لە کارەکتەرەکانی دەوروبەری و هەندێک جار لەگەڵ خۆیدا. قەزافی تا دواچرکەی ژیانیشی هەر لەو بڕوایەدابوو کە ئەو لەسەر حەقە و میللەتەکەی ڕەشوڕووت و ئاژاوەچی بوون. قەزافی لەم ڕۆمانەدا باسی دواییە چرکەکانی ژیانی خۆیشی دەکات.
بەدڵنیاییەوە ئەمەش یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی کە خوێندنەوەی بۆ زانینی چارەنووسی سەرکردە میللەتکوژەکان پێویستە.

ENDESE

٦٠٠٠ دینار